# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٢٨)- (٢)ی ئەیلوولی ٢٠٢٤

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

# هەمواركردنی یاسای باری كەسیی عێراق و ئاكامەكانی



**عەلی مگدام:**

هەمواركردنی یاسای باری كەسی واتە بەئیسلامیكردنی كۆمەڵگە، بەشیعەكردنی دەوڵەت و بردنی دەسەڵات بەرەو تاكڕەوی



**د.بەشیر حەداد:**

پێشنیاری هەمواركردنەوەی یاسای باری كەسیی عێراق لە ناو كۆبوونەوەی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بە شێوەیەكی سیاسیی تەبەننی كراوە



**بەهار عەلی:**

گوناهی من یان گوناهی كچەكەی من چییە لە عێراقدا بژی و چارەنووسی ببێتە قوربانیی ئەو ئەقڵییەتەی كە لە كوردستاندا پەسەند نییە و ڕەت دەكرێتەوە



**د.رازاو مەحمود:**

مەزهەبی جەعفەری تەمەنی هاوسەرگیریی بۆ كچان بە نۆ ساڵ و بۆ كوڕان بە ١٥ ساڵ دیاری كردووە، بەڵام بە یاسا دەبێت ١٨ ساڵی تەواو كردبێت



# سەردانی سەرۆک بووش بۆ بنکەی سەربازیی عەین ئەسەد لە ١١ی ئابی ٢٠٠٧

١٢٩




بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حزب و لایەن و کەسایەتییە عێراقییەکان و لێک نزیککردنەوەی بۆچوونی لایەنە سیاسییەکان، ڕۆژی ١١ی ئابی ٢٠٠٧ سەردانی بەغدامان کرد، دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆبوونەوە و دیدار لەگەڵ لایەنەکان و بینینی کەسایەتییەکان دوو هەنگاوی گرنگ و گەورە نران کە بریتی بوون لە یەکەم: ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی چوارقۆڵیی نێوان پارتی و یەکێتی و ئەنجومەنی باڵا و حزبی دعوە و، دووەمیش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی پێنجقۆڵی نێوان پارتی و یەکێتی و ئەنجومەنی باڵا و حزبی دعوە و حوبی ئیسلامی.
بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە بووە جێی خۆشحاڵی سەرۆک بووش و ئەمەریکییەکان بەگەرمی پێشوازییان لێ کرد و بەهەنگاوێکی گرنگ و کاریگەریان لە قەڵەم دا. ڕۆژی ٢٧ی ئابی ٢٠٠٧ سەرۆک بووش تەلەفۆنی بۆ کردم و دەستخۆشی و سوپاسی کردم بۆ بڵاوکردنەوە بەیاننامەکە، هەر هەمان ڕۆژیش دوای ئیمزاکردنی چەندان ڕێککەوتننامە گەڕاینەوە کوردستان.
ڕۆژی ٣١ی ئابی ٢٠٠٧، ڕایان کرۆکەر، باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی، لە سێی ئەیلوولدا گەورەبەرپرسێکی ئەمەریکا سەردانی عێراق دەکات و حەز دەکات تۆ ببینێت. هەمان کات زانیم کە بەرپرسەکە دەبێ سەرۆک بووش بێت. لە بەشێکی تری پەیوەندییەکەیدا بە ناوی دەوڵەتی ئەمەریکا دەستخۆشی و سوپاسی کردم بۆ هەوڵ و کاریگەری و ڕۆڵەکەمان لە لێک نزیککردنەوەی لایەنەکان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە پێنجقۆڵییەکە (بەیاننامەی النوایا).
ڕۆژی ٣ی ئەیلوولی ٢٠٠٧، لەلایەن کاربەدەستانی ئەمەریکاوە ئاگادار کرامەوە کە سەرۆک بووش سەردانی بنکەی سەربازیی عەین ئەسەد و داوای دیدار و چاوپێکەوتنی سەرکردە عێراقییەکانی کردووە و داوای چاوپێکەوتن و دیداری منیشی کردووە، ئەوە بوو دوو هەلیکۆپتەری ئەمەریکی هاتن و کاتژمێر چواری ئێوارە بەرەو شوێنی مەبەست بەڕێ کەوتین. دکتۆر ڕۆژم لەگەڵ بوو و فەلاح مستەفاش وەک وەرگێڕ هاتبوو.
بۆ کاتژمێر شەش و سی خولەک گەیشتینە شوێنی مەبەست، بەڵام ئەوانەی بەغدا هێشتا نەگەیشتبوون، ئەوە دەرفەتێکی زۆر باش بوو، لەگەڵ سەرۆک بووش گفتوگۆیەکی ورد لەسەر هەموو بابەتەکان کرا، بووش زۆر خۆمانە بوو، هەروەها زۆر ڕازی بوو لە کاریگەری و ڕۆڵمان لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراق و لێک نزیککردنەوەی لایەنەکان.



بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

**هەمواركردنی یاسای باری كەسیی عێراق و ئاكامەكانی**

# هەمواركردنی یاسای باری كەسی واتە بەئیسلامیكردنی كۆمەڵگە، بەشیعەكردنی دەوڵەت و بردنی دەسەڵات بەرەو تاكڕەوی

گوناهی من یان گوناهی كچەكەی من چییە لە عێراقدا بژی و چارەنووسی ببێتە قوربانیی ئەو ئەقلییەتەی كە لە كوردستاندا پەسەند نییە و ڕەت دەكرێتەوە

پێشنیاری هەمواركردنەوەی یاسای باری كەسیی عێراق لە ناو كۆبوونەوەی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بە شێوەیەكی سیاسیی تەبەننی كراوە

مەزهەبی جەعفەری تەمەنی هاوسەرگیریی بۆ كچان بە نۆ ساڵ و بۆ كوڕان بە ١٥ ساڵ دیاری كردووە، بەڵام بە یاسا دەبێت ١٨ ساڵی تەواو كردبێت




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوكەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سكرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**كارزان كانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری كارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**كەمال ئاكرەیی**
**هاوكار ڕەحمان**

**بۆ ڕیكلام كردن پەیوەندی بكە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆكسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناكی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

# مافی ئافرەت

## پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنی کۆمەڵگە

لە بیستەمین کۆبوونەوەی «بازنەی گفتوگۆ»دا، دوای هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی چەندین پرسی گرنگ و هەستیاری تایبەت بە خەڵك و نیشتمان، بڕیار درا گفتوگۆی ئەم جارە تەرخان بکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئێستای کۆمەڵگەی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە ئاماری دادگاکان لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی جیابوونەوە و تەڵاق زەنگێکی مەترسیدار لێ دەدەن و، خەریکە دەگاتە ئەو ئاستەی ڕێژەی جیابوونەوە لەگەڵ ڕێژەی هاوسەرگیری لە یەکتری نزیك دەبنەوە، کە ئەمەش بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبات کە شیرازەی خێران لەبەریەك هەڵبوەشێت و، ئاشتیی کۆمەڵایەتی بکەوێتە مەترسییەوە.

فاکتەری سەرەکی و هاندەر بۆ ئەم گفتوگۆیە، ئەو بارودۆخەیە کە ئێستا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق دروست بووە و، پێشنیارێکە لایەنە سیاسییەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ هەموارکردنەوەی دوو ماددەی ئەو یاسایە پێشکەشیان کردووە و لە ناو پەرلەمانی عێراقدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەمەش بەو مانایەی پاش ئەوەی خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەی هەموارکردنەکە دەکرێت، هیچ دوور نییە بخرێتە دەنگدانەوە و بە زۆرینە تێپەڕێندرێت.

بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە هەستیارە، بڕیاردرا نوێنەری هەموو لایەنە پەیوەندارەکان بە «دژ و لایەنگیر»وە هەر لە عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە، هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان و عێراق، لە پلاتفۆرمی کراوەی بازنەی گفتوگۆدا کۆ بکەینەوە، بۆ ئەوەی دید و بۆچوونە جیاوازەکانی ئەو خەڵکانەی لایەنگیری هەموارکردنەوەی یاساکەن و ئەوانیشی دژن، ڕووبەڕوو لەسەر ئەم پرسە هەستیارە قسە بکەن.

بۆ ماوەی زیاتر لە سێ کاتژمێر بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر ئەم پرسە، گفتوگۆی زۆر ڕاشکاوانەیان کرد، تەواوی قسەکانی بەشداربوانی ئەم گفتوگۆیە «دوای خۆیان قسەکانی خۆیان بینیوەتەوە» لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵاندا وەك خۆی بڵاو کراوەتەوە، هەڵسەنگاندنی گفتوگۆکە بۆ خوێنەران بەجێ دەهێڵم با ئەوان بڕیاری خۆیان بدەن، بەڵام لەسەر چەند خاڵێك هەڵوەستە دەکەم کە ژینگەی کۆبۆنەوەکە چەند شتێکی تازەی پێگوتین، کە لێرەدا بە کورتی هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین:

- برایانی عەرەبی شیعە کە لایەنگری پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاساکەن و لە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە نزیکن، پێیان گوتین شەڕ کردن لەسەر «هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق»، شەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، بەڵام جوامێرانە بەشداربووانی گفتوگۆ بە «کورد و سوننە و شیعەوە» ئەو بۆچوونەیان ڕەت کردەوە و گوتیان خەباتی ڕاستەقینەی هەموو هێزە دیموکراتی و ئازایخوازەکانی عێراق لە پێناوی پاراستی «ماف و کەرامەتی مرۆڤ، ماف و کەرامەتی ئافرەت، مافی منداڵ و پاراستنی خێزان»ـە سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەم دەستپێشخەرییە گەورەیەی کردووە و نوێنەری هەموو عێراقییەکانی لە پلاتفۆرمێکی کراوەدا کۆ کردووەتەوە، بۆ ئەوەی ئازادانە «لایەنگیر و دژ»



## د.سالار عوسمان
بەرپرسی بەشی رۆشنبیری و
راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

قسەی خۆیان لەسەر ئەم پرسە هەستیارە بکەن.

• لەم گفتوگۆیەدا لەبری ئەوەی عێراق وەك دەوڵەت بە دەوڵەتانی پێشکەوتوویی رۆژئاوا بەراورد بکرێت «کە پێشان وا باو بوو»، ئەم جارەیان بە هەرێمی کوردستان بەراورد کرا، نوێنەرانی رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان کە لە گفتوگۆکەدا بەشدار بوون، دەیانگوت کاتێك رەوشی ژنانی عێراق بە رەوشی ژنانی کوردستان بەراورد دەکەین، وەك ئەوەیە باسی مەریخ و زەوی بکەین، ئێمە بە هەموارکردنەوەی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای باری کەسیی کوردستان نارازی بووین کە فرەژنیی نەهێشت و تەمەنی هاوسەرگیریی کچانی بەرزکردەوە بۆ سەرووی ١٨، بەڵام ئێستا لە ساڵی ٢٠٢٤ لە ناو پەرلەمانی عێراقدا دەیانەوێت یاسایەك تێپەڕێنرێت کە شەرعییەت دەدات بە هاوسەرگیریی کچ لە نۆ ساڵیدا، تەواوی گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکان وەردەگرێتەوە و تەسلیمی ئەو مەدەونەی وەقفی سوننی و شیعی دەکات کە لە ئێستادا نییە و نازانرێت لە داهاتوودا چۆن دەنووسرێتەوە.

• ئەوانەی دژی هەموارکردنەوەی «یاسای باری کەسیی عێراق، یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩» بوون، بەرگری لە یاساکە ناکەن وەك ئەوەی یاسایەکی زۆر باش بێت و تەواوی مافەکانی «مرۆڤ، ئافرەت، منداڵ، خێزان»ی پاراستبێت، بە پێچەوانەوە ئەم یاسایەش یاسایەکی باش نییە و لە ساڵی ٢٠٠٨ لە پەرلەمانی کوردستان هەموار کراوەتەوە، بەڵکو ترسی عێراقییەکان لە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە ئەوەیە کە ئەم هەموارکردنەوەیە دەمانباتەوە بۆ مامەڵەکردن بە فیقهی مەزهەبییەت، کە داوا دەکات نابێت تەمەنی هاوسەرگیریی کچان لە نۆ ساڵ کەمتر بێت، کە ئەمەش فیقهی جەعفەرییە و لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا، واتە بەر لە ١٤٠٠ ساڵ لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا کاروباری کەسی و خێزانیی رێك خستووە.

لە دوماهیی ئەم پەیڤە کورتەدا دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆ دەکەم کە ئەم پرسە هەستیارەی هەڵبژارد بۆ گفتوگۆ، ئەم پرسە پەیوەندیدارە بە پاراستنی ماف و کەرامەتی هەموو هاووڵاتیانی عێراق بە «ئافرەت و منداڵ و خێزان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی»ی کۆی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە.

خاڵێکی گرنگ کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا چوارچێوەیەك بووە بۆ کۆکردنەوەی فرە رەنگی و جیاوازییەکانی پێکەوەیی، درووشمی شۆڕشی ئەیلوول پێش داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دیموکراتی و ئازادییە بووە بۆ هەموو عێراق، بە درێژایی نزیکەی هەشت دەیە، ئەم پارتە شۆڕشگێڕە ئەم پرەنسیپەی پاراستووە و خەباتی بۆ دەکات، وەك لەم گفتوگۆیەشدا ئەو شاهیدییە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا لە تەواوی عێراقدا ئەگەر شوێنێك مابێت کە پێکەوەژیانی ئازادانەی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی تێدا مابێت، تەنیا هەرێمی کوردستانە و لەژێر سایەی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانیدایە، هەر بۆیە بازنەی گفتوگۆ کە وەك پلاتفۆرمێکی کراوە بەرگری لە ماف و کەرامەتی مرۆڤ و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات، تەرجەمەی ئەو فیکر و عەقیدەیەیە کە سەرۆك بارزانی پیادەی دەکات.

بیستەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# هەمواركردنی یاسای باری كەسیی عێراق و ئاكامەكانی



ڕۆژی ١٤ی ئابی ساڵی ٢٠٢٤ بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بیستەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ «شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد» ئامادەبوون، گفتوگۆیەکی چڕ لەسەر چەندین پرسی تایبەت بە کێشە و گوزەرانی خەڵك و پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان کرا، سەرەنجام کۆبوونەوە بڕیاری دا ئەڵقەی ئەم جارە تەرخان بکرێت بۆ «هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق وەك پرۆژەیەکی سیاسیی فراکسیۆنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، وەك زۆرینە پێشکەشی پەرلەمانی عێراق کراوە.

٢- بە گوشاری فراکسیۆنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی خراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمان و، گرێ دراوەتەوە بە یاسای لێبوردنی گشتییەوە کە فراکسیۆنەکانی عەرەبی سوننە زۆر مەبەستیان دەرچوونی ئەو یاسایەیە، بۆیە سازشێکی سیاسی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق کراوە.

٣- ئەم شێوازە زەنگێکی مەترسیدارە بەرەو تێپەڕاندنی یاساکان لە پەرمانی عێراق بە زەبری زۆرینە و کەمینە، کە ئەمەش مەترسییەکی گەورە لە سەر پێکەوەژیان و پرانسیپی «هاوسەنگی، هاوبەشی، پێکەوە سازان» دروست کراوە کە بە بناغەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێ دادەنرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هۆکارانە کۆبوونەوەکە بڕیاری دا زۆر بە ڕاشکاوی بە ئامادەبوونی نوێنەری کۆی پێکهاتەکانی بە «دژ و لایەنگر»ی پێشنیاری هەموارکردنەکە و بە ئامادەبوونی پێکهاتە و نوێنەری لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان، گفتوگۆیەکی کراوە ئەنجا م بدرێت و ئەم بەڕێزانە بانگهێشت بکرێن:

- د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی-پ.د.ك-
- د.مونا یاقۆ سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە کوردستان.
- عەلی ئەلمگدام چالاکوانی مافپەروەر بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق.
- ڕەزاو مەحمود پسپۆڕی تایبەتمەند لە یاسای باری کەسی
- هاشم ئەلکەندی سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی «النبأ»
- ئینتیسار ئەلجبوری ڕاوێژکاری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.
- د.بەشیر حداد جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.
- د.عەبدوڵلا شێرکاویی ئەندامی سەرکردایەتیی مەکتەبی تەفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.
- ڕێزان شێخ دلێر ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق.
- د.غالب ئەلدەعمی سەرۆکی بەشی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی «ئەهل ئەلبەیت».
- بەهار عەلی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی»ئێمە» بۆ پەرەپێدانی مرۆیی.
- خەیری بۆزانی ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئێزدی.
- د.نەهلە ئەفەندی ئەندامی پەرلەمانی عێراق.
- پەیمان عێزەدین ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.
- د.هالە جەودەت پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان.


- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ

«شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد»



# ڕاپرسی بازنەی گفتوگۆ سەبارەت بە هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراقی

ڕاپرسییەکە لە ڕێی سێرڤەرێۆنلاینی (Kobotoolbox)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجامدراوە؛ ٥١٠ هاووڵاتی ١٨ ساڵ و بەسەرەوە نموونەی ڕاپرسییەکە بوونەو لەمیانەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و گروپەکانی تیلیگرام و وەتسئەپ و ڤایبەر لینکی ڕاپرسییەکەیان بۆ نێردراوە و وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە لە ماوەی ٢٠/٨ تا ٣٠/٨/٢٠٢٤. نموونەی ڕاپرسییەکە فرەدەستە و فرەجۆر بووە لە ڕووی ڕەگەزەوە ٪٢٨ لە ڕەگەزی مێ و ٪٧٢ لە ڕەگەزی نێرن، لەڕووی تەمەن و باری خێزانداری و ئاستی خوێندەواریشەوە بە ئەندازەی پێویست فرە ئاست و دەستەیە. ڕاپرسییەکە توێژینەوە و سۆراخکارییەک بووە سەبارەت بە تێڕوانینی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە ئەو پێشنیازانەی بۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق دراونەتە پەرلەمان و ئاکامەکانی چی دەبن ئەگەر پەسند و جێبەجێ بکرێت. لەم بارەیەوەش ئەم پرسیارانەیان ئاراستە کراوە:





| | کارکردن بە مەزهەبی پیاوەکە لە پرۆسە هاوسەرگیریدا و پەلاوەنانی مەزهەبی ئافرەتەکە؟ | کەمکردنەوەی و لاوازکرنی دەسەڵاتی دادگا لە پرۆسەی هاوسەرگیری و جیابوونەوەی هاوسەراندا؟ | فرەژنی و ڕێگەدان بە پیاو کە زیاتر لە ژنێکی لە یەک کاتدا هەبێت | بێبەشکردنی دایکێکی جیابووەوە لە مافی بەخێوکردنی منداڵ دوای ٧ ساڵ سپاردنی بە کەسوکار (باپیری منداڵەکە، - باوکی باوکی) لە کاتێکدا منداڵەکە باوکی لە ژیاندا نەمابێت. | کەمکردنەوەی ماف و ماوەی بەخێوکردنی منداڵ لە لایەن دایکەوە لە کاتی جیابوونەوە/تەڵاق لە ١٥ ساڵ بۆ ٧ ساڵ | گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ پیاوانی ئاینیی بۆ بڕیاردان لەسەر گرێبەستی هاوسەرگیری و جیابوونەوەی هاوسەران بێ گەڕانەوە بۆ دادگا | کەمکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری و بەشوودانی کچ لە ١٨ ساڵییەوە بۆ ٩ ساڵ؟ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خراپە و پێویست نییە | 68% | 71% | 46% | 72% | 57% | 73% | 83% |
| خراپ و باشە | 20% | 19% | 30% | 20% | 29% | 17% | 11% |
| باش و پێویستە | 12% | 10% | 24% | 8% | 14% | 10% | 6% |

داتاکانی نێو شێوەی داتای سەرەوە نیشانی دەدەن، کە بەڕێژەی ٪٤٦ تا ٪٨٣ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بەشوودانی کچ لە تەمەنی ٩ ساڵی، گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ پیاوانی ئایینی لە گرێبەستی هاوسەرگیری و جیابوونەوەی هاوسەراندا لەتەک دەسەڵاتی دادگاکان، کەمکردنەوەی مافی بەخێوکردنی منداڵ لەلایەن دایکییەوە دوا جیابوونەوە، فرەژنی، کاکردن بە مەزهەبی پیاو لە پرۆسەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوەدا، سپاردنی مافی بەخێوکردنی منداڵ دوای جیابوونەوەی باوانی بە باپیری منداڵەکە دوای تەمەنی ٧ ساڵیان پێشنیازی خراپن و هەموارکردنی دەقە یاساییەکانی پەیوەست بەو بڕگانەیان بەلاوە پێویست نییە. بەڕێژەی ٪١١

تا ٣٠٪شیان ئەم پێشنیاز و هەموارکردنانەیان پێ باش و خراپە؛ بەڕێژەی ٦٪ تا ٢٤٪یش پێشنیازی هەمواکردنەکانیان پێ باش و پێویستە... ئەوەی مایەی هەڵوەستەیە، کە پێشنیازی بەشودانی کچ لە تەمەنی زوودا لە هەموان زیاتر جێی نیگەرانیی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەوە بووە؛ لە بەرامبەردا فرەژنی هێشتاش یەکێکە لەو پرسانەی نزیکەی نیوەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پاڵپشتی لێوە دەکەن. بە گشتی جگە لە پێشنیازی پەیوەست بە مانەوەی فرەژنی، هەموو پێشنیازەکانیتر بە لای دوو تا سێ لەسەر چواری نموونەی ڕاپرسییەکە ڕەتکراونەتەوە و لەگەڵیاندا نین.

بەپێی زانیارییەکانی نێو شێوە داتای سەرەوە، بەڕێژەی ٥٣٪ تا ٧١٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە

رای بەڕێزتان چییە لەسەر ئەم ئاکامە پێشبینیکراوانەی خوارەوە ئەگەر یاساکە هەموار بکرێت؟




| | پێت باشە هەرێمی کوردستان پابەندی ئەو هەموارکردنانە بێت و جێبەجێیان بکات، ئەگەر پەسند کرا لە پەرلەمانی عێراق | ئەو هەموارکردنانەی پێشنیازکراون، نامۆن بە دابونەریت و بەها کولتوورییەکانمان؟ | ڕێژەی فرەژنی زیاد دەکات بەهۆی هاوسەرگیریکردن لە دەرەوەی دادگا و هەڵگرتنی سزای ئەم کارە؟ | هەموارکردنەکە کێشە خێزانییەکان و ڕێژەی تەڵاق زیاتر دەکات؟ | هەموارکردنەکە ڕەنگدانەوەی خراپی بەسەر ماف و ئازادییەکانی ئافرەتانەوە دەبێت؟ | کێشە و بەربەست بۆ ژیان و مافی ئەو منداڵانە دروست دەکات، کە دایک و باوکیان جیادەبنەوە؟ | کێشەی زیاتر لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی عێراقدا دروست دەکات؟ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخێر | 67% | 14% | 10% | 13% | 14% | 8% | 12% |
| تارادەیەک | 16% | 32% | 21% | 28% | 27% | 21% | 35% |
| بەڵێ | 17% | 54% | 69% | 59% | 59% | 71% | 53% |

پێیانوایە، کە ئەگەر ئەو هەموارکردنە پێشنیازکراوانە لە پەرلەمان پەسند بکرێن و بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی فرەژنی و جیابوونەوە، زیادبوونی ئەگونجان و کێشە خێزانییەکان، کەمبوونەوەی ماف و ئازادییەکانی ئافرەتان و منداڵان، زیادبوونی کێشە لەنێوان پێکهاتە مەزهەبی و ئایینی و ئیتنییەکان و ئەو هەموارکردنانە نامۆن بە دابونەریت و کولتوورمان. بەڕێژەی ٢١٪ تا ٣٥٪ ئەوانەن، کە تارادەیەک لەگەڵ ئەو ئاکامە پێشبینیکراوانەدان. بەڕێژەیەکی زۆر کەم و لەنێوان ٨٪ تا ١٤٪ش پێیانوایە ئەو ئاکامانەی ئەگەری چاوەڕوانکراو نین لەو لە حاڵی جێبەجێکردنی ئەو هەموارکردنانەی پێشنیازکراون.

سەبارەت بەوەی ئایا هاووڵاتیان هەرێم کوردستان لەگەڵ جێبەجێکردنی یاساکەدان ئەگەر هەموارکردنەکەی پەسند کراو و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە

زۆرینەی بەشداربووان بەڕێژەی ٦٧٪ بە نەخێر، ١٦٪ بە تاڕادەیەک و ١٧٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە؛ بەو واتایەش زۆرینەی بەشداربووان دژی جێبەجێکردنی ئەو هەموارکردنانەن لە هەرێمی کوردستاندا، کە بۆ یاسای باری کەسی پێشنیاز کراون.

سەبارەت بە ئەنجامەکان بەپێی گۆڕاوەکان، ئەوەی بۆ ئێمە مایەی هەڵوەستەیە ئەوەیە، کە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە ڕەگەزی مێ بەڕێژەیەکی زیاتر و بە ئاستێکی ئاماژە ئاماری زیاتر لەگەڵ بەشوودانی کچان دان لە تەمەنی زوودا، بەڵام لەمەڕ کەمکردنەوەی ماوەی بەخێوکردنی منداڵ لەلایەن دایکەوە دوای جیابوونەوەیان سپاردنی بەخێوکردنی منداڵەکە بە باپیری ئەگەر باوکی لە ژیاندا نەمابێت، هاوکات بەردەوامبوونی فرەژنی، پێدانی دەسەڵات بە پیاوانی ئایینی و کارکردن بە مەزهەبی پیاوەکە لە گرێبەستی هاوسەرگیری و جیابوونەوەی هاوسەراندا، بەپێچەوانەوە بیر دەکەنەوە و بەشداربووانی پیاو زیاتر لەگەڵ ئەو هەموارکردنانە دان و ئافرەتان ڕەتی دەکەنەوە.

دەربارەی ئەنجامەکان بەپێی تەمەن، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا، تەنها لە بە شوودانی کچان لە تەمەنی زوودا و گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ پیاوان لە گرێبەستی هاوسەرگیری و جیابوونەوەدا جیاوازی ئاماژە ئامارییە هەیە و بە کارێکی خراپ و ناپێویست سەیر دەکرێت؛ واتا نزیکەی یەک لەسەر سێی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ١٨ تا ٢٧ساڵە لەگەڵ بەشوودان کچان لە تەمەنی ٩ ساڵی و دەسەڵاتی پیاوانی ئاینیدان لە گرێبەستی هاوسەرگیری و جیابوونەوەدا.

سەبارەت کاریگەریی باری هاوسەرگیری، ئەنجامەکان ئەوەیان نیشاندا، کە لەمەڕ بەشوودانی کچ لەتەمەنی زوو و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی لە گرێبەستی هاوسەرگیری و جیابوونەوە و ماف و ماوەی بەخێوکردنی منداڵ لەلایەن دایکێکی جیابووەوە، جیاوازی ئاماژە ئاماری لەنێوان توێژەکاندا هەیە بەجۆرێک ئەوانەی خێزاندارن و بەرێژەیەکی کەمتر لەوانیش ئەوانەی، کە جیابوونەتەوە نیگەرانن لە پێشنیازانەی لەمبارەیەوە بۆ هەموارکردن پێشکەش کراون.

بەپێی ئاستی خوێندەواریش بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، تەنها لە بەشووانی کچان لە تەمەنی پێشنیازکراودا و ماوەی مانەوەی منداڵ لە لای دایکێکی جیابووەوە، جیاوازییەکە لەنێوان ئاستەکانی خوێندەواریدا ئاماژە ئامارییە و پێ بە پێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریدا پاڵپشتیکردن لە هەموارکردنەکە کەمتر دەبێتەوە.

سەبارەت بە ئاکامە مەزندەکراوەکانی هەموارکردنەکە بەپێی ڕەگەز، تەنها لەمەڕ بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە جیاوازییەکی ئاماژە ئامارییە هەیە بەجۆرێک ئافرەتان زیاتر پێیانوایە هەموارکردنە دەبێتە زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە. لەڕووی تەمەنیشەوە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا جیاوازیی لە تێڕوانینی بەشداربوواندا بەدی دەکرێت بەتایبەت لە دروستبوونی کێشە لە نێوان ئیتن و گروپەکان و نامۆبوونی ئەو هەموارکردنانە بە دابونەریت و کولتورمان.

لەڕووی باری خێزانداریشەوە تەنها ئەوانەی خێزاندارن لەوەدا جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی سەڵت و جیابوونەتەوە، کە هەموارکردنەکە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی زیاتر لەنێوان ئیتن وگروپەکانی عێراقدا. تێڕوانینی بەشداربووان بۆ ئاکامە مەزندەکراوەکانی هەموارکردنی یاساکە بەپێی ئاستی خوێندەواری لە یەکەوە نزیکە و جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان بەشداربووانی ڕاپرسییەکەدا نییە.

سەبارەت بە خواستی جێبەجێکردنی یاساکە ئەگەر هەموارکرا لە هەرێمی کوردستان، ئەنجامەکان بەپێی گۆڕاوەکان نیشاندا، کە تەنها بەپێی تەمەن جیاوازی لەنێوان بەشداربووانی ڕاپرسییەکە هەیە بەجۆرێك، کە پێ بە پێ لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا خواستی جێبەجێکردنی یاساکە دوای هەموارکردنی لە هەرێمی کوردستاندا کەمتر دەبێتەوە.




### ڕاپۆرتی مەیدانی بازنەی گفتوگۆ

# هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی

بۆ هەر ئەڵقەیەکی گفتوگۆ، بازنەی گفتوگۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدات و ، تیایدا ڕاو بۆچوونی خەڵکانی دەستەبژێر، ئەکادیمیست پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان وەردەگیرێت و پێش ئەنجامدانی گفتوگۆکە بۆ بەشداربووانی لەسەر سکرین نمایش دەکات، بۆ ئەوەی وەك ڕایەڵە ڕا و بۆچوونە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ گفتوگۆکە پێکەوە گرێبداتەوە.


بۆ گفتوگۆی ئەمجارە « هەمواركردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» کۆمەڵێك دەستەبژێر، ئەکادیمیست، مافپەروەر و پارێزەر ئەم پرسیارانەیان ئاراستە کراوە:

- چۆن دەڕواننە ئەو هەموارکردنانەی لە پەرلەمانی عێراقدا بۆ یاسای باری کەسێتی پێشنیاز کراون وەك هەموارکردنەکانی فرەژنی و جیابوونەوە لە دەرەوەی دادگا و ماف و ماوەی سەرپەرشتیکردنی منداڵ دوای جیابوونەوەی هاوسەران و بەشوودانی کچ لە تەمەنی ٩ ساڵییەوە.؟

- ئەگەر هەموارکردنەکە ئەنجام بدرێ و تێپەڕێندرێ لە پەرلەمان، لە داهاتوودا ئاکامەکانی بەسەر کۆمەڵگەی عێراقی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی چی دەبن؟

- ئەگەر بەڕێزتان لەگەڵ هەموارکردنی پێشنیازکراودا نین، پێشنیازی چ هەڵوێست و گرتنەبەری ڕێوشوێنێک دەکەن؟

پرسی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ کە ئێستا لە دادگاکانی عێراقدا کاری پێدەکرێت، لەساڵی ٢٠٠٨ ەوە لە هەرێمی کوردستان هەموارکراوەتەوە و زۆر جیاوازە لەو یاسایەی کە ئێستا لە عێراقدا پیادەکرێت، بەڵام وێڕای ئەوەش بێجگە لە هەرێمی کوردستان، لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق کۆمەڵگەی دابەشکردووە بە سەر دووبەرەدا، بەرەیەك پشتگیری لە هەموارکردنەوەی یاسا دەکات لە چوارچێوەی ئەو پێشنیارەی پێشکەش کراوە کە داوا دەکات بەپێی دوو مەدوەنەی وەقفی سوننی و شیعی و لە دەرەوەی دادگاکان گرێبەستی هاوسەرگیری بکات، لە بەرامبەردا بەرەیەکی دیکە درووستبووە بە ناوی هاوپەیمانی « ١٨٨» کە دەیانەوێت ڕێگە لە هەموارکردنەوەی ئەم یاسا بگرن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە یاسای ژمارە ١٨٨ هەموارکراوەتەوە، بەڵام وەك ڕایەکی گشتی زۆر بە توندی هەموارکردنی ئەو یاسایە ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە وێڕای هەموو کەموکورتییەك کە لە یاسای باری کەسیی ئێستای عێراقدا هەیە، بەڵام زۆر باشترە لەو پێشنیارەی کە ئێستا پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە بۆ هەموار کردنەوەی یاساکە و بەمجۆرە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕی:



## ژیان جەلال

**پارێزەر لە سلێمانی:**

# ئامانج لە هەمواركردنەوەی یاسای باری كەسی سەپاندنی هەژموونی شیعەگەراییە بەسەر كۆمەڵگەی عێراقدا

○○○

وەك بینیمان لە سەرەتای ئەم مانگەوە ئابی ٢٠٢٤ ژمارەیەك پەرلەمانتاری لایەنەكانی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە پێشنیارێكیان بە مەبەستی هەمواركردنەوەی یاسای باری كەسیی عێراق – یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩- پێشكەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق كردووە و خوێندنەوەی یەكەمی لە پەرلەماندا بۆ كراوە.

دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەكەم بۆ پێشنیاری هەمواركردنی یاساكە بەڕێوە چوو، ڕای گشتی شەقامی عێراقی تورە بوو، ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی زۆر بەتوندی ئەو پێشنیارەیان ڕەتكردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو بڕگە و ماددانەی لە پێشنیارەكەدا هاتوون و دەیانەوێت هەمواری بكەنەوە، یاسای باری كەسی بە تەواوەتی دەگۆڕێت كۆمەڵگەی عێراقی دابەش دەكات بەسەر هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننی، وەقفی شیعە و سوننە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ كێشەكانی باری كەسی جێگەی دادگاكان دەگرنەوە، لەمەش زیاتر ماف دەدات بە پیاو ئەو مەزهەبە هەڵبژێرێت كە بڕوای پێیەتی و ئەم مەزهەبە بەسەر ئافرەتەكەدا دەسەپێنی و بەمەش مافی ئافرەت و منداڵ پێشێل دەكات و شیرازەی خێزان دەخاتە مەترسییەوە.

لایەنە شیعییەكان بۆ ئەم هەمواركردنە و هەڵبژاردنی ئەو مەزهەبەی بڕوایان پێیەتی، پەنایان بۆ ماددە ٤١ی دەستووری عێراقی بردووە كە تیایدا ئاماژە بەوە كراوە « عێراقییەكان ئازادن لە هەڵبژاردنی ئایین و مەزهەبەكانیان لە بواری باری كەسیدا و ئەمەش بە یاسا ڕێكدەخرێت»، بەڵام لەبەرامبەر ماددەی ٤١، دیسان ماددەی ٣شمان هەیە كە دەڵێت «عێراق وڵاتێكە لە نەتەوەو ئایین و ئاینزای جیاجیا پێكهاتووە»، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بۆ هەر ئایین و ئاینزایەك یاسایەك دەربكرێت ئەوا شیرازەی یەكگرتوویی كۆمەڵگەی عێراق پارچە پارچە دەبێت.

یاسای باری کەسی بۆ هەر کۆمەڵگەیەك زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە پەیوەندیی نێوان تاکەکان، ئاراستەی خێزان ڕێکدەخات و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەپارێزێت، بەڵام ئەوەی لەم هەموارکردنەدا هاتووە و دەیانەوێت بە زۆرینەی پەرلەمانی تێی پەڕێنن و، لایەنە شیعەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی دەیانەوێت بیسەپێنن، مەبەست لێی ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێت مەزهەبی جەعفەری ببێتە جێگرەوەی یاسای باری کەسی و لە چوارچێوەی ئەم مەهەبەدا مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی باری کەسی بکەن و، لە فیقهی جەعفەریشدا بوار بە هەندێك شت دراوە کە نەك هەر لەگەڵ ئەم سەردەمە ناگونجێت بەڵکو جێبەجێکردنی دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی مرۆڤایەتی لەوانە:

- دیاریکردنی تەمەنی هاوسەرگیری بە تەمەنی باڵق بوون کە لە ٩ ساڵ بەرەو سەرەوە دەست پێدەکات، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی هەموو زانستەکانی بایۆلۆژی، کچی تەمەن ٩ساڵان هێشتا جەستەی کامڵ نەبووە چۆن دەکرێت پرۆسەی هاوسەرگیری بکات، لە هەمانکدا بە هەموو پێوەرە مرۆڤایەتیەکانیش، کچێکی تەمەن ٩ ساڵان هێشتا بە منداڵ حساب دەکرێت و ناکرێت بخرێتە ناو پرۆسەیەکەوە کە بەرپرسیارییەتی زۆر گەورەی تێدایە و هێشتا ئەو منداڵە نازانێت مانای ئەو بەرپرسیاریانە چین.
- ئەم هەموارکردنە دەرگای ئەوە دەکاتەوە کە پیاو ئارەزوومەندانە ئەو مەزهەبە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ باری کەسیی خۆی پێبکات، لەنێوان مەزهەبەکاندا مەرجەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری، مافی ئافرەت، خێزان، منداڵ جیاوازیان هەیە، بۆیە لە کاتی دروستبوونی کێشەیەك پیاوەکە بە ئارەزووی خۆی مەزهەبێك هەڵدەبژێرێت کە کەمترین ماف بە ئافرەتەکە بدرێت، بەمەش مافی ئافرەتەکە پێشێل دەکرێت.
- لە ئێستا بەپێی یاسای باری کەسی دەبێت گرێبەستی هاوسەرگیری لە ڕێگەی دادگاکانەوە ئەنجامبدرێت، ئەوەی لە دەرەوەی دادگاکان ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدات ڕووبەڕووی سزا و بەندکردنیش دەبێتەوە، بەڵام بەم هەموارە فەرز دەبێت لەسەر دادگاکان دەبێت هەموو ئەو هاوسەرگیریانەی لە دەرەوەی دادگا دەکرێن پەسەندیان بکات.

ئامانجی شاراوەی ئەم هەموارکردنەوەیە، تەنیا ئەوە نییە ٢ ماددەی یاسایەك هەمواردەکرێتەوە یان نا، بەڵکو ئەمە پرۆژەیەکی سیاسیی لایەنە سیاسییەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەیە و ئامانج لێی ئەوەیە هەژموونی شیعەگەرایی بەسەر هەموو کۆمەڵگەی عێراقدا بسەپێنن، ئەگەر ئەمەیان بۆ بچێتە سەرو بە زۆرینە تێپەڕێنن، ئەوا دەرگایان بۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی یاساکانی دیکەش بە هەمان شێوە تێپەڕێنن، بۆیە ئەمە دەست بادانی پێکهاتەکانی دیکە بۆ هەنگاوەکانی دیکەی ئایندەیان.

لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە خۆمان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە ئەو یاسایەمان هەموارکردۆتەوەو یاسای خۆمان هەیە، ئەگەر ئەو هەموارکردنەوەیەش تێپەڕبێت لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت، بەڵام دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم یاسایە لێکەوتەی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت، هەر بۆ نموونە لە هەمواری ساڵی ٢٠٠٨ی یاسای باری کەسی لە هەرێمی کوردستان، فرەژنی قەدەغە کراوە، بەڵام لە یاسای باری کەسیی عێراقدا ڕێگەی پێدراوە، بۆیە دەبینین زۆر پیاو لە هەرێمی کوردستان دەچن بەڕێگەی یاسای باری کەسیی عێراق ژنی دووەم و سێیەم دەهێنن، لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا قەدەغەیە کچی تەمەن خوار ١٨ساڵ هاوسەرگیری بکات، بۆیە هیچ دوور نییە سبەینێ کەسێك بیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی خوار ١٨ساڵ بکات پەنا بۆ یاسای باری کەسیی عێراق ببات.

بۆیە زۆر گرنگە ئێمەش لە هەرێمی کوردستان دەنگی خۆمان بخەینە پاڵ دەنگی هەموو ئەوانەی کە پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی ڕەتدەکەنەوە، ڕاستە ئەم یاسایە لە کوردستان جێبەجێ ناکرێت، بەڵام ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ بە ئیسلامکردنی کۆمەڵگە و سەپاندنی هەژموونی شیعەگەرایی لە کۆمەڵگەدا.

**بەپێی هەموو زانستەکانی بایۆلۆژی ، کچی تەمەن ٩ هێشتا جەستەی کامڵ نەبووە چۆن دەکرێت پرۆسەی هاوسەرگیری بکات، لە هەمانکدا بە هەموو پێوەرە مرۆڤایەتیەکانیش، کچێکی تەمەن ٩ هێشتا بە منداڵ حساب دەکرێت و ناکرێت بخرێتە ناو پرۆسەیەکەوە کە بەرپرسیارییەتی زۆر گەورەی تێدایە**

**لەنێوان مەزهەبەکاندا مەرجەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری، مافی ئافرەت، خێزان، منداڵ جیاوازیان هەیە، بۆیە لە کاتی دروستبوونی کێشەیەک پیاوەکە بە ئارەزووی خۆی مەزهەبێک هەڵدەبژێرێت کە کەمترین ماف بە ئافرەتەکە بدرێت**



**یادگار مەحمود**

**ئەندامی ئەنجوومەنی نوینەرانی عێراق– سلێمانی–:**

# بە سازشی عەرەبی سوننە بۆ یاسای لێبووردنی گشتی خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاسای باری کەسی لە پەرلەمان کرا

○○○

بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی نارەزاییەکی زۆر توند لەسەر پێشنیاری هەمواری باری کەسیی عێراق هەبوو بەوەی نەخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان و خوێندنەوەی بۆ نەکرێت، بەڵام بەهۆی گوشار و هەڕەشەی فراکسیۆنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە، بەوەی ئەگەر ئەم پێشنیارە نەخرێتە بەرنامەی کاراوە ئەوە پرۆژە یاسای لێبووردنی گشتیش کە لایەنی عەرەبی سوننە زۆر مەبەستیانە نەدەتوانرا بخرێتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ڕاشکاوانەتر عەرەبی سوننە سازشیان کرد بۆ ئەوەی یاسای لێبووردنی گشتی بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

لەگەڵ ئەوەی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لەناو پەرلەمان توانیان بە گرێدانی سەفقە پێشنیارەکە بخەنە بەرنامەی کارەوە، بەڵام ڕای گشتی شەقامی عێراقی زۆر بەتوندی دژی وەستایەوە و، تەنانەت لە تەواوی هەرێمی کوردستانیشەوە ڕای گشتی لە دژی ئەو هەموارە بەرز بووەو دژی وەستایەوە، بەراستی ئەم هەموارە سووکایەتییە بە مافەکانی مرۆڤ، بە مافەکانی ئافرەت بە شکۆی خێزان لە هەموو عێراقدا.

ئەم هەمواركردنەوەیە ڕۆڵی دادگاکان پەراوێز دەخات و دەرگایەك دەكاتەوە كە پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا ئەنجامبدرێت، بوار بە شتی زۆر سەیر دەدات وەك مارەكردنی كچان لە تەمەنی نۆ ساڵیدا كە هێشتا منداڵە



## هونەر جەوهەر

**مافپەروەر و یاساناس لە هەولێر:**

# هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی ڕۆڵی دادگاکانی عێراق لاواز و سڕ دەکات

یەکێك لەو گرفتانەی بۆتە کێشە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، ئەوەیە پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگاکان ئەنجام دەدرێن و پاشانیش هەر لە دەرەوەی دادگا پرۆسەی جیابوونەوە و تەڵاق ئەنجامدەرێن، لە هەرێمی کوردستان هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی بەرێگەی یاسا هەردوو پرۆسەکە بگێڕێتەوە بۆ ناو دادگاکان، بەڵام ئەم پێشنیاری هەموارەی یاسای باری کەسییە، دەیەوێت هەردوو پرۆسەکە بەرێتەوە دەرەوەی دادگاکان. کە ئەمەش خرایە ناو چوارچێوەیەکی یاسایەوە ، ئیدی مافی «ئافرەت، مافی منداڵ، دایکایەتی» ئەمانە هەمووی پێشێل دەکرێن. بۆیە مەترسییەکە لەم خاڵەوە سەرچاوە دەکرێت کە ڕۆڵی دادگان لاواز دەبێت و لە پرسەکانی باری کەسێتیدا ڕۆڵی دادگاکان سڕ دەبێت.

و نازانێت پرۆسەی هاوسەرگیری مانای چییە؟ ئەمەش دەکرێت بە یاسا و دەبێت کۆمەڵگە وەك دیاردەیەکی ئاسای قبوڵی بکات.

مەرامێکی سیاسیی بە بەرنامە نەخشەی بۆ ئەم هەموارکردنە داڕشتووە، ئەویش بەرنامەی لایەنە سیاسییە شیعییەکانە بۆ ئەوەی خۆیان بەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق فەرز بکەن، ئەم یاسای باری کەسیەی کە ئێستا لە عێراق کاری پێدەکرێت، مامەڵە لەگەڵ هەموو پرسەکانی باری کەسی وەك « هاوسەرگیری، جیابوونەوە، میرات، لە خۆگرتنی منداڵ دوای جیابوونەوە ..هتد» هەموو ئەو پرسانەی ڕێکخستووە بە یاسا کێشەکانی چارەسەرکردووە.

لەڕووی مرۆڤایەتیشەوە دیسان ئەم هەموارکردنەوەیە پێشێلکردنی بەها مرۆییەکانیشە، بەتایبەتی بەها و شکۆ و مافی ئافرەت، مافی منداڵ ، پچڕانی شیرازەی خێزان، زیادبوونی جیابوونەوە و تەڵاق، کە ئەمانە هەموویان کێشەی گەورەیان بۆ دروست دەبێت.

لە ئێستادا دەبێت زۆر واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە هەستیارە بکرێت، لایەنە شیعیەکان پاساویان ئەوەیە لە فیقهی جەعفەریدا پرسی تەڵاق زۆر سنوردار کراوە و مامەڵەیەکی توند لەگەڵ تەڵاق دەکات، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕێژە بەرزەی تەڵاق شتێکی باشە، بۆیە دەکرێت پرۆژە یاسای جێگرەوە ئامادەبکرێت و دەکرێت لەو پرۆژە یاسایەدا سوود لەو لایەنەی فیقهی جەعفەری وەربگیرێت یان بوار بدرێت شیعەکان بەو مەزهەبە مامەڵە لەگەڵ پرسی تەڵاق و جیابوونەوە بکەن، بەڵام بواردان بە بە شوودانی کچی منداڵ «زواج القاصرات» ئەمەیان چۆن قبوڵ دەکرێت کە هەموو بەها مرۆییەکان پێشێل دەکات.

لە ئێستادا هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی تێپەراندنی هەمواری ئەم یاسایە ڕابگیرێت و خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەکرێت و نەخرێتە دەنگدانەوە بەزۆرینە تێنەپەڕێنرێت، بەڵام ئەگەر بەزۆرینە تێپەڕێنرا ئەوا کۆمەڵێك گۆڕانکاری خراپ بۆ کۆمەڵگە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە وەك لە سەرەتاشەوە ئاماژەم پێکرد ئێمە لەسەر ئاستی سیاسی و مرۆیی و یاسایی ئەم هەموارە ڕەتدەکەینەوە و هەموو هەوڵێك دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم هەموارە تێنەپەڕێت.

د. عەبدولڕەحمان شنگالی

لە دهۆک:

# هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی پێگەی عێراق لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لاواز دەکات

ooo



لە سیستمی مۆدێرنی دەوڵەتانی جیهاندا بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتووی مەدەنی و دیموکراتی، ساڵ لەدوای ساڵ بنەماکانی مەدەنی و دیموکراتی باشتر دەچەسپێن و زیاتر ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیرێت، بەڵام لە وڵاتێکی وەك عێراقدا بەهۆی بوونی هزری توندهاژۆیی مەزهەبگەرایی و نەبوونی ئەقڵیەتی دروست بۆ حوکمڕانی ئەوا وەك دەبینین ساڵ لەدوای ساڵ پرسەکانی « مافە مەدەنیەکان، پرۆسەی دیموکراتی، مافەکانی مرۆڤ، مافی ئافرەتان» بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەتا ئێستاش هەر بەئەقڵیەتی توندئاژۆی مەزهەبی دەمانەوێت کاروباری دەوڵەت بەڕێوە بەرین.

لە ساڵی ٢٠٠٤ کاتێك دەست بە پرۆسەی نووسینەوەی دەستوری عێراق کرا و پاشان لە ٢٠٠٥ پەسەند کرا، ئامانج لەو دەستورە ئەوە بوو دەرگایەك لە عێراقدا بۆ ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و پرۆسەی دیموکراتی بکرێتەوە، بەڵام ٢٠ ساڵ تێدەپەڕێت، ئێمە ئێستا لە ساڵی ٢٠٢٤ ین ، هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك یاسا بگۆڕێن و هەموار بکرێنەوە کە خاڵی زۆر نەرێنی تێدایە و دژی پرۆسەی دیموکراتی و مافە مەدەنییەکان کە هەموویان پێگە و شکۆی عێراق وەك دەوڵەت لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێنێتە خوارەوە و، بواری ئەوەی لەبەردەمدا نامێنێت لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بانگەشەی ئەوە بکات کە عێراق دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی و فیدراڵییە.

خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیاری هەموار کردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق سازشێکە عەرەبی سوننە لە پێناوی دەرچواندنی یاسای لێبووردنی گشتی بۆ لایەنە شیعیەکانی کردووە، بۆیە من بەدووری نابینم لە چوارچێوەی ئەو سازشە سیاسییەدا یاساکە تێپەڕێنن.

هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت، بەڵام چەندین ڕەهەندی دیکەی بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی ئەوانی بەرامبەر بە کۆی عێراق لێدەخوێنرێتەوە، ئەمڕۆ یاسای باری کەسی هەموار دەکاتەوە، سبەی دەست دەبات بۆ بوارەکانی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی ڕادەربڕین ، ئێنجا دێنە سەر یاسای هەڵبژاردن ..هتد، بەمەش عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ناو بازنەیەکی داخراوی مەزهەبی کە ڕێزگرتن لە هی مافێك بوونی بۆ نامێنێتەوە.

مەلا سامان

لە هەولێر:

# ئامانج لە پرۆسەی هاوسەرگیی بونیادنانی خێزانێکی سەقامگیرە ئەمەش پێویستی بەوەیە هاوسەرەکان کامڵ بوون

○○○

پرسی دیاریکردنی تەمەنی کچان بۆ هاوسەرگیری، پرسێکی تازە نییە، بەڵام ئێستا لەڕووی یاساییەوە باسی لێدەکرێت و دەیانەوێت بیکەن بە یاسا، لەناو زانایانی ئیسلامی ئەم پرسە قسەی زۆر لەسەر کراوە و تەنانەت لە یەکێك لە کتێبە فیقهیەکاندا بەشێك هەیە بەناوی «تەمەنی هاوسەرگیریی کچان» کە لە کوردەواری خۆمان پێی دەڵێن تەمەنی هەرزەکاری یان خوار ١٨ ساڵ.

بەپێی هەموو ئایینە ئاسمانییەکان، پرۆسەی هاوسەرگیری پیرۆزە، هەموو ئەو ئایینانەش، ئیسلام، جوو، کریستیان» ئەحکامی جیاوازیان بۆ ئەم پرۆسە داناوە و، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن هۆکاری سەرەکی لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری درووستکردنی خێزان و خستنەوەی منداڵە، ئەمەش واتە دەبێت ئەو کچە تەمەنی گەشتبێتە تەمەنی ڕوشد، جەستەی بە تەواوەتی پێگەیشتبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ماڵ بەڕێوە بەرێت و منداڵ بخاتەوە، کچێك لە تەمەنی ٩ ساڵیدا ناتوانرێت ڕووبەرووی ئەو بەرپرسیاریەتییە گەورە بکرێتەوە.

لە ئێستا لە هەرێمی کوردستان، مەلا و زانایانی ئایینی ناتوانن مارەی هیچ کچێك ببڕن ئەگەر پێشتر گرێبەستی هاوسەرگیریان لە دادگا نەکردبێت، بۆیە ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا ڕەچاو بکرێن، لە دادگاکان بکرێت سەرچاوەکەی هەر ئەحکامی فیقهی ئیسلامیە لای مەلاش بکرێت هەمان سەرچاوەیە، بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی دادگا بکرێت کاریگەرە خراپەکەی ئەوەیە کە لەوانەیە لە بچووکترین کێشەدا مافی ژنەکە پێشێل بکرێت.

ئەم هەموارەی لایەنە شیعیەکان دەیانەوێت بیکەن، لەگەڵ ئەوەی وەك یاسا لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت، بەڵام نامۆیە بە دابونەریتی ئیسلامەتی لە کوردستاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە کوردستان خەڵك بەدەگمەن نەك هەر لە ٩ ساڵی بەڵکو لە خوار ١٨ ساڵیش کچی خۆی بە شوو نادات، هەتا نەچێتە سەرووی ١٨ساڵی،بۆیە ئەگەر ئامانج لە هاوسەرگیری بونیادنانی خێزانێکی سەقامگیر بێت، ئەوا سەقامگیری لە کامڵ بوونی ژن و مێردەکە دروست دەبێت، ئەگەر ئەو کامڵ بوونە نەبوو ئەو سەقامگیرییەی ناو خێزانیش بوونی نابێت.



پرسێکی دیکە گەڕانەوەیە بۆ فیقهی ئیسلامی کە ئەویش سەرچاوەکەی مەزهەبە جیاوازەکانە، بۆیە مەرج نییە ئەو فیقهانەی زانایان لەسەردەمی خۆیان دایانناوە بۆ ئەم سەردەمە وەك خۆیان دەڵێن ١٠٠٪ جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەحکامی فیقهیش بەپێی سەردەم و شوێن و کەس دەگۆڕێت، بۆیە دەکرێت بە کۆدەنگی زانایان تەمەنێك دیاری بکرێت و بکرێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ قورئان و سوننە و فەرموودە یەکی نەگرتەوە ئەوە ناکرێت جێبەجێ بکرێت.

نەوزاد سەعید

پارێزەر لە هەولێر:

# ئەم هەمواركردنە ڕێگە دەدات كچی زۆر منداڵ مارەی ببڕدرێت و فەرزی دەكات دادگا پەسەندی بكات

○○○



بەپێی ئەو پێشنیارەی پێشكەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق كراوە بۆ هەمواركردنی یاسای باری كەسیی عێراق، چەند ماددەیەك دەخرێتە ناو ئەو یاسایە كە لە یاساكەی ئێستا بوونیان نییە لەوانە:

- ژن و مێرد لەكاتی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەو مەزهەبە دیاری دەكەن كە پیاوەكە هەڵیدەبژرێت، ئەوجا چ مەزهەبی شیعە بێت یان یەكێك لە مەزهەبەكانی سوننە بێت.
- ئەگەر مەزهەبی جەعفەری شیعی هەڵبژێرا ئەوا مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی هاوسەرگیری، جیابوونەوە، لە خۆگرتنی منداڵ .. هتد بەپێی ئەو ئەحكامانە دەبێت كە مەزهەبەكە دیاری دەكات.
- ئەم هەمواركردنە تەمەنی هاوسەرگیری دیاری دەكات، ئەگەر مامۆستایەكی ئایینی كچێكی مارە كرد لە تەمەنی باڵق بوون، با تەمەنەكەش زۆر كەم بێت وەك دەڵێت مەزهەبی شیعە دەڵێت لە ٩ ساڵ كەمتر نەبێت، ئەوا فەرز دەبێت دادگا ئەو هاوسەرگیرییە دەبێت پەسەند بكات.

ئەگەر ئەم هەمواركردنە لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تێپەڕێنرێت، بێگومان دەبێتە یاسا و دەبێت لە پارێزگاكانی عێراق بێجگە لە هەرێمی كوردستان كاری پێبكرێت، جێبەجێكردنی ئەو یاسایە كە سەپاندنی ئەحكامەكانی مەزهەبی شیعە و سوننەیە بەسەر دادگاكاندا، دەبێتە هۆكاری ئەوەی كە كۆمەڵگەی عێراقی لەسەر بنەمای هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە لەیەكتری جیابكاتەوە، لەبەر ئەوەی بوار دەدات بەوەی كچ لە تەمەنی باڵق بوون مارە بكرێت، ڕێژەی جیابوونەوە و تەڵاق زۆر زیاد دەبێت، پرسێكی دیكە كە لە كۆمەڵگەی عێراقیدا باوە، مەسەلەی هاوسەرگیری تێكەڵە لە نێوان سوننە و شیعەدا، ئەوجا یان جاری وایە ژنەكە سوننەیە و پیاوەكە شیعەیە یان بەپێچەوانەوە، لەم حاڵەتەدا ئەو مەزهەبەی پیاوەكە دیاری دەكات بەسەر ژنەكەشدا فەرز دەكرێت، بۆیە زۆر جار لە حاڵەتی لەو جۆرەدا مافی ژنەكە پێشێل دەكرێت.

خاڵێكی دیكە كە دەكرێت هەڵوەستەی لەسەر بكەین ئەوەیە كە جیاوازی تەمەنێكی زۆر لە نێوان هاوسەران دروست بۆ نموونە لەوانەیە پیاوەكە تەمەنی ٣٠ ساڵ و بەرەو ژوور بێت، بەڵام هاوژینەكەی تەمەنی ١٠-١١ ساڵ بێت، ئەم لایەنە كە لەڕووی بایولۆژییەوە دەرهاویشتەی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت كە پزیشكەكان باشتر دەتوانن قسەی لەسەر بكەن بەڵام لەڕووی مرۆییە پێشێلكردنی مافی مرۆڤە.

مەلا دڵشاد بێسفکی

لە دهۆک :

# بەشێک لە هۆکاری زیادبوونی تەڵاق ئەو دراما بیانیانەن کە دۆبلاژ دەکرێن بۆ کوردی

ooo

پرسی هەموار کردنی یاسای باری کەسیی عێراق، بۆتە ڕۆژەڤ لە ناو ڕای گشتیی کوردستان و ڕای گشتیی شەقامی عێراقیشدا، هۆکاری سەرەکیش بۆ ناڕەزایی لەم هەموارە ئەوەیە دەرگا دەکاتەوە کە تەمەنی هاوسەرگیری بە تەمەنی باڵق بوونەوە گرێبدرێتەوە وەك خۆیان دەڵێن تەمەنی ٩ ساڵی، بەڵام تەمەنی باڵق بوون لە شەریعەتی ئیسلامیدا گرێدراوەتەوە ئاستی ئەوەی تاچەند ئەو تەمەنە گونجاوە بۆ ئەوەی ئەو بەرپرسیاریەتییە بخرێتە سەر شانی، زانایانی ئایینی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆی زۆریان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە لە ناو پەرلەمانی کوردستان قسەی لەسەر کراوە، بۆیە ئێمە گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە کچی ئێمە نەك لە ٩ ساڵی بەڵکو لە خوار ١٨ ساڵی ناکرێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامبدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا ١٨ساڵ تەواو نەکات لە ڕووی بایۆلۆژییەوە جەستەی پێگەیشتوو نابێت بۆ ئەوەی ببێتە دایك، بۆیە ئێمە وەك زانایانی ئایینی لە وتارەکانیشمان لە نوێژی هەینی ئامۆژگاری دایك و باوکان دەکەین کە هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵیدا ئاکامەکەی باش نابێت.

من وەك زانایەکی ئایینی لە سەنتەری توندوتیژی دژی خێزان کار دەکەم، ئەو کێشانەی دێنە لای ئێمە، بەشی هەرە زۆریان هی ئەو کوڕ و کچانەن کە لە تەمەنی مناڵیدا هاوسەرگیریان کردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی دروست هاوسەرگیریان نەکردووە و خێزانیان پێکنەهێناوەو، نەژنەکە مافی پیاوەکە دەزانێ چیە، نە پیاوەکە دەزانێت مافی ژنەکەی چییە؟ بۆیە لێکتێناگەن و دێن و دەیانەوێت لەیەکتری جیاببنەوە.



بەداخەوە پرسی تەڵاق و هەڵوەشانەوەی خێزانەکان زۆر زیادی کردووە، هۆکاری ئەو لێکجیابوونەوەیەش زۆر گەورە نین وەختە بڵێم بۆتە چاو لێکەری، ئەمەش گەلێك هۆکاری لە پشتەوەیە وەك نەبوونی ڕۆشنبیری، کاریگەریی دەوروبەر، ئەو دراما تەلەفیزیۆنییە بیانیانەی کە بۆ کوردی دۆبلاژ دەکرێن.

لەگەڵ ئەوەی ئەو پێشنیار هەموارکردنەی ئێستا دەیانەوێت لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕێنن، لەکوردستان جێبەجێ ناکرێت و کوردستان لەساڵی ٢٠٠٨ئەو یاسایەی هەموارکردووە و یاسای باری کەسیی خۆی هەیە، بەڵام بمانەوێت یان نەمانەوێت ئێمەش بەشێکین لە عێراق و پڕیشکی دەرهاویشتە خراپەکانی بەر هەرێمی کوردستانیش دەکەوێت.




**پ.د. مونا یوخەننا یاقۆ**

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە کوردستان:


# یاسای باری کەسیی عێراق یەکێکە لە یاسا باشەکان و پێویستی بە هەموارکردنەوە نییە

پ.د.مونا یوخەننا یاقۆ سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤە لە کوردستان و، پسپۆر تایبەتمەندە لە یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و، مامۆستا بووە لە کۆلێژی یاسا و رامیاری زانکۆی سەلاحەددین و، یەکێکە لە چالاکوانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافی پێکهاتە جیاوازەکان بە گشتی و، دامەزرێنەری یەکێتیی ئافرەتانی ئاشوری و کۆمەڵگەی حەدیابە بۆ توانستەکان، ئەندامی دامەزرێنەری (زانکۆی کاسۆلیکی)یە لە هەولێر، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٥ وەك ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بووە، لە گفتوگۆی ئەمجارە « هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی»، وەك پرۆفیسۆرێکی یاسا و شارەزا لە دەستووری عێراق بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.

لەسەر ئەم پرسە «هەمواركردنەوەی یاسای باری كەسیی عێراق و ئاكامەكانی» وەك پرۆفیسۆرێكی یاساو ئافرەتێك كە پێشنیاری هەمواركردنەوەی ئەم یاسایە زۆر كاریگەری لەسەرم هەبووە قسە دەكەم، نەك وەك سەرۆكی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە كوردستان و، لەسەر ئەم پرسە توێژینەوەیەكیشم ئامادەكردووە بەڵام هێشتا بڵاوم نەكردۆتەوە.

بە شێوەیەكی گشتی من پێڕەوی پرەنسیپێك دەكەم كە ئەویش ئەوەیە «ئەگەر بتەوێت بەڕێز بیت دەبێت ڕێزی بەرامبەرەكەت بگری»، بۆیە پێش هەر قسەیەك دەمەوێت ئەوە بڵێم كە ڕێزێكی زۆرم بۆ هەموو ئایین و مەزهەبەكان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم هەمواركردنەوەیە پەیوەندی بە شەریعەت و مەزهەبە ئیسلامییەكانەوە هەیە، بەڵام دەمەوێت رایەكانی خۆشم زۆر بەراشكاوانە لەسەر ئەم پرسە بخەمەڕوو.

ساڵی ٢٠٠٥ كاتێك دەستوورمان نووسییەوە لە چوارچێوەی ڕێككەوتنی لایەنە سیاسییەكان زۆر شت خرایە ناو ئەو دەستورە كە نەدەبوایە تیایدا بێت، بۆیە بەداخەوە دەستوری عێراق وەك دەستووری « دروستكردنی تەنگژە نەك چارەسەركردنی تەنگژە» پێناسە دەكرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی» دەبینین ئەوە ٢٠ ساڵە ئەو یاسایەمان نییە، دەستورەكە نەیتوانیووە ئەم كێشەیە چارەسەر بكات و یاسایەكی ڕێكوپێك بۆ نەوت و گازی فیدراڵی دەربچوێنێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە دەستوورەكە بەدەقی یەكلاكەرەوە پرسی نەوت و گازی چارەسەر نەكردووە، بەڵكو ماددەكانی جێگەی تەفسیر و تەئویلی جیاوازن.

ئەگەر سەیری پرسەكانی «ئایین، شەریعەتی ئیسلام، دیموكراتی، ماف و ئازادییەكان» بكەین دەبینین لە ماددەی ٢ی دەستوردا بڕگەی یەكەم بەمجۆرە نووسراوەتەوە:» ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەكی یاسادانانە، نابێت یاسایەك دابنرێت لەگەڵ حوكمە جێگیرەكانی ئیسلام ناتەبا بێت، نابێت یاسایەك دابنرێت لەگەڵ بنەما دیموكراسیەكان ناتەبا بێت، نابێت یاسایەك دابنرێت كە ناكۆك وناتەبا بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتیانەی كە لەم دەستورەدا هاتوون.»، ئەگەر سەیری ئەم ماددەیە بكەین دەبینین چەند پرسێكی پێكەوە گرێداوەتەوە كە لەگەڵ یەكتری یەكناگرنەوە، لەلایەك دەڵێت « ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و نابێت یاسایەك دابنرێت لەگەڵ حوكمە جێگیرەكانی ئیسلام ناتەبا بێت، لەلایەكی دیكەش باس لەوە دەكات نابێت یاسایەك دابنرێت لەگەڵ بنەما دیموكراسیەكان ناتەبا بێت، بەراستی تێناگەین چۆن ئەمانە لەگەڵ ماددەی ٤١ دەستور پێكەوە گرێدەدرێنەوە.



لەلایەكی یكە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە لە دوای ڕووخانی رژێمی پێشوو، هێز و لایەنە سیاسیەكانی شیعە لە هەوڵی ئەوەدان یاسای باری كەسی عێراق هەموار بكەنەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ و لەسەردەمی ئەنجوومەنی حوكم خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز حەكیم بڕیاری ١٣٧ دەركرد بەوەی یاسای باری كەسی عێراق رەتبكرێتەوە و پرەنسیپەكانی شەریعەتی ئیسلامی جێگەی بگرێتەوە، بەڵام بیرۆكەی بڕیاری ١٣٧ خرایە ناو ماددەی ٤١ دەستور و هیچ لایەنێكی سیاسیش رەتینەكردەوە، دواتر چەندین جاری دیكە لە «٢٠١٠، ٢٠١٤، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠٢٤» بە بەردەوامی داوای ئەوە كراوە كە ئەم یاسایە هەموار بكرێتەوە، هەندێك جار داوا كراوە هەموو یاساكە هەموار بكرێتەوە هەندێك جاریش داواكراوە ماددەی ٥٧ی یاساكە كە تایبەتە بە سەرپەرشتی و پەروەردەی منداڵ دوای جیابوونە «الحچانە».

لە هەموو ئەو جارانەی كە پێشنیاری هەمواركردنەوەی پێشكەشكراوە چ بۆ دادگای فیدراڵی یان ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق باس لەماددەی ٤١ی دەستوور و ماددەی ٥٧ی یاسای باری كەسیی عێراق كراوە بەوەی پێداگیری دەكەن ئەم ماددەیە لە یاساكەدا دژی بنەما جێگیرەكانی ئەحكامی ئیسلامە، لە بەرامبەردا دادگای فیدراڵی وەڵامی داونەتەوە كە ئەو ماددەیە — ٥٧- ماددەیەكە تەفسیری جیاوازی لەسەر هەیە، یەكێكە لەو چوار ماددەی كێشەی لەسەر هەیە و بۆیە دەبێت سڕ بكرێت، بە بۆچوونی منیش

**ئەم هەموارە مەرجدارە بەوەی دوای ٦ مانگ لە جێبەجێکردنی، دوو مەدوەنەی شیعی و سوننی دەربچێت، ئەمەش مانای ئەوەیە هاووڵاتی ملکەچی یاسایەک دەکرێت کە نازانین چ ماددەیەک لە خۆی دەگرێت**

**ئێمە لە دەستوری عێراق و لە عورفی یاسایی عێراق رێسا و رێنماییمان هەیە، بۆیە مەدوەنە شتێکی نامۆیە، هەندێک مەدوەنەمان هەیە وەک مەدوەنەی قازییەکان بۆ ئاکاری قازییەکان ئەمە لە عێراق لە هەرێمیش دەرچووە و کاری پێدەکرێت**

**یاسای باری کەسیی عێراق لەدوای یاسای باری کەسیی «تونس و مەغریب و میسر» یەکێکە لە یاسا باشەکان، ئیدی بۆچی ئەو یاسا باشە هەموار بکەینەوە**

ناتوانرێت ماددەیەك کێشەی لەسەر بێت بکرێتە بناخە بۆ هەموارکردنەوەی یاسایەك، بۆیە هەتا یاساکە هەموار نەکرێتەوە ناتوانین لەسەر بنەمای ماددەی ٤١ دەستور یاسایەکی تازە دابنێین، بۆیە ئەمە بەڵگەیەکە کە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت ئەو هەموارەی ئێستا دراوەتە ئەنجوومەنی نوینەرانی عێراق تێپەڕێنرێت.


خاڵێکی دیکە لە پێشنیارە هەموارکردنی یاساکە پرسی بەشوودانی کچی منداڵە «زواج القاصرات»، لەم پێشنیارەدا زۆر زیرەکانە هاتوون هەموو پرسەکەیان لەناو دوو ماددەی یاساکە کۆکردۆتەوە، ئەمە وەك ئەوەی ساڵی ٢٠١٤ نیە کە وەزارەتی دادی عێراق پێشنیارێکی یاسای باری کەسیی هێنابووە ئەنجوومەنی وەزیران کە تیایدا دەستکاری هەموو ماددەکانی ناو یاساکەی کردبوو، بە راشکاوی پێشنیاری یاسای باری کەسی مەزهەبی جەعفەری هێنابوو، لە ئەنجوومەنی وەزیران دەنگیشی لەسەر درا، بەڵام دواتر چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چەندین کۆڕ و سیمیناریان لەسەر کرد و گوشاریان دروستکرد، چونکە بە ئاشکرا لە پێشنیاری یاساکە هاتبوو «ئەگەر ژنێك تەڵاق درا هێشتا ٩ ساڵی تەواو نەکردبێت»، ئەمە لە ناوەرۆکدا ئەو مانایەی هەیە کە ئەو کچە پێش ٩ ساڵی مارەکرایە، بۆیە ئەمە هەڵای لێکەوتەوە و هەر کەسێك دەیخوێندەوە رەتیدەکردەوە و قبوڵی نەدەکرد. لەم پێشنیارەی ئەمجارە پێشکەشیان کردووە، هەموارکردنەوەی ئەو دوو ماددەیە لای یاساناسان ئاشکرایەو رەتدەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر کەسێك شارەزای یاسا نەبێت و نەگەڕێتەوە بۆ فیقهی جەعفەری لەوە تێناگەن کە ئەو دوو ماددەیە لەناوەوە بە کۆمەڵێك مین چنراوە، ئەوان هەوڵیانداوە ئەو مینانە بشارنەوە.

لەم پێشنیاری هەموارکردنەدا، باس لە مەدوەنەی وەقفی سوننی وشیعە دەکات، بەڵام لە ماددەی ١٢٩ی دەستوری عێراق هاتووە «یاساکان لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێنەوەو لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیانەوە کاریان پێدەکرێت».، بەڵام ئەم هەموارە مەرجدارە بەوەی دوای ٦ مانگ لە جێبەجێکردنی، دوو مەدوەنەی شیعی و سوننی دەربچێت، ئەمەش مانای ئەوەیە هاووڵاتی ملکەچی یاسایەك دەکرێت کە نازانین چ ماددەیەك لە خۆی دەگرێت و ووردەکارییەکانی چین، ئەمەش گرتنەبەری رێوشوێنێکی نادەستوورییە، بەڵام مەدوەنە زاراوەیەکی زۆر نامۆیە بە فیقهی دەستووری عێراق، ئێمە لە دەستوری عێراق و لە عورفی یاسایی عێراق رێسا و رێنماییمان هەیە، بۆیە مەدوەنە شتێکی نامۆیە، هەندێك مەدوەنەمان هەیە وەك مەدوەنەی قازییەکان بۆ ئاکاری قازییەکان ئەمە لە عێراق لە هەرێمیش دەرچووە و کاری پێدەکرێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەوانەی ئەو مەدوەنەیە دەنووسن لە دەرەوەی پەرلەمان ئامادەی دەکەن، بۆیە کاتێك دەنگدانی لەسەر دەکرێت ئەوانەی نووسیوویانە ئامادەنین، ئەمەش پێچەوانەی ماددە ٦١ی دەستورە کە دەڵێت «دانانی یاسا فیدراڵییەکان کاری ئەنجوومەنی نوێنەرانە»، هەروەها پێچەوانەی بڕیاری ژمارە ٢٣٥ی دادگای فیدراڵیشە کە لەساڵی ٢٠٢٢ دەریکردووە.

خاڵێکی دیکە کە لایەنگرانی هەموارەکە باسی دەکەن، ئەوەیە کە دەڵێن « هەموارکردنەوەی یاسا شتێکی ئاساییە»، بەڵێ ئێمە دەڵێین «ئاساییە یاسا هەمواربکرێتەوە» بەڵام کاتێك لەناو یاساکە بۆشایی یاسایی هەبێت و لەگەڵ ئەو سەردەمە نەگونجێت، بەڵام یاسای باری کەسیی عێراق لەدوای یاسای باری کەسی «تونس و مەغریب و میسر» یەکێکە لە یاسا باشەکان، ئیدی بۆچی ئەو یاسا باشە هەموار بکەینەوە، ئەمە لە کاتێکدایە ئێمە زیاتر لە ٥٠ ماددەی دەستوریمان هەیە کە پێویستی بەوەیە یاسایان بۆ دەربکەین و بە یاسا ئەو ماددە دەستووریانە رێکبخەین، بەڵام پشتمان کردۆتە هەموو ئەو یاسایانەی کە پێویستە دەریان بکەین و هاتوون هەڵایەکیان لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراقی دروست کردووە کە پێویستی بە هەموارکردنەوە نییە.

لە دوماهیدا دەخوازم بڵێم، گرێبەستی هاوسەرگیری، رەزامەندی دوولایەنەی هەردوو هاوژینەکەیە، پێویستی بە شیان و تەمەنێك




**کچێکی منداڵی تەمەن ٩ دەزانێت ئەو گرێبەستەی بۆ هاوسەرگیری دەکرێت مانای چییە هەتا ڕەزامەند بێت یان نەبێت؟، ئایا کچێکی ٩ ساڵی ئەقڵی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی چاك و خراپ لەیەکتری جیابکاتەوە؟، ئایا کچێکی ٩ ساڵی شیانی ئەوەی هەیە کە بەرپرسیاریەتی ماڵێك لە ئەستۆ بگرێت و ببێتە دایك؟**

**گرنگە پشت بە ڕێککەوتننامەی «نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك دژی ئافرەتان -سیداو- هەروەها ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ» ببەستین ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو پێشنیاری هەموارکردنەوەیەی بۆ یاسای باری کەسیی عێراق کراوە بەندەکانی ئەم دوو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییە پێشێل دەکات و، دەوڵەتی عێراقیش ئیمزای لەسەر ئەم ڕێککەوتننامانە کردووە**

هەیە کە بتوانێت چاك و خراپ لێکجیابکاتەوەو بتوانێت بڕیار بدات، بۆیە دەپرسم کچێکی منداڵی تەمەن ٩ دەزانێت ئەو گرێبەستەی بۆ هاوسەرگیری دەکرێت مانای چییە هەتا ڕەزامەند بێت یان نەبێت؟، ئایا کچێکی ٩ ساڵی ئەقڵی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی چاك و خراپ لەیەکتری جیابکاتەوە؟، ئایا کچێکی ٩ ساڵی شیانی ئەوەی هەیە کە بەرپرسیاریەتی ماڵێك لە ئەستۆ بگرێت و ببێتە دایك؟

دوایین خاڵ کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە دەستووری عێراق خۆی پابەند نەکردووە بە ڕێککەوتننامە وپەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەگەر سەرنج بدەین لەماددەی ٨ی دەستوری عێراقدا هاتووە و دەڵێت» عێراق ڕێز لە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت»، بێگومان ڕێزگرتن جیاوازە لەگەڵ پابەندبوون، ریزگرتن گەرەنتی نییە بۆ ئەوەی پێوەی پابەند دەبێت، دەکرێت ڕێزی لێبگرێت و دەکرێت فەرامۆش بکرێت، بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لەم هەموارە زۆر گرنگە پشت بە ڕێککەوتننامەی «نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك لە دژی ئافرەتان -سیداو-، هەروەها ڕێککەوتنی مافەکانی منداڵ» ببەستین ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو پێشنیاری هەموارکردنەوەیەی بۆ یاسای باری کەسیی عێراق کراوە بەندەکانی ئەم دوو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییە پێشێل دەکات و، دەوڵەتی عێراقیش ئیمزای لەسەر ئەم ڕێککەوتننامانە کردووە.



**عەلی ئەلمگدام**

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مافپەروەر:

# ئەگەر ئەم هەموارەی یاسای باری کەسی تێپەڕێندرێت، ئەوا دەسەڵاتێکی یاسادانانی ئایینی دروست دەکات کە هاوتەریبی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێت

عەلی ئەلمگدام نووسەر و ڕۆژنامەنووسە و چالاکوانێکی مافپەروەرە، بایەخ بە کاروباری عێراق و یەکسانیی ڕەگەزی و کاروباری سیاسی دەدات، لە دوای پرۆژەی پێشنیارکراو بۆ هەمواركردنی یاسای باری کەسیی عێراق، گرووپێکیان بۆ دژایەتیی ئەو هەموارکردنە پێك هێناوە بە ناوی گرووپی ١٨٨، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ داکۆکیکردن لە یاسای باری کەسیی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، ئەم گرووپە نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی عێراقی لە خۆی گرتووە و ئامانجیان ئەوەیە ئیرادەیەکی عێراقیی یەکگرتوو بۆ ڕێگرتن لە هەموارکردنەوەی ئەو یاسای دروست بکەن و، نەهێڵین ئەم هەموارکردنەوەیە بە زۆرینە و کەمینە لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕێنرێت، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

ئەمڕۆ لەسەر پرسێکی زۆر گرنگ و هەستیار گفتوگۆ دەکەین، کە تایتڵەکەی «هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی»ـە تی، ئێمە بۆ ڕێگرتن لەم هەموارکردنەوەیە گرووپێکمان پێك هێناوە بە ناوی گرووپی «١٨٨» کە تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقی لە خۆی گرتووە، وەك ئەم گرووپە دیراسەتێکمان ئامادە کردووە کە تیایدا تەواوی لایەنە نەرێنییەکان و ئەو دەرهاویشتە خراپانەمان دەستنیشان کردووە کە بە هۆی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە ڕووبەڕووی خێزان و کۆمەڵگەی عێراق و پێشێلکردنی مافی ژنان و منداڵ دەبێتەوە، بۆیە دەخوازم پوختەیەکی ئەم دیراسەتە لێرە بخەمە ڕوو.

ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژوودا بگێڕینەوە، ئەوا دەبینین کە شەریعەتی ئیسلامی بابەتەکانی باری کەسیی ئاماژە پێکردووە هەر لە «هاوسەرگیری، جیابوونەوە، جیابوونەوە بە ڕێککەوتن، ولایە، وەسایە و...هتد»، لە کۆی شەش هەزار ئایەتی قورئانی پیرۆز، حەفتا ئایەت باس لە ئەحکامە شەرعییەکانی باری کەسی دەکات.

لە فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا «د.خ» باس لە ئەحکامەکانی باری کەسی کراوە، بەڵام دواتر بە هۆی ئەوەی ئیسلام بووە دەوڵەت، گۆڕانکاریی بەسەردا هات و، دامەزراوەی دادوەری هاتە ئاراوە و ئەحکامی دادوەریی دروست کرد، ئەمە بێجگە لە سەرهەڵدانی چەندین قوتابخانەی وەك قوتابخانەی «ئەهلی ڕەئی» لە عێراق، کە هی ئەبو حەنیفەی نوعمان بوو، هەروەها قوتابخانەی «ئەهلی حەدیس» لە حیجاز، دوای ئەویش مەزهەبەکانی «حەنەفی، شافعی، مالیکی، حەنبەلی، شیعەی زەیدی، جەعفەری، دوانزە ئیمام، ئەبازی» دروست بوون.

لە ناو ئەو هەموو فرەڕەنگییە فیقهییەدا، پاشانیش فراوانبوونی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی، پێویستیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەحکامە شەرعییەکان بکرێنە یاسا، بۆ ئەوەی دادگای ئیسلامی کار بەو ئەحکامانە بکەن کە وەك یاسا ڕێك خرابوون، بۆ ئەوەی خەڵکەکە ئاگادار بن لە کاروباری باری کەسێتیدا کە ملکەچی کام ئەحکامە دەبن.

ئەوەی تایبەتە بە یاسای باری کەسێتیی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، پێش دەرچوونی ئەم یاسایە «دەستەی تەمییزی جەعفەری شیعە» هەروەها « دەستەی تەمیزی سوننە» کاروبارەکانی باری کەسیی خەڵکەکەیان بەپێی ئەو مەزهەبەی لەسەری بوون بەڕێوە دەبرد.

دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز لە ساڵی ١٩٥٩، وەزارەتی دادی عێراق لیژنەیەکی لە کۆمەڵێك قازی و فەقیهی دەستووری پێك هێنا کە بریتی بوو لە «عەبدوڵڵا بوستانی، حوسێن محیەدین، مەحمود خاڵس، حسێن جەمیل، عەبدوڵڵا عگێڵی»، ئەم لیژنەیە لەسەر بنەمای ئەو هاودەنگییەی لە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام لە ناو هەموو مەزهەبەکاندا هەیە، لائیحەیەکی باری کەسیی دارشت، ئەم لائیحەیە پاشان بوو بە یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، ئەمەش واتە ئەم یاسایە لەبەر ڕۆشنایی باشترین ئەحکامەکانی هەموو مەزهەبەکانی ئیسلامدا دەرچووە.

**پشت بەستن بە ماددەی ٤١ ئەو مانایە ناگەیەنێت کە پیاو سەرپشک بێت لەوەی مەزهەبی خۆی بەسەر ژندا بسەپێنێت**

ئەم یاسایە لە عێراقدا بەهۆی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت و تیرۆرەوە، کۆمەڵێك هەموارکردنی زۆر بێ ڕەحمانەی بەرامبەر مافی ئافرەتان و خێزان بە شێوەیەکی گشتی لە عێراقدا تێدا کراوە.

لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و دەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، کە ڕزگاری بوو لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری و، دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك لەو پێشنیارانەی پەسەند کرد کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی هەرێم پەسەندی کرد، کە داوایان دەکرد یاسای باری کەسی هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی شێوازێکی مۆدێرنانە وەربگرێت، کە لەگەڵ شارستانییەت و مەدەنییەت و مافەکانی مرۆڤدا یەك بگرێتەوە.

**پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێک لەو پێشنیارانەی پەسەند کرد کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی هەرێم پەسەندی کرد، کە داوایان دەکرد یاسای باری کەسی هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی شێوازێکی مۆدێرنانە وەربگرێت، کە لەگەڵ شارستانییەت و مەدەنییەت و مافەکانی مرۆڤدا یەک بگرێتەوە**

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری و دامەزراندنی ئەنجوومەنی حوکم، عەبدولعەزیز حەکیم بڕیاری ١٣٧ی دەرکرد و لەم بڕیاردا داوای کردبوو کە یاسای باری کەسیی عێراق

ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ ڕەت بکرێتەوە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان کە ئەم هەڵوێستەی وەك خاڵێکی گەش بۆ تۆمار دەکرێت، بە سووربوونی لەسەر ئەوەی دەبێت عێراقی نوێ «دەوڵەتی یاسا و دەستوور» بێت و نابێت بە لۆژیکی فیقهی مەزهەبی بەڕێوە بچێت، بە تێکرای دەنگ، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ژمارە ١٣٧ی ئەنجوومەنی حوکمی عێراقی ڕەت کردەوە.

سەبارەت بەو پێشنیاری ئەم جارەی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی پێشکەش کراوە، بۆ ئەم هەموارە پشت بە ماددەی ٤١ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بەستراوە، کە دەڵێت «عێراقیەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسێتیان بە پێی ئاین و ئاینزاو بیروباوەڕو هەڵبژاردنی خۆیان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت»، بەڵام ئەم ماددەیە کە دەڵێت «عێراقیەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی مەزهەبەکەیان» هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی لێك جیا نەکردووەتەوە، لە ماددەی ١٤ی دەستووردا هاتووە کە دەڵێت «عێراقیەکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا بەبآ جیاوازی ڕەگەز یا نەژاد یا نەتەوە یا بنەچە یا ڕەنگ یا ئایین یا ئایینزا یا بیروباوەڕ یا بۆچوون یا بارودۆخی ئابووری یا کۆمەڵایەتیان» کەواتە ماددەی ١٤ی دەستوور ئەو حوکمەی ماددەی ٤١ بەتاڵ دەکاتەوە کە داوای پێشنیاری هەموارکردنەکە دەکات، کە بە فیقهی جەعفەری باری کەسی ڕێك بخرێت و پیاو ئەو مافەی هەیە کە مەزهەب هەڵبژێرێت، ئەمەش ئەو مانایەی دەبێت کە پیاو دەتوانێت مەزهەبەکەی خۆی بەسەر ژندا فەرز بکات، لە کاتێکدا هاوسەرگیرییەکە لە نێوان سوننە و شیعە بێت، یان لە نێوان سوننە و سوننە یان شیعە و شیعەدا بێت.

ئەم واقیعە ئەوەمان پێ دەڵێت، پشت بەستن بە ماددەی ٤١ ئەو مانایە ناگەیەنێت کە پیاو سەرپشك بێت لەوەی مەزهەبی خۆی بەسەر ژندا بسەپێنێت، بۆیە پشت بەستن بەو ماددەیە کە لە پێشنیاری ئەو هەموارەدا پشتی پێ بەستراوە هیچ بنەمایەکی دەستووریی نییە و پووچە.

خاڵێکی دیکە کە لە پێشنیاری هەموارکردنی یاساکە هاتووە، لەلایەن دەستەی وەقفی سوننی و دەستەی وەقفی شیعەوە مدەوەنەیەکی شەرعی بۆ کاروباری باری کەسی ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی کاروباری باری کەسیی عێراقییەکانی پێ ڕیك بخرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئەم هەموارە تێپەڕێت ئەوا بە تەواوەتی یاسای ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ پەك دەخات و یاساکە لە هەموو ماناکانی بەتاڵ دەکاتەوە و، مەدەوەنی شەرعی «شیعە و سوننە» دەکەوێتە سەرووی دادگا و یاساوە.

بۆیە لەم حاڵەتە ئافرەتان داوای هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی پشتگیرییان بکەین و ڕێگە نەدەین هەمواری یاسای باری کەسی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینە و کەمینە تێپەڕێندرێت، تا زوڵمێکی گەورە دەرهەق بە ئافرەتان نەچەسپێندرێت، کە بەپێی ئەم هەموارە ئافرەت بێبەش دەبێت لە مافەکانی »جیابوونەوە، میرات، دایکایەتی و بەخیوکردنی منداڵ و.. هتد»، ئەگەر هەڵوەستە لەسەر فیقهی جەعفەری بکەین، دەبین دەڵێت «ئەگەر دوو هاوسەر لە یەکتری جیابوونەوە، دواتر ژنەکە شووی کردەوە، ئەوا مافی دایەنیی منداڵی نامێنێت، هەتا ئەگەر لە مێردەکەشی جیا ببێتەوە مافی دایەنیی بەخێوکردنی منداڵەکەی بۆ ناگەڕێتەوە، لە مەسەلەی میراتدا، ئافرەت زەویی پێ نادرێت، بەڵکو ئەو زەوییە بەچەند خەمڵێندرا پارەکەی پێ دەدرێت، ئەوجا ئەو ئافرەتە ئەوە قبووڵ بکات یان ڕەتی بکاتەوە، ئەوا هیچ بژارەیەکی لەبەردەمدا نابێت.

ئەو بەڵگانەی کە لایەنگرانی هەموارەکە پشتی پێ دەبەستن، بڕگەیەك لە ماددەیەکی دەستووری وەردەگرن بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر مادەکانی دیکە، لەمەش زیاتر هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆکن کە یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ لە کۆی باشترینی هەموو مەزهەبە فیقهییەکانی ئیسلامەوە وەرگیراوە، بەڵام بەم هەموارکردنەوەیە دەیانەوێت فیقهی جەعفەری بە تەنیا جێگەی مەزهەبەکانی دیکەش بگرێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ماوەی ٦٥ ساڵە لە دادگاکانی باری کەسیدا کار بەو یاسایانە دەکرێت و هیچ ئیشکالییەتێکی شەرعییش دروست نەبووە.

**ئەگەر ئەم هەموارە تێپەڕێت ئەوا بە تەواوەتی یاسای ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ پەک دەخات و یاساکە لە هەموو ماناکانی بەتاڵ دەکاتەوە**

**بەم هەموارکردنەوەیە دەیانەوێت فیقهی جەعفەری بە تەنیا جێگەی مەزهەبەکانی دیکەش بگرێتەوە**

لەسەر ئەم پرسە کە ئێمە زۆر بەرتوندی ئەم هەمواركردنەوەیە ڕەت دەكەینەوە، هەندێك لە برادەرانی ناو لایەنە شیعەكان گلەیی ئەوەمان لێ دەكەن كە ئێمە گووتوومانە «ئەم هەمواركردنە دەبێتە هۆكاری ئەوەی ناسنامەی مەزهەبی بچەسپێندرێت و ناسنامەی نیشتمانی كۆتایی بێت و بەرەو قۆناخی دوای دەوڵەت هەنگاو هەڵدەگرین» لەسەر ئەم پرسە ڕەوتی حیكمە گلەییان لێ كردوین، بەڵام ڕاشكاوانە دووبارەی دەكەمەوە كە تێپەڕاندنی ئەم هەموار دەبێتە هۆكاری ئەوەی كە عێراقییەكان بەسەر ناسنامەی لاوەكیدا دابەش ببن و هەموو بۆچوونەكان كپ دەكرێن، ئەوكات كلتووری «دەبێ و نابێ» بڵاو دەبێتەوە و تەحەكوم بە ڕێكخستنی خێزان لە عێراقدا دەكات، ئەمەش زۆر دوورە لە ماددەكانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ كە بەشی هەرە زۆری عێراقییەكان پەسەندیان كردووە، هەروەها پێچەوانەی ماددەی ٢٩ی دەستووره كە دەڵێت «خێزان بنەمای كۆمەڵگەیەو دەوڵەت پارێزگاری لە قەوارەو بەها ئایینی و ڕەوشتی و نیشتمانیەكەی دەكات»، ئەوجا كاتێك ئەم هەموارە ئامانجی ئەوەیە كە ڕێكخستنی خێزان لە عێراقدا دابەش بكات، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ماددە دەستوورییە پێشێل دەكرێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی كە ئەگەر ئەم هەموارەی باری كەسێتییە تێپەڕێندرێت، ئەوا دەسەڵاتێكی یاسادانانی ئایینی دروست دەكات كە هاوتەریبی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێت و، لەم دەسەڵاتی یاسادانانی ئایینیدا، فەتوا و بۆچوونەكانی وەقفی سوننی و شیعی دەبنە بنەمای یاسادانان، ئەمەش واتە دەسەڵاتێكی دیكەی یاسادانان دروست دەبێت كە تیایدا فەتوا هێزی یاسای دەبێت.

كە باس لە مدەونەی شەرعی دەكرێت، پرسیار ئەوەیە ئەم مەدەونەیە چۆن دادەڕێژرێت، لە كاتێكدا لە ناو شیعەكاندا زیاتر لە مەرجەعێك هەیە وەك «سیستانی، بەیتی حەكیم، ئەلخوئی، تەباتەبائی، بەحر ئەلعلوم و.. هتد» هەروەها لە سوننەش چەندین مەرجەع و بۆچوونی جیاواز هەیە، ئایا پشت بەكام مەرجەع دەبەسترێت بۆ نووسینەوەی ئەو مدەونە شەرعییە؟

لە دوماهیدا بۆ ئەوەی تابلۆكە وەك خۆی بخەینە ڕوو و ئامانجەكانی پشتەوەی ئەم هەوڵانە بخەینە ڕوو، ئەوا دەبینن لە دوای هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٢١، كە هاوپەیمانی نێوا «تەیاری سەدر، پارتی دیموكراتی كوردستان، هاوپەیمانی تەقدوم» دروست بوو بۆ پێكهێنانی حكومەتی عێراق، وەك بینیمان دژایەتی كرا هەتا گەیشتە ئەوەی موقتەدا سەدر لە ناو پرۆسە سیاسییەكە پاشەكشە بكات و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بە تاكلایەنە دەسەڵاتی بكەوێتە دەست. پرۆگرامێكی وەزاری دانرا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا حكومەتی محەمەد شیاع سودانی پێك بهێنرێت، بەڵام كە حكومەتیان پێك هێنا، پابەندی بڕگەكانی پرۆگرامە وەزارییەكە نەبوون، هەر بۆ نموونە ئەو خاڵانەی پەیوەندیی بە ڕێكخستنەوەی پەیوەندییەكانی هەولێر و بەغداوە هەبوو، بەتایبەتی ماددەكانی «١٤، ١٥،١٦» هیچیان جێبەجێ نەكران، گەیاندیانە ئەوەی ئەوە ماوەی ٩-١٠ مانگە كورسیی سەرۆكی پەرلەمان چۆڵە و بە وەكالەت لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە كەسێكی دیكە دانراوە، یاسای جەژنی «غەدیر» تێپەڕێندرا لەسەر حیسابی جەژن و بۆنە نیشتمانییەكان، لە ئێستادا كە پێشنیاری هەمواركردنەوەی باری كەسی لەلایەن فراكسیۆنی گەورەی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەوە پێشكەش كراوە و دەیانەوێت بە زۆرینە تێی پەڕێنن، ئەمە پەیامێكە بۆ سوننە بەوەی پێیان دەڵێت «كارمان بە ئێوە نەماوە لە گەڵمان بن یان لەگەڵمان نەبن، دەتوانین یاساكە تێپەڕێنین»، هەروەها پەیامێكە بۆ كوردیش ئەمەش بەو مانایەی «ئێوە كۆمەڵێك كێشەتان لەگەڵ بەغدا هەیە باشترە پشتگیریی فراكسیۆنی گەورەی ئێمە بكەن، بۆ ئەوەی هەندێك پرستان لە پەرلەمان تێپەڕبێت كە پەیوەندی بە مافەكانی گەلی كوردستانەوە هەیە.

هەموو ئەمانە واتە، بە ئیسلامیكردنی دەوڵەت، بە شیعەكردنی دەوڵەت و بردنی دەسەڵات بەرەو تاكڕەوی، بۆیە تێپەڕاندنی ئەم هەموارە زۆر ترسناكە، ئەگەر ئەمەیان بۆ بچێتە سەر دەبێت چاوەڕێی ئەوە بكەین دوای ئەمە چ هەنگاوێكی دیكە هەڵدەگرن.

**تێپەڕاندنی ئەم هەموار دەبێتە هۆكاری ئەوەی كە عێراقییەكان بەسەر ناسنامەی لاوەكیدا دابەش ببن و هەموو بۆچوونەكان كپ دەكرێن**

**تێپەڕاندنی ئەم هەموارە زۆر ترسناكە، ئەگەر ئەمەیان بۆ بچێتە سەر دەبێت چاوەڕێی ئەوە بكەین دوای ئەمە چ هەنگاوێكی دیكە هەڵدەگرن**




**د.ڕازاو مەحموود فەرەج**

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە یاسای باری کەسی :


# بەو هەموارەی پێشنیار کراوە ڕۆڵی دادگا نامێنێت و ڕێژەی جیابوونەوە و تەڵاق و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی خێزانەکان زیاتر دەبێت

د.ڕازاو مەحموود فەرەج ئەندامی بۆردی ڕێکخراوی ئازادبوونە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە یاسای باری کەسی و ناونیشانی تێزی دکتۆراکەی «ژێدەرەکانی یاسای باری کەسی»یە، هەورەها ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا بووە، لەو خولەشدا ئەندامی لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت بووە و، لە ئێستاشدا یەکێکە لەو چالاکوانانەیڕێکخراوی مەدەنی کە داکۆکی لە مافی ئافرەت و خێزان و منداڵ دەکات، لە گفتوگۆی ئەم جارە «هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» لە دیدێکی یاسایی و شەریعەتەوە هەڵسەنگاندنی بۆ پرۆژەی هەموارکردنی ئەو یاسایە کرد و بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستەڕوو.

پسپۆڕیی ئەکادیمی من لەسەر یاسای باری کەسییە و ناونیشانی تێزی دکتۆراکەشم «ژێدەرەکانی یاسای باری کەسی»یە، ئەمەش واتە قسەکردن لەسەر بابەتێك کە ئەمڕۆ جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆرە.

وام دانابوو کە هەڵوەستەیەك لەسەر مێژووی یاسای باری کەسی بکەم، بەڵام پێشتر بەڕێزان ئاماژەیان پێ کرد، بۆیە من لەو خاڵەوە دەست پێدەکەم لەسەر پاشخانی ئەو مێژووەی عێراقەوە، هەر لە سیستمی و پادشایەتی و پاشانیش کۆماری لە ساڵی ١٩٥٩ یاسای باری کەسیی عێراق بە یاسای ژمارە ١٨٨ دەرچوو، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئێستا ئێمە لە ساڵی ٢٠٢٤ داین، بۆچی پەرلەمانی عێراق دەیەوێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دواوە و بۆ پێش ساڵی ١٩٥٩؟

ئەگەر بیانوو و پاساو بۆ هەموارکردنەوەی

یاسای باری کەسیی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ ئەوەیە کە لەگەڵ ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامدا یەك ناگرێتەوە، ئەوا ئێمە بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەوەمان سەلماندووە کە ئەم یاسایە پێك هاتووە لە (٩٤)مادده و بەسەر نۆ بەشدا دابەش کراوە، کە بریتین لە «هاوسەرگیری، پێنەشیاوەکان، هاوسەرگیریی خاوەن کتێبە پیرۆزەکان، مافەکانی هاوسەرگیری و حکومەمەکانی، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری، عیددە (ماوەی شووکردنەوە)، لە ناو ئەم ٩٤ ماددەیە هیچ بابەتێکی تێدانییە کە سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامی نەبێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی توێژینەوەشم لەسەر شەریعەت کردووە، ئەوارێگە بە خۆم دەدەم لەسەر شریعەتیش قسە بکەم.

ئەو سەرچاوانە ماددەکانی یاسای باری کەسیی لەسەر داڕێژراوە، بریتین لە «قورئان، شەریعەت، سوننە» و هەموو سەرچاوەکانی دیکە.

یاسادانەری عێراقی لە دەرچواندنی یاسای ١٨٨ دەڵێت، بۆ ئەم یاسایە ئەحکامەکانی شەرع جێبەجێ کراوە، ئەمەش واتە ئەوەی پێی دەگوترێت «دەستەی تەمیزی سوننی، هەروەها دەستەی تەمییزی جەعفەری»ڕەچاو کراون، ئەمەش بەو مانایەی یاسادانەری عێراقی بە لەبەرچاوگرتنی گەشەسەندنەکانی کۆمەڵگەی عێراقی و بۆ ئەوەی هەموو عێراقییەکان یاسایەکیان هەبێت، باری کەسی و خێزانیی پێ ڕێك بخەن، سوودی لە هەموو سەرچاوەکان و مەزهەبە جیاوازەکان وەرگرتووە.

ئێمە وەك چالاکوانانی مافەکانی ژنان، دەزانین یاسای ١٨٨ یاسایەکی نموونەیی نییە بۆ دابینکردنی مافی ئافرەتان و منداڵ و خێزان، بۆیە لەگەڵ ئەوەداین ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە، چونکە دەزانین پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، بەڵام هەموارکردنێك بە ئاراستەی کرانەوە و مەدەنییەت نەك ئەم پێشنیاری هەموارکردنەی پێشکەشی پەرلەمانی عێراق کراوە، کە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمێك کە ناکرێت ژیان و ئابووری و باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەموو کۆمەڵگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە کۆن و پاشکەوتووە.

کاتێك باس لە تەمەنی هاوسەرگیری دەکرێت، لە قورئانی پیرۆزدا لە کۆی ٦٠٠٠ ئایەت، ٧٢ ئایەتی پەیوەندی بە ڕێکخستنی باری کەسیەوە هەیە، هیچ کام لەو ئایەتانە باسیان لە تەمەنی هاوسەرگیری نەکردووە، لە سورەتی نیساء لە ئایەتی شەشەمدا هاتووە «وَابْتَلُوا الْيَتَامَىٰ حَتَّىٰ إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ ۖ وَلَا تَأْكُلُوهَا إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَن يَكْبَرُوا ۚ وَمَن كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ ۖ وَمَن كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ ۚ فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ فَأَشْهِدُوا عَلَيْهِمْ ۚ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ حَسِيبًا »، ئەم ئایەتە باسی ئەو منداڵانە دەکات کە دایك و باوکیان نییە و، کاتێك دەگەنە تەمەنی هاوسەرگیری، دەتوانن ماڵەکانیان بۆ بگێڕنەوە و دەتوانن تا دەگەنە ئەو تەمەنە ئەو ماڵەیان بۆ هەڵسوڕێنن، ئەمە بابەتێك نییە تایبەت بێت بە تەمەنی هاوسەرگیرییەوە، بەڵکو ئەوەی کە پێی دەگوترێت «تەمەنی هاوسەرگیری» تەنیا و تەنیا بیروبۆچوونی فوقەهایە، فەقیهیش هەموو لایەك دەزانن خەڵکانێك بوون بۆ سەردەمی خۆیان ئیجتهادیان کردووە، بۆ ئەوەی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و شێوازی ژیانی ئەو سەردەمەی خۆیانی پێ ڕێك بخەن، نەك بکرێتە دەقێکی پیرۆز و ئەمڕۆ پشتی پێبەستین.

ئێمە دەزانین تەمەنی هاوسەرگیری لای مەزهەبەکانی «شافعی، حەنەفی، مالیکی، حەنبەلی» کە سوننە پیەیڕەویی دەکات، جیاوازە لە مەزهەبی جەعفەری کە شیعە پەیڕەویی دەکات، مەزهەبی جەعفەری تەمەنی هاوسەرگیریی بۆ کچان نۆ ساڵ و بۆ کوڕان بە ١٥ ساڵ دیاری کردووە، بەڵام لە چوارچێوەی یاسادا تەمەنی هاوسەرگیری گرێ داوەتەوە بە «شیان» یەوە، ئەمەش بەو مانایەی تەمەنی هاوسەرگیری ئەو کاتە دەبێتە ئاستی «شیانی» کە ١٨ساڵی تەواو کردبێت و ئەو کاتە «ئەهلیەت»ی دەبێت کە بتونێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات، لەناو چەمکی «ئەهلیەت»یش کۆمەڵێك دەستەواژە جێی کراوەتەوە، بەوەی دەبێت ئەو کەسە توانای جیاکردنەوەی باش و خراپ، ئیدراك و ئیرادەی هەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کچێکی تەمەن نۆ

**ئێستا ئێمە لە ساڵی ٢٠٢٤ داین، بۆچی پەرلەمانی عێراق دەیەوێت ئێمە بگەڕێنێتەوە بۆ دواوە و بۆ پێش ساڵی ١٩٥٩؟**

**ئەگەر ئەم بڕگەیەی یاسای باری کەسی هەموار بکرێتەوە، ئەوا دادگاکان ڕۆڵیان لاواز دەبێت و دەسەڵات دەدرێت بە پیاوانی ئایینی بۆ ئەوەی لە دەرەوەی دادگاکان ئەو کارە بکەن**

**گرنگە هەموومان بە توندی ئەم هەموارکردنە ڕەت بکەینەوە و ڕێگە نەدەین بە هیچ شێوەیەک ئەم هەموار کردنەوەیە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی تێپەڕێت**

ساڵ لە کوێ توانای جیاکردنەوە و ئیدارەکی هەیە، بە هەمان شێوە کوڕێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە کوێ توانای جیاکردنەوەی باش و خراپ و ئیدراکی هەیە و ئیرادەی هەیە بەرپرسیاریەتیی خێزان لە ئەستۆن بگرێت.

خاڵێکی کە پێش منیش بەڕێزان ئاماژەیان پێ کرد، لایەنگرانی هەموارەکە باس لە شەریعەتی ئیسلامی دەکەن، بەڵام لە دەستووردا قورئان و سوننە وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی یاسادانان ئاماژەی پێ کراوە، نەك تەنیا سەرچاوەی یاسادانان، ئەمەش وەك لە ماددەی ٢ی دەستوور خاڵەکانی « ا،ب،ج» ئاماژەیان پێ کراوە.

هەروەها ماددەی ١٤ دەستوورمان هەیە کە دەڵێت «عێراقییەکان یەکسانن لە بەردەم یاسادا بەبێ جیاوازیی ڕەگەز یا نەژاد یا نەتەوە یا بنەچە یا ڕەنگ یا ئایین یا ئایینزا یا بیروباوەڕ یا بۆچوون یا بارودۆخی ئابووری یا کۆمەڵایەتیان»، ئەم ماددەیە تەفسیری ماددەی ٤١ دەستوور بۆ ئازادیی هەڵبژاردنی مەزهەب، وەك ئەوەی لایەنگرانی هەموارەکە ئاماژەی پێ دەکەن پیاو بۆی هەیە مەزهەبێکی دیاریکرا و بەسەر ژندا فەرز بکات، پێچەوانە دەکاتەوە، چونکە بەپێی ماددە ١٤ عێراقییەکانی بە جیاوازیی ڕەگەز و ئایین و نەتەوەوە لە بەردەم یاسادا یەکسانن.

ئەم پێشنیاری هەموارە باس لە لابردنی بڕگەی ٥ ماددەی ١٠ی یاسای باری کەسێتی دەکات، کە باس لەوە دەکات «نابێت هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا ئەنجام بدرێت» ئەگەر ئەنجام بدرێت، ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو کەسە هەم بە پارە سزا بدرێت هەمیش بە بەندکردن، هەربۆیە ئەگەر ئەم بڕگەیەی یاسای باری کەسی هەموار بکرێتەوە، ئەوا دادگاکان ڕۆڵیان لاواز دەبێت و دەسەڵات دەدرێت بە پیاوانی ئایینی بۆ ئەوەی لە دەرەوەی دادگاکان ئەو کارە بکەن.

بۆیە جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، ئێمە وەك چالاکوانانی بەرگری لە مافی ئافرەتان، هەموارکردنی یاسای باری کەسی بە پێویست دەزانین، بەڵام نەك ئەو هەموارکردنەی پێشنیار کراوە کە ڕۆڵی دادگا نەمێنێت، ڕێژەی جیابوونەوە و تەڵاق و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خیزانەکان زیاتر بێت.

یاسای باری کەسیی ژمارە ١٨٨ی ساڵی **١٩٥٩** وەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، سەرچاوەی سەرەکییەکەی شەریعەتی ئیسلامە، ئەو ٩٤ ماددەیەی لەم یاسایەدایە چارەسەری کێشەکانی باری کەسی دەکات، ئەگەر لە ناو ئەو ماددانە چارەسەر نەکرا، ئەوا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ شەریعەتی ئیسلامی، ئەگەر لە ناو شەریعەتیش چارەسەر نەبوو، دەگەڕێتەوە بۆ دادوەری فیقهی ئیسلامی، ئەگەر ئەمەش چارەسەری نەکرد، دەتوانرێت پشت بە یاسای وڵاتانی ئیسلامیی دراوسێ ببەسترێت کە ئەوانیش وەك ئێمە پشتیان بە شەریعەتی ئیسلامی بەستووە بۆ دارشتنی یاساکەیان.

ئەگەر لەناو ئەم هەموو ڕێگەیەدا جارێکی دیکە تەنیا پشت بە یەك مەزهەب ببەسترێت، ئەوا کۆمەڵگەی عێراق لەبەر یەك هەڵدەوەشێت، ئەمەش بەو مانایەی وەك لە ماددە ٢٩ی دەستووری عێراقدا هاتووە «خێزان بنەمای کۆمەڵگەیە و دەوڵەت پارێزگاری لە قەوارە و بەها ئایینی و ڕەوشتی و نیشتمانییەکەی دەکات، دەوڵەت پاراستنی دایکایەتی و منداڵ و پیر لە ئەستۆ دەگرێت و سەرپەرشتیی تازەپێگەیشتووان و لاوان دەکات و هەلومەرجی گونجاویان بۆ دەڕەخسێنێت، بۆ گەشەدان بە توانا و لێهاتووییەکانیان» بۆیە کە خێزان پەرتەوازە بوو و لەبەر یەك هەڵوەشا، مانای ئەوەیە کۆمەڵگەی عێراق لەبەر یەك هەڵدەوەشێت.



کارێکی ئاساییە لە ئیسلامدا ڕێگە بەوە دراوە بۆ کارئاسانی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە کاتی پێویستدا مەزهەب بگۆڕدرێت، بۆیە لەم هەموارەدا کە جەخت لەوە دەکاتەوە پیاوە کە



مەزهەب هەڵدەبژێرێت، ئەوا لەکاتی دروستبوونی کێشـەیەکدا بەتایبەتـی کێشـەی جیابوونـەوە و تـەڵاق، پیاوەکـە ئـەو مەزهەبـە هەڵدەبژێرێـت کـە تـەواوی مافـی ئافرەتەکـە پێشـێل بکرێـت.

ئەمـە چوارەمیـن جـارە لایەنـە شـیعییەکان هەوڵـی هەموارکردنـی یاسـای بـاری کەسـی دەدەن، بـەڵام چـۆن لـە سـاڵانی « ٢٠٠٣، ٢٠١٣، ٢٠٢١» بەتونـدی ڕەت کرایـەوە و نەهێڵـرا ئـەو هەموارکردنـە تێپەڕێـت، ئـەوا گرنگـە هەمووومـان بـە تونـدی ئـەم هەموارکردنـە ڕەت بکەینـەوە و ڕێگـە نەدەیـن بـە هیـچ شـێوەیەك ئـەم هەمـوار کردنەوەیـە لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێراقـی تێپەڕێـت.




## د.هاشم ئەلکەندی

سەرۆکی سەنتەری « النبأ» بۆ دیراسات:


# ئەو هەموارکردنەوەی ئێستا پێشکەش کراوە، هیچ شتێک بەسەر هیچ کەسێکدا فەرز ناکات

د.هاشم ئەلکەندی سەرۆکی سەنتەری «النبأ»ـە بۆ دیراساتی ستراتیژی و یەکێکە لەو توێژەرانەی کە بەردەوام لەسەر پرسە سیاسییەکان لەسەر کەناڵەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاوبۆچوونی خۆی هەیە و، داکۆکی لەو هەڵوێستانە دەکات کە خۆی بڕوای پێیەتی، لە گفتوگۆ ئەم جارەدا «هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» زۆر بە ڕاشکاوی داکۆکی لە هەموارکردنی ئەم یاسایە کرد و پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێت لە عێراقدا ئازادی بۆ هەڵبژاردنی مەزهەب بۆ ڕێکخستنی باری کەسی و ڕێکخستنی خێزان لە عێراقدا پەیڕەو بکرێت و، بەم جۆرە دید و تێڕوانیەکانی خۆی خستە ڕوو.

سەرەتا زۆر سوپاسی مەکتەبی سیاسی و بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە ئێمەی بانگهێشت کرد بۆ ئەم گفتوگۆیە، بۆ من لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ ەوە ئەمە یەکەم جارە بۆ کۆبوونەوەیەکی وا گرنگ سەردانی هەولێر بکەم و لەگەڵ ئەم دەستەبژێرە بەڕێزە گفتوگۆ لەسەر پرسێکی هەستیار بکەین، کە پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە.

ئەوەی لەم بەڕێزانە سەبارەت بە گازندەکانیان لەسەر هەمواری یاسای باری کەسیی عێراق گوێبیستی بووم، مەزندەکرا بوو دەمزانی گوێم لەو ڕەخنانە دەبێت، بۆ من لەگەڵ ئەم دەستەبژێرە بەڕێزانە وەك ئەوەیە لە ئاهەنگی بوکگواستنەوەدا بم، بەڵام ئاهەنگەکە لە ناو بارانێکی بەخوڕدا بەڕێوە بچێت.

لەسەر پرسی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە باسی لایەنی یاسایی و داڕشتنەوەی یاساکە ناکەم، بەڵام لە چوارچێوەیەکی گشتیدا باس لە هەموارکردنی یاسا دەکەم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە لەم گفتوگۆیەدا باس لە یاسایەکی تازە ناکەین، بەڵکو ئەوەی کۆی کردینەوە «هەموارکردنی» یاسایەکە، لەم چوارچێوەیەدا بەشی زۆری ئامادەبووانی ئەم کۆڕە دژی ئەم هەموارکردنەوەیەن و هەتا گەیاندیانە ئەوەی کە بڵێن ئەم هەموارکردنەوەیە بۆ «بەئیسلامیکردنی دەوڵەتی عێراقە»، هەروەها گوتیان ئەم یاسایە پێویستی بە هەموارکردنەوە نییە.

بەڕێزان، هەموارکردنەوەی یاسا کارێکی زۆر ئاساییە، بە تایبەتیش یاسای باری کەسێتیی عێراقی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ کە ٦٥ ساڵ بەسەر دەرچوونیدا تێپەڕیوە.

ئەم یاسایە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکی سیاسیی گەورەدا دەرکراوە کە ئەویش گۆڕینی ڕژێمی پادشایەتی بۆ سیستمی کۆمارییە، لەو سەردەمەدا چەپ و شیوعییەکان بەخت یاریان بوو زەمینەیەکی لەباریان بۆ دروست بووبوو، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە بەوجۆرە تێپەڕێنن کە مەبەستیان بوو، هەر لەو سەردەمەشدا زۆرێك لە مەرجەعەکان دژی ئەم یاسایە بوون و ڕەتیان کردەوە، مەرجەعەکانیش تەنیا سەید عەبدولمحسین حەکیم نەبوو کە دژی بوو، بەڵکو مەرجەعی دیکەش ڕەتیان کردەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەمە یەکەم جار نییە ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە، لەگەڵ هەموو وەرچەرخانێکی سیاسی لە عێراقدا بەشێك لە ماددەکانی یاسای باری کەسی هەموار کراوەتەوە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٣ لە سەر دەمی عەبدولسلام عارف، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر، لە سەردەمی سەدام حسێن چەند جارێك لە ساڵانی «١٩٨٠، ١٩٨١، ١٩٨٢، ١٩٨٦» دواتریش چەندین جار ئەم یاسایە هەموار کراوەتەوە، بۆیە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە بەردەوام بووە.

ئەوجا لێرەوە ڕاستییەك دەردەکەوێت، بمبوورن کە ڕاشکاوانە قسە دەکەم، ئەوانەی ڕەخنە لە پێشنیاری هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە دەگرن، یان ئەوەیە بە ئەنقەست دەیانەوێت پرۆسەی هەموارکردنەکە ناشرین بکەن و هەندێك پرسی ناواقیعی دەخەنە ڕوو، یانیش بەدوای شەپۆلە گشتییەکەی دژی ئەم هەموارکردنەوەیە کەوتوون.

هەر بۆ نموونە لەم هەموارکردنەوەیەدا باس لە بەشوودانی کچی منداڵ و تەمەن نۆ ساڵ «زواج القاصرات» نەکراوە، بە شوودانی کچی منداڵ لەسەر ئاستەکانی «شەرع، دابونەریت، مرۆڤایەتی» ڕەت دەکرێتەوە و ڕەتی دەکەینەوە.

ئەم هەموارکردنەوەیە باس لە گرێبەستی هاوسەرگیری دەکات کە تیایدا ڕەچاوی «تەمەنی باڵقبوون، تەمەنی شیان، تەمەنی گونجاو» دەکات، ئەم گرێبەستەش لەبەر ئەوەی لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی دەبێت و، بە ئامادەبوون و ڕەزامەندیی بەخێوکەر «وەلی ئەمر» دەبێت، ئێ ئەمەش هیچ کارێکی ناشەرعیی تێدا نییە، لە زۆر وڵاتی ئەوروپی بۆ نموونە ئیسپانیا ڕێگە دراوە کچی ١٢ ساڵ مارە بکرێت.

لێرەدا گرنگە هەڵوێستە لەسەر خاڵێکی گرنگ بکەینەوە، ئەوانەی لایەنگری ئەم هەموارکردنەن و ئەوانەشی دژن، هەردوولایان «کچ، دایك، خوشك، خێزان» یان هەیە، ئێ باشە چۆن پشتگیریی هەموارکردنێك دەکەن کە زوڵم لە ئافرەت بکات.

**چەندین جار ئەم یاسایە هەموار کراوەتەوە، بۆیە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە بەردەوام بووە**

**ئەم یاسایە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکی سیاسیی گەورەدا دەرکراوە کە ئەویش گۆڕینی ڕژێمی پادشایەتی بۆ سیستمی کۆمارییە**

**هەموارکردنەوەی یاسا کارێکی زۆر ئاساییە، بە تایبەتیش یاسای باری کەسیی عێراقی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ کە ٦٥ ساڵ بەسەر دەرچوونیدا تێپەڕیوە.**

هەروەها هەندێك ڕەخنەی دیكە دەگرن كە بەداخەوە وردەكارییان بۆ نەكردووە، ئەو هەمواركردنەوەی ئێستا پێشكەش كراوە، هیچ شتێك بەسەر هیچ كەسێكدا فەرز ناكات، ئەمەش واتە دەتەوێت بەو ماددانە هاوسەرگیری بكرێت كە لە هەموارەكە هەیە، یان دەتەوێت لەسەر یاسا كۆنەكە گرێبەست بكەیت، تۆ ئازادی هیچ بەربەستێك دانەنراوە، بەڵكو بە پشتبەستن بە ماددەی ٤١ی دەستوور ماددەیەكی یاسایی ئامادە دەكات، ماددەی ٤١ ئەو ئازادییەی بە عێراقییەكان داوە كە پابەندبن بەو مەزهەبەی كە دەیانەوێت، ئێ ئەمەش كارێكی ئاساییە من مافی خۆمە ئەو ئازادییەم هەبێت ئەو مەزهەبە هەڵبژێرم كە بڕوام پێیەتی و پەیڕەوی دەكەم.

مەزهەبی من دەڵێت، تەڵاق یەك جارە كە ژنەكەت تەڵاقدا تەواو، جارێكی دیكە ناگەڕێتەوە، من پابەندی ئەم مەزهەبەم نامەوێت لە تووڕەبوونێكدا یان بە مەستی ژنەكەم تەڵاق بدەم و هەموو ڕۆژێك ئەم پرسە دووبارە ببێتەوە، بەڵكو من دەمەوێت پێكەوەگرێدانەوەی خێزان پتەو بێت، ئەگەر كێشەیەكیش لە خێزاندا هەبێت پەنا بۆ جیابوونەوە و تەڵاق نەبرێت، خەڵكانێكی كەسوكاری پیاوەكە یان ژنەكە بێنە ناو ئەو كێشەیە و چارەسەری بكەن و نەهێڵین ئەو خێزانە تێك بچێت،ئەمەش مافی هەر تاكێكە و مافی منیشە.

خاڵێكی دیكە كە هەموو ڕەخنەكانی دژی ئەم هەمواركردنەوەیە پێكەوە كۆ دەكاتەوە تەنیا یەك دێڕە، لەم گفتوگۆیەدا ئێوە وەك پارتی دیموكراتی كوردستان لە بواری سیاسیدا زۆر لێبوردە بوون بەرامبەر بە بۆچوونە سیاسییەكانم، لەمەشدا بە ڕاشكاوی قسە دەكەم و لێبوردە بن، ئەو دێڕە بریتییە لەوەی كە ئەو خەڵكانە پێیان وایە «ئەم هەمواركردنەوەیە دەسەڵات دەداتە ئایین و پیاوانی ئایینی لە مامەڵەكانی كاروباری باری كەسێتیدا» ئەم دێڕە بنەمای هەموو ڕەخنەكانە و ئەوی دیكەش هەر لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرن.

باس لەوە كرا ئەم هەمواركردن دەبێتە هەنگاوێك بۆ «بەئیسلامكردن و بەشیعەكردنی دەوڵەت»، بێگومان ئەم بۆچوونە هیچ بنەمایەكی تێدانییە، لەبەر ئەوەی هەمواركردنەكە هیچ شتێك بەسەر هیچ لایەكدا فەرز ناكات و پرسەكە پەیوەندی بە مەزهەبەوە نییە، بەڵكو پەیوەندی بە زەوتكردنی مافێكەوە هەیە، كە ئەویش ئازادیی ڕادەبرین و ڕێزگرتن لەو مافەیە، ئەم هەمواركردنەش دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، لە پرۆسەی هاوسەرگیردا، ئەوانەی خۆیان بە شوێنكەوتووی ئایین دەزانن و ئەوانەشی پەیڕەوی ئایین ناكەن، هەتا ئەوانەشی بڕوایان بە ئایین نییە، لە كاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیریدا پەنا بۆ گرێبەستی كۆمەڵایەتی و مارەبڕین دەبەن هەتا ئەگەر بە شێوەیەكی پرۆتۆكۆڵی و دەرنەچوون نەبێت لە داب و نەریتی كۆمەڵایەتی، یان بۆ ئەوەی كەسوكاری كچەكە مافی كچەكەیان گەرەنتی بكەن، دەچنە دادگا و لەوێ گرێبەستەكە گرێ دەدەن.

لایەكی دیكە ئێستا خۆ دەرگاكان هەمووی دانەخراون، ئاوا بەم جۆرە هەڵمەتی بەربڵاو بۆ ناشرینكردنی ئەم هەموارە دەكرێت، لە ئێستا هەوڵێك هەیە لەلایەن سەرۆك وەزیران د.محەمەد شیاع سودانییەوە كە وەك حكومەت لەگەڵ ئەنجوومەنی كاروباری ئافرەتان كۆدەبێتەوە و گفتوگۆ لەسەر پرۆسەی ئەم هەمواركردنەوەیە دەكەن، بۆیە ئەگەر ئەم هەمواركردنەوەیە مافی ئافرەت و خێزان پێشێل بكات، ئەوا بە دڵنیاییەوە حكومەت دەستوەردان دەكات و ناهێڵێت ئەم هەموارە تێبپەڕێت.

خاڵێكی دیكە كە لەگەڵ هەڵمەتی دژایەتیی هەمواركردنەوەی ئەم یاسایەدا هاتووەتە ئاراوە و جێگەی داخە، دەستێوەردانی لایەنی دەرەكییە لەگەڵ ئەوانەی ئەم هەمواركردنەوەیە ڕەت دەكەنەوە، بە بۆچوونی من ئەم دەستێوەردانانە كێشەی گەورەمان بۆ دروست دەكات، ئەوانەی كە یاساناسن ئەو ڕاستییە زانستییە دەزانن كە هەموو كات یاسای لۆكاڵ لە سەرووی یاسای نێودەوڵەتییەوە سەیر دەكرێت، بۆیە لەم ماوەیەی دواییدا تویتی باڵیۆزێكی پیاو یان ژن دەخوێنینەوە كە ئەم هەمواركردنە ڕەت دەكاتەوە و دژایەتی دەكات، ئەمە لە كاتێكدا هەر ئەوانە بەرگری لە لەشفرۆشی و شزوزی ڕەگەزی دەكەن، ئەم حاڵەتە ئیشكالییەتی تازەمان بۆ دروست دەكات، ئەم پرسە لەلایەن ناوەندەكانی

**ئەوانەی كە یاساناسن ئەو ڕاستییە زانستییە دەزانن كە هەموو كات یاسای لۆكاڵ لە سەرووی یاسای نێودەوڵەتییەوە سەیر دەكرێت**

**ئەگەر ئەم هەمواركردنەوەیە مافی ئافرەت و خێزان پێشێل بكات، ئەوا بە دڵنیاییەوە حكومەت دەستوەردان دەكات و ناهێڵێت ئەم هەموارە تێبپەڕێت**

مەرجەعییەتـەوە وەك حاڵەتێكـی ترسـناك سـەیر دەكرێـت، خەڵكانـی زۆر نزیـك لـە مەرجەعییـت پێیـان ڕاگەیانـدووم كـە مەرجەعییـەت لەگـەڵ هەمواركردنـەوەی یاسـای بـاری كەسـیی عێراقدایـە.

لـە كۆتاییـدا هیـوادارام ئـەم گفتوگۆیـەی لـە هۆڵی بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان دەكرێـت، هاندەرێكـی سیاسـیی لـە پشـتەوە نەبێـت، ئەمـەش ئەگـەر لێـم قبـووڵ بكـەن ڕاشـكاوانە دەڵێـم، ئـەم شـەڕە شـەڕی هەرێمـی كوردسـتان نییـە و، هەرێمـی كوردسـتان ناگرێتـەوە، هەتـا ئەگـەر گرنگییەكـی هەیە بـۆ ئێـوە، ئـەوا هەرێمـی كوردسـتان چەندیـن نوێنـەری لـە پەرلەمانـی عێـراق هەیـە، دەتوانـن كرۆكـی هەمـوو خاڵەكانـی هەموارەكەتـان بـۆ ڕوون بكەنـەوە.





## د.ڤیان سەبری

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق:

# پشتگیری لە یاسایەک ناکەین وڵاتەکەمان بگێڕێتەوە بۆ دواوە و کۆمەڵگەکەمان لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی دابەش بکات

د.ڤیان سەبری لە خولی سێهەم و چوارەمدا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامی لیژنەکانی «چاودێری جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و پلانی ستراتیژیی پەیوەندییەکان بووە» و، ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، پێش هەڵبژاردنیشی وەك نوێنەری پارێزگای دهۆك بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پزیشك بووە و تایبەتمەند بووە لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و لە بواری کەرتی تەندروستیدا چەندین پۆستی بەڕێوەبردووە، لەوانە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١١ بەڕێوەبەری یەکەمی پرۆگرامەکان بووە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی دهۆك، لە ساڵی ٢٠١٤ دا بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆڕیی پزیشکیدا وەرگرتووە، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «هەمووارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» وەك سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم جۆرە دید و هەڵوێستی خۆی خستە ڕوو.

ئەمرۆ لێرە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر پرسێکی گرنگ بکەین، کە ئەویش پرسی «هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» یەتی، من وەك سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لەسەر دەرهاویشتە نەرێنییەکانی ئەم پێشنیاری هەموارکردنە قسە دەکەم، کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

بە مەزندەی من ئەگەر ئەم پێشنیاری هەموارکردنەوەیەی یاسای باری کەسیی عێراق ئیشکالییەتی گەورەی تێدا نەبوایە، ئەوا ئەم پێشنیارەیان لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی کۆمار یان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە دەنارد بۆ پەرلەمان، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە زۆر هەستیارە، ئەوا وەك چەندین پرۆژەی هەموارکردنی یاساکانی دیکە ئەنجوومەنی شوورا دەینارد بۆ پەرلەمان.

ئەم پێشنیارە لەلایەن هەندێك پەرلەمانتاری فراکسیۆنێکەوە پێشکەش کراوە، ئەمە لە کاتێکدا هەموو دەزانین کاتەکە زۆر هەستیارە، ئەم خولەی پەرلەمان تەنیا ساڵێك و چوار مانگی ماوە، لە کۆبوونەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، سێ لە پەرلەمانتاران گوتیان ئێمە پێشنیاری ئەم هەموارکردنە پێشکەش دەکەین و بە زۆرینەی دەنگ تێی دەپەڕێنین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن دەکرێت یاسایەکی ئاوا هەستیار بە زۆرینەی شیعە تێپەڕنرێدرێت، ئەگەر ئەمە بچێتە سەر، مانای ئەوەیە یاساکانی دیکەش هەر بەو جۆرە تێدەپەڕێنرێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی هێندە پێویستە کە بەو جۆرە لایەنە سیاسییەکانی شیعە جەختی لەسەر دەکەنەوە و دەیانەوێت بە زۆرینە تێی پەڕێنن؟ ئەمە لەکاتێکدا ئێمە ٥٥ ماددەی دەستووریمان هەیە کە پێویستیان بەوە هەیە بە یاسا ڕێك بخرێن، بۆیە باشترە بیر لە ڕێکخستنی ئەو ماددە دەستووریانە بکرێنەوە، لەمەش زیاتر هەندێك یاسا کە پەیوەندیی بە کۆی کۆمەڵگەی عێراقەوە هەیە ناکرێت بە زۆرینە و کەمینە تپەڕێندرێت، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئاکامەکەی کۆمەڵگەی عێراقی لە ناوخۆدا پەرت بکات، کە لە ئێستادا ئێمە پێویستمان بەوەیە هەموو پێکەوە بین نەك لەیەکتری دوور بکەینەوە و پەرتەوازە بین.

ئەم پێشنیارەی بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە پێشکەش کراوە، هەموارکردنی یاسایەك نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی تەواوی یاسای باری کەسیی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ یە و دارِشتنی یاسایەکی تازەیە، عێراقییەکان لە نێوان هەڵبژاردنی مەزهەبی شیعە و سوننەدا بۆ گرێدانی گرێبەستی هاوسەرگیری سەرپشك دەکات و لە ماددەی یەکەمیدا هاتووە «هەموو عێراقییەکان، دەتوانن مەزهەبی شیعە یان سوننە بۆ گریبەستی هاوسەرگیری هەڵبژێرن، ئەحکامی ئەم مەزهەبە لەسەر هەموو کێشەکانی باری کەسی جێبەجێ دەکرێت»، هەروەها دەشێت ئەوەی پێشتر مەزهەبێکی هەڵنەبژاردبێت، کاتێك داوا بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری پێشکەشی دادگای باری کەسی تایبەتمەند دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعە، گرێبەستەکە لە چوارچێوەی ئەو مەزهەبەی هەڵیدەبژێرن گرێ بدرێت.

مەزهەبی شیعە و سوننە هەر یەکەیان بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ مارەیی ئافرەتدا دەکەن، لە مەزهەبی سوننەی دوای مردن یان جیابوونە «اقرب الاجلین»، لە مەزهەبی شیعە لە مەیسرە و جیابوونەوە، ئەمە جیاوازییەکەیە.

ئەگەر جارێکی دیکە چاوێك بە یاسای ژمارە ١٨٨ بگێڕینەوە، دەبینین عێراقییەکان بە جیاوازیی مەزهەبەکانیانەوە لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا گرێبەستی هاوسەرگیرییان ئەنجام داوە و کەس کێشەی نەبووە، پاشان زۆر عێراقی هەیە لە وڵاتانی دیکە وەك سووریا و لوبنان و وڵاتانی دیکە هاوسەرگیرییان کردووە و گرێبەستیان گرێ داوە، باشە دەکرێت ئێستا بڵێین دەبێت پێش گرێدانی گرێبەستی هاوسەرگیری با مەزهەبی خۆیان دیاری بکەن، هەروەها بەپێی ئەم هەموارە پیاو مەزهەبەکە هەڵدەبژێرێت و بەسەر ژندا فەرزی دەکات، ئایا ئەمە پێچەوانەی دەستوری عێراق نیە کە دەڵێت «عێراقییەکان بە جیاوازیی ڕەگەز و ئایین و نەتەوەوە لە بەردەم یاسادا یەکسانن»؟

لایەنێکی دیکە ئەگەر پرۆسەی

**هەندێک یاسا کە پەیوەندییان بە کۆی کۆمەڵگەی عێراقەوە هەیە ناکرێت بە زۆرینە و کەمینە تپەڕێندرێت، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئاکامەکەی کۆمەڵگەی عێراقی لە ناوخۆدا پەرت بکات**

**ئەم پێشنیارەی بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە پێشکەش کراوە، هەموارکردنی یاسایەک نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی تەواوی یاسای باری کەسیی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ یە و دارِشتنی یاسایەکی تازەیە**

**ئەگەر ئەم یاسایە تێپەڕێت داوا لە هەرێمی کوردستان دەکرێت وەک یاسایەکی فیدڕاڵی مامەڵەی لەگەڵ بکات**

هاوسەرگیریەکە تێکەڵاو بێت، واتە لە نێوان ژنێکی سوننی و پیاوێکی شیعە یان بەپێچەوانەوە، ئەم ژن و پیاوە کێشەیەك کەوتە نێوانیانەوە، ئەوا ئەم هەموارە داوای ئەوە دەکات کە کەسوکاری ژنەکە و پیاوەکە تێکەڵاوی ئەم کێشە ببن، لەبەردەم هەردوو لا داواکەیان بەپێی ئەحکامی شەرعی یەکلایی دەکرێتەوە، لەمەش زیاتر داوا دەکات مدەوەنەی شەرعی ئەوەی لەلایەن وقفی سوننە و شیعەوە



ئامادە دەکرێت، کە هێشتا نییە، جێبەجێ بکرێت.

لە ناو پەرلەمانی عێراقدا کاروبارەکان بە بیرکردنەوە و ئەقڵانییەت مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، من بۆ خۆم بیینیم بەڕێز موحسین مەندەلاوی کە پرۆژەی پێشنیاری هەموارکراوەکەی

خستە ڕوو، دوای کرد ئایا ئێمە لەگەڵ ئەم پێشنیاری هەمواركردنەوەیەین، ئێمە هەموومان گووتمان لەگەڵی نین، بەڵام کاتێك گوتی ئەم پشنیارە هەموار کراوە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە پەسەندیان کردووە و ئەگەر ئەمە تێنەپەڕێت، ئەوا یاسای لیبوردنی گشتیش تێناپەڕێت، بیینمان لە ناو ئەنجوومەن نوێنەراندا عەرەبی (سوننە و شیعە) پشتگیرییان لە پیشنیاری هەموارکردنەکە کرد، ئێمەی فراکسیۆنە کوردییەکان کەوتینە دووڕیانەوە، ئێمە لەگەڵ پێشنیاری هەموارکردنەکە نەبووین، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان یاسای باری کەسیمان لە یاسای ژمارە ١٩٩ی ساڵی ١٩٥٩ پێشکەوترە، بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠٠٨ هەموار کراوەتەوە کە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی جیهاندا دەگونجێت.

بە هەرحاڵ بۆچوونی من بەوجۆرەیە ئەم پێشنیارەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسییەی عێراق، پێش ئەوەی مدەوەنەی وەقفی سوونی و شیعی بنووسرێت دەنگی لەسەر دەدرێت، ئەوجا کاتێك کە سەردانی دادگای باری کەسی تایبەت دەکرێت بۆ گرێدانی گرێبەستی هاوسەرگیری، یان کێشەکانی دیکەی باری کەسی، ئەوا ئەم پرسانە ڕووبەڕووی وەقفی سوونی و شیعی دەکرێت تا بزانن ئەوان چ ئەحکامێکی شەرعیی لەسەر دەدەن.

بۆیە من دڵنیام لەوەی کە مدەوەنە دەرناچێت و دەنگ لەسەر یاساکە دەدرێت، ئەم پێداگیرییەش لەسەر دەرچوونی یاساکە بەم جۆرە تەنیا بۆ یەك مەبەستە، هیچ پەیوەندیی بە فیقهی سوننە و شیعەوە نییە، تەنیا یەك مەبەستیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە بوار بدەن گرێبەستی هاوسەرگیری لای پیاوانی ئایینی ئەنجام بدرێت پاشان ئەم گرێبەستە بهێننە دادگای باری کەسی و لەوێ پەسەند بکرێت و ببێتە گرێبەستی یاسایی.

هۆکاری پێویست کە ئەم هەموارە پشتی پێ بەستووە زۆر جێگەی شەرمەزارییە، لایەنگرانی ئەم هەموارە دەڵێن بۆ ئەوەیە ئەم یاسایە لەگەڵ ماددەی ٢ی دەستوری عێراقدا یەك بگرێتەوە و یاساکە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئیسلام هاودژی دروست نەکات.

سەرنج بدەن ئەم پاساوە چەند جێگەی شەرمەزارییە، بۆچی ئەو گرێبەستی هاوسەرگیریانەی لە ساڵی ١٩٥٩ تا ئێستا گرێ دراون کە ماوەی ٦٥ ساڵ دەکات لە دەرەوەی ئەحکامەکانی ئیسلام ئەنجام دراون؟.

ئەم یاسایە دەشێت بە ئەسەری خیلافی جێبەجێ بکرێت و ببێتە هۆکاری لەبەریەك هەڵوەشانی خێزانی عێراقی، هەروەها کاریگەریشی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان تەنیا یاسای باری کەسیی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ی عێراقیمان لە ساڵی ٢٠٠٨ هەموار کردووەتەوە و یاسایەکی تازەمان دەرنەکردووە، بۆیە ئەگەر ئەم یاسایە تێپەڕێت داوا لە هەرێمی کوردستان دەکرێت وەك یاسایەکی فیدراڵی مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێچەوانەی دەستوورە لە سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی فیدراڵیدا.

لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئێستا عێراق لە قۆناخێکی پێشکەوتوویی دەوڵەتدایە، هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە عێراق دەگێڕێتەوە بۆ دواوە بۆ پشتکردنە یاسا و کارکردن بەشەریعەی ئیسلامی، کە ڕێگە دەدات ئافرەت ڕەجم بکرێت، هەروەها ڕێگە دەگرێت لەوەی کە ئافرەت بتوانێت لە دەرەوە کاری خۆی بکات و بەشداریی کۆی پرۆسەکانی حوکمڕانی بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی هیچ ئافرەتێك ناتوانێت بچێتە دەرەوە ئەگەر مێردەکەی نەزانێت بۆ کوێ دەچێت، یان مۆڵەت لە مێردەکەی وەرنەگرێت، بۆیە ئەم هەموارە ژینگەیەکی ئاڵۆز بۆ پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت و دەرگایەکی فراوان بۆ جیابوونەوە و لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی خێزان دەکاتەوە، عێراق دەگێڕێتەوە بۆ دواوە، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم، ئێمە پشتگیری لە یاسایەك ناکەین وڵاتەکەمان بگێڕێتەوە بۆ دواوە و کۆمەڵگەکەمان لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی دابەش بکات، یان فرەیی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوا پێکهاتە جیاوازەکان تێك بدات، ئەمە دەبێت زۆر بە توندی ڕێگریی لێ بکرێت، لەبەر ئەوەی کارەسات بۆ ئایندەی کۆمەڵگەی عێراقی دروست دەکات.

**هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە عێراق دەگێڕێتەوە بۆ دواوە بۆ پشتکردنە یاسا و کارکردن بەشەریعەی ئیسلامی، کە ڕێگە دەدات ئافرەت ڕەجم بکرێت**

**ئێمە پشتگیری لە یاسایەک ناکەین وڵاتەکەمان بگێڕێتەوە بۆ دواوە و کۆمەڵگەکەمان لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی دابەش بکات، یان فرەیی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوا پێکهاتە جیاوازەکان تێک بدات**



## ئینتیسار ئەلجبوری

راوێژکاری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق:

# ئامانجمان ئەوەیە مافەکانی ئافرەت و خێزان لەم یاسایەدا زیاتر دەستەبەر بکرێت نەک بە جۆرێک هەموار بکرێتەوە کە بگەڕێینەوە بۆ دواوە

ئینتیسار ئەلجبوری ڕاوێژکاری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقە و پێشتریش ئەندامی پەرلەمانی عێراق بووە و یەکێکە لەو پارێزەرە بە ئەزموونانەی کە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە دادگاکانی پارێزگای نەینەوا کاری پاریزەرایەتی کردووە، خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووی کێشەکانی ئافرەتان و خێزان و منداڵانە دوای جیابوونەوەی هاوسەرەکان، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «هەمواركردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» زۆر بە وردی لە ڕووی یاساییەوە دەرهاویشتە ئەرێنییەکانی ئەو پێشنیارەی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق کردووە دەستنیشان کرد و بەم جۆرە دیدو بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

زۆر سوپاس بۆ ڕێکخەرانی ئەم گفتوگۆ گرنگە، پشتگیری هەموو ئەو بۆچوونانە دەکەم کە لەم گفتوگۆیەدا بە ڕاشکاوانە خرانە ڕوو، بە بۆچوونەکانی د.هاشم ئەلکەندیشەوە کە لایەنگیری هەموارکردنەوەی یاساکەیە.

من لەم پرسەدا باس لە یاسا و جێبەجێکردنی یاسا دەکەم، لەبەر ئەوەی ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵ کاری پارێزەریم کردووە، دواتریش لە ساڵی ٢٠١٠ تێکەڵی کاری سیاسی بووم و بووم بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، هەتا ئێستا بەردەوام بەدواداچوونم لەسەر ئەو یاسایانە کردووە کە کە پەیوەندییان بە ئافرەتانەوە هەبووە و لەناو پەرلەمانیش سەرۆکی لیژنەی ئافرەتان بووم.

لێرەدا ئەگەر بەو پرسیارە دەست پێبکەم «ئایا یاسای باری کەسیی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ بە دەسکەوتێك بۆ ئافرەتان هەژمار دەکرێت؟ ئایا لە نێوان یاساکە و جێبەجێکردنی یاساکەدا بۆشایی هەیە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەڵێم، یاسای باری کەسی کە ئێستا هەمانە ماوەی ٦٥ ساڵە کاری پێدەکرێت و بێجگە لە هەندێك هەموارکردنەوەی سادە دەستکاری نەکراوە، بۆیە ئامانجی ئێمە لە ئێستادا ئەوەیە مافەکانی ئافرەت و خێزان لەم یاسایەدا زیاتر دەستەبەر بکرێت نەك بە جۆرێك هەموار بکرێتەوە کە بگەڕێنەوە بۆ دواوە.

ئەم یاسایە خەرجی «نەفەقە» لە پیاوەکەوە بۆ ژنەکە گەرەنتی دەکات، بەڵام ئایا بە دانیشتنێك یان دوو دانیشتنی دادگا، ئافرەت دەتوانێت ئەو خەرجییە وەربگرێت؟ یان مەحاڵە و ئەم پرۆسەیە لە دادگا ماوەیەکی پێدەچێت هەتا ئەو مافە بۆ ئافرەت دەستەبەر دەکرێت، بۆیە ئێمە ناڵێین یاسای ژمارە ١٨٨ نموونەییە، بەڵکو یاسایەکە پێویستی بە هێزێکە بۆ ئەوەی بتوانرێت جێبەجێ بکرێت و، پێویستی بە هێزێکە بۆ ئەوەی ئەو مافانەی لەو یاسایەدا هاتوون بۆ ئافرەت بەدەست بهێنرێن، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا کە هەندێ جار درێژە دەکێشێت، زۆر جار ئافرەت تەنازول لە مافی خۆی دەکات تەنیا لە پێناوی ئەوەی لەو ژینگە توندوتیژییەی تێدا دەژی ڕزگاری ببێت.

پرسیاری دیکە ئەوەیە، ئایا ئێمە دەمانەوێت خێزان پێکەوە کۆ بکەینەوە یان ئامانجمان ئەوەیە خێزان لەبەریەك هەڵبوەشێنین؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەش دەڵێین، ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ئاماری مانگی تەممووزی ڕاگەیاند کە تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە تەنیا لەو مانگەدا زیاتر لە ٦٢٠٠ حاڵەتی جیابوونەوە هەبووە، کە بەشی هەرە زۆری بەهۆی هاوسەرگیریی تەمەنی بچووك «زواج القاصرات» بووە، من لەگەڵ خاتوو ڕێزان شێخ دلێر پرسیارمان لە پەرلەمانتار حەسەن شەمەری کرد «کە پشتگیریی هەموارەکە دەکات»، ئایا تۆ کچەکەی خۆت بە تەمەنی نۆ ساڵی بەشوو دەدەیت؟ لەوەڵامدا گووتی نەخێر، بۆیە پێم گووت «باشە کێ کچی خۆی لەو تەمەنەدا بە شوو دەدات؟» بێگومان خەڵکی هەژار ئەو کارە دەکات، دەبێت ئەوە لەبەر چاوبگرین کە ڕێژەی ٣٠٪ هاووڵاتیانی عێراق لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، ئەو خێزانە هەژارانە ناچار دەبن کە کچەکانیان بە منداڵی بەشوو بدەن بۆ ئەوەی لە خەرجی بەخێوکردنی کچەکانیان ڕزگاریان ببێت.

**ڕێژەی ٣٠٪ هاووڵاتیانی عێراق لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، ئەو خێزانە هەژارانە ناچار دەبن کە کچەکانیان بە منداڵی بەشوو بدەن بۆ ئەوەی لە خەرجی بەخێوکردنی کچەکانیان ڕزگاریان ببێت**

هەر سەبارەت بەم هەموارکردنە کە داوا دەکات گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ شەرعدا یەك بگرێتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە لە ماوەی ٦٥ ساڵی ڕابردوو ئەو گرێبەستانەی بۆ هاوسەرگیری کراون، شەرعی نەبوون و ئێستا دەبێت ڕاستی بکەینەوە، کە بە ڕاستی ئەمەش شتێکی دروست نییە.

**لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا، زۆر جار ئافرەت تەنازول لە مافی خۆی دەکات تەنیا لە پێناوی ئەوەی لەو ژینگە توندوتیژییەی تێدا دەژی ڕزگاری ببێت**

لە ئێستا مێرد لە پێدانی نەفەقەی دوای جیابوونەوە بە ئافرەتەکە هەڵدێت، ئەگەر ئەم هەموارکردنە تێبپەڕێت ئەوا پیاوەکە پەنا دەبات بۆ ئەو مەزهەبەی کە لە هەموو مافەکانی ئافرەت هەڵبێت و ئامادە نابێت مارەیی ئافرەت کە ئاڵتونە بیدات، هەروەها هەڵدێت لەوەی کە شوێنی نیشتەجێی بۆ دابین بکات بۆ ماوەی سێ ساڵە.

**ئەگەر ئەم هەموارکردنە تێبپەڕێت ئەوا پیاوەکە پەنا دەبات بۆ ئەو مەزهەبەی کە لە هەموو مافەکانی ئافرەت هەڵبێت و ئامادە نابێت مارەی ئافرەت کە ئاڵتونە بیدات**

پرسێکی دیکە مەسەلەی هاوسەنگی و یەکسانی «التکافؤ»، ئایا کچی تەمەن خوار ١٨ساڵ «قاصر» هەتا ئەگەر تەمەنی ١٧ساڵیش بێت بیر لەوە دەکاتەوە ئەو پیاوەی شووی پێ دەکات بۆ ئەو هاوسەنگ و

**ئێمە ئومێدمان ئەوەیە ئەم یاسایە بە جۆرێک هەموار بکرێتەوە کە مافەکانی ئافرەت زیاد بێت و باشتر گەرەنتی بکات**

یەکسانە، کە ئەمە مەرجێکی ئیسلامە بۆ هاوسەرگیری؟ بۆیە ئەگەر ژنەکە دوای ئەوەی تەمەنی دەگاتە ١٨ بزانێت ئەوەی شووی پێ کردووە شایەنی ئەو نییە، ئەوە بە یاسا دەتوانێت داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بکات.

یاسای باری کەسی ئێستا ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ لە خواستی ئافرەتاندا نییە، ئێمە ئومێدمان ئەوەیە ئەم یاسایە بە جۆرێك هەموار بکرێتەوە کە مافەکانی ئافرەت زیاد بێت و باشتر گەرەنتی بکات، ئێمە ئێستا لە ساڵی ٢٠٢٤ دەژین با سەیری دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و دەوروبەرمان بکەین، سادەترین دەوڵەت ئوردن و تونسە، لە تونس ئەگەر ژنێك تەڵاق بدرێت، بێجگە لە مافەکانی خۆی کە پێی دەدرێت، نیوەی سامانی مێردەکەشی دەبێتە هی ژنەکە، ئەوجا ئەو سامانە لە ماوەی هاوسەرگیریدا بەدەست هاتبێت یان پێشتر. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئافرەتی عێراقی چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئافرەتی تونس هەیە؟ بۆچی ئافرەتی عێراق بەو جۆرە بێ ماف بێت؟

سەبارەت بە مادده ٥٧ی یاسای باری کەسی کە باسی سەرپەرشتیاری «حضانة» ی مناڵ دەکات دوای جیابوونەوە، ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دەبێت سەرپەرشتیار و پەروەردەی منداڵ دوای جیابوونەوە هاوبەش بێت لە نێوان دایك و باوکەکاندا، ئێمە سەردانی بەڕێز فائق زێدان سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریمان بۆ ئەم پرسە کرد و لە ڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە ئەم پرسەمان چارەسەر کردووە، بەوەی باوك مافی خۆیەتی هەموو هەفتەیەك مناڵەکەی خۆی ببینێت، تەنانەت هەفتەی ٢-٣ ڕۆژیش لەلای باوکەکە بمێنێتەوە، ئەمەش بەو مانایانەی ئەو ڕۆژانەی هەفتە کە پشووە و قوتابخانە نییە باوك دەتوانێت مناڵەکەی لای خۆی بهێڵێتەوە.

سەبارەت بە کێشەی میرات، لە قورئاندا سوورەتی «النساء» زۆر بە ڕێکوپێکی باسی لە دابەشکردنی میرات و پشکی ئافرەت کردووە، لەو سوورەتەدا باسی ئەوە نەکراوە نابێت زەوی نەدرێت بە ئافرەت و لەبری زەوییەکە پارەی خەمڵێنراوی پێ بدرێت، لە قورئاندا ئەو شتە نییە، پرسیار ئەوەیە بەپێی کام دەقی قورئان فیقهی ئیسلامی ئەم مافە لە ئافرەتان زەوت دەکەن.

بۆ ئەم هەموارکردنەوەیە لایەنگرانی هەموارەکە باس لە ماددەی ٤١ی دەستوور دەکەن، ئەم ماددەیە کێشەی لەسەرە و چەندین جار خۆپیشاندانی لەسەر کراوە و داواکراوە لە هەندێك کاتدا ئەم ماددەیە سڕ بکرێت و کاری پێ نەکرێت.



لە دوماهیدا دەڵێم، ئێستا ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین دەبێت بیر لەوە بکەینەوە خێزانەکان پێکەوە کۆ بکەینەوە و سیستمی خێزان لە عێراقدا پتەوتر بکەین نەك بەو ئاراستەیە کاربکەین کە خێزان لەبەر یەك هەڵبوەشێنینەوە، لە ئێستا کۆمەڵگەی عێراقی خەریکە لەناو ماددەی هۆشبەردا نقووم دەبێت، بۆ بیر لەوە ناکرێتەوە یاسایەکی بەهێز بۆ قەڵاچۆکردنی ماددەی هۆشبەر دەربکرێت، بۆ بیر لەوە ناکرێتەوە یاسایەك دەربکەین کە بژێوی و ئاستی ژیانی و ئاستی خوێندنی عێراقییەکان بەرز بکاتەوە، ئەمڕۆ یەکێك لەو کێشانەی ئافرەت لە عێراقدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوەیە لە قوتابخانە دەریان دەهێنن و بە شوویان دەدەن، کە چووە ماڵە مێردیش ئیتر ناتوانێت بخوێنێت، بەمەش ئافرەت هەر بە نەخوێندەواری دەمێنێتەوە.

لە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان ڕێککەوتنێك هەیە پێی دەگوترێت «ڕێککەوتنی پارێزگاریکردن لە منداڵ» ئێمە لە پەرلەمانی عێراق زۆر هەوڵمان دا یاسایەك دابنێین کە منداڵ بپارێزیت، ئەم یاسایە لەگەڵ ئەوەی دوو خوێندنەوەشی بۆ کرا نەخرایە دەنگدان و تێنەپەڕێندرا.

لێرەوە گرنگەوە بگەڕێینەوە بۆ دەستوور کە خێزانی بە بونیادی سەرەکیی کۆمەڵگەی عێراق داناوە و ئەرکی دەوڵەتە بیپارێزێت، ئەرکی دەوڵەتە منداڵ بپارێزیت، ئێمە ئێستا لە کاتێکی زۆر ناسك و مەترسیدارین، بۆیە ناکرێت پەنا بۆ یاسایەك بەرین کە خێزان لەبەر یەك هەڵبوەشێنێتەوە، ئەم هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتییە خزمەتی پێکەوە گرێدانەوەی خێزان ناکات بەڵکو زەمینەیەك دروست دەکات بۆ ئەوەی لەبەریەك هەڵیبوەشێنێتەوە، بۆیە ڕەتی دەکەینەوە و پشتگیری لێ ناکەین.

**لایەنگرانی هەموارەکە باس لە ماددەی ٤١ی دەستوور دەکەن، ئەم ماددەیە کێشەی لەسەرە و چەندین جار خۆپیشاندانی لەسەر کراوە و داواکراوە لە هەندێک کاتدا ئەم ماددەیە سڕ بکرێت و کاری پێ نەکرێت**





**د.بەشیر حەداد**

جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق:

# ئەم هەموارکردنە پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و دادگا لاواز دەکات و ڕێگا دەدات لە دەرەوەی دادگا گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامبدرێت

د.بەشیر حەداد جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقە و یەکێکە لە زانا ئایینییە ناسراوەکانی کوردستان و عێراق و دکتۆرای لە فەلسەفەی شەریعە و هزری ئیسلامیدا هەیە و لە هەموو کۆڕو کۆڕبەندە سیاسی و فیکری و ئاینییەکاندا ئامادەبوونی و قسەی راشکاوانەی خۆی هەیە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «هەموار کردنی یاسای باری کەسیی عێراق وهۆکارەکانی» زۆر بەراشکاوی لە ڕوانگەی فەلسەفەی شەریعە و فیکری ئیسلامی بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

زۆر سوپاس بۆ بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆ راشکاوانە لەسەر پرسێکی گرنگ و هەستیار کە « پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای کەسیی عێراقە» هەروەها بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم کە بەشێکیان لە بەغداو شارەکانی عێراقەوە بۆ ئەم گفتوگۆیە بانگهێشت کراون، ئەم پرسە بیروبۆچوونی جیاواز لە خۆی دەگرێت بۆیە ئومێدەوارم بەشداربووان بە گیانی وەرزشی بیروبۆچوونە جیاوازەکان وەربگرن.

پێش هەموو شت یاسای باری کەسی بۆ هەر کۆمەڵگەیەك سەمامی ئەمانە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی، دەکرێت بڵێم ئەندازەی سیستمی کۆمەڵایەتیشە، بۆیە زۆر گرنگە، ئەگەر ئەم سیستمە کێشەی تێبکەوێت ئەوا هەموو کۆمەڵگە کێشەی تێدەکەوێت.

بەر لەوەی هەڵوەستە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە بکەین من چەند پرسیارێك بەگشتی ئاراستەی بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە و رای گشتی دەکەم:

- ئایا کۆمەڵگەی عێراقی هیچ پێویستییەکی بە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی هەیە؟
- ئایا ئەو ماددانەی پێشنیارکراون بۆ ئەوەی هەموار بکرێنەوە لە بەرژەوەندی سیستمی کۆمەڵایەتی عێراقدایە یان زیانی پێدەگەیەنێت؟
- ئایا یاسای باری کەسیی عێراقی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ هیچ بۆشایی یان کەموکورتییەکی یاسایی تێدایە هەتا ناچاربین هەمواری بکەینەوە، یان کەس تانەی لەسەر تۆمارکردووە بۆ ئەوەی هەموار بکرێتەوە؟
- ئایا ماددەی ٤١ی دەستوور کە کراوە بە بنەما بۆ ئەم هەموارکردنەوەیە بە تەواوەتی لەم پێشنیاری هەموارەدا جێبەجێکراوە؟ یان تەنها داوای چواریەکی دەکات؟
- بۆچی لە ئێستادا و لەم بارودۆخەدا پێداگیری دەکرێت ئەم هەموارە تێپەڕ ێنرێت؟

بەڕێزان .. پرسی هەموار کردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق بابەتێکی کۆنە، لە دوای درووستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە چەندین جار هەوڵی بۆ دراوە. و دوای رووخانی رژێمی پێشووش لە ٢٠٠٣ داوای هێز و لایەنە شیعیەکانی عێراق بووە و خوالێخۆشبوو (عبدالعزیز الحکیم) ئەو کات لە خولی خۆی کە سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بوو، بە بڕیاری ژمارە ١٣٧ یاسای باری کەسیی عێراقی هەڵوەشاندەوە لە دوای ئەوەشەوە لە ٢٠٠٤ پۆل بریمەر ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندەوە و یاساکەی گەڕاندەوە. و پاشانیش لە ساڵی ٢٠١٤ ویسترا هەموارە مەزهەبییەکە بێنن بۆ پەرلەمان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. لە ٢٠٢٠ یش کە ئەوکات ئێمە لە پەرلەمانی عێراق بووین داوای هەموار کردنەوەی مادەی ٥٧ ی یاساکەیان کرد ئەوە بوو سەرکەوتوو نەبوو و رەتکرایەوە، بەڵام لەمساڵدا ٢٠٢٤ جارێکی دیکە هێنراوەتەوە و دەیانەوێت تێی پەڕێنن دوای ئەوەی هەمواری یاسای پشووەکانیان تێپەڕاند.

لە ئێستادا کێشە لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق هەیە، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کە هی عەرەبی سوننەیە ئێستا بەتاڵەو هەتا ئێستا پڕنەکراوەتەوە، بۆیە دەیانەوێت ئەو پرس و یاسایانەی کە پێشتر نەدەتوانرا تێپەڕێنرێت ئێستا لە غیابی سەرۆکی پەرلەماندا تێپەڕێنن.

د.هاشم کەندی لە قسەکانیدا گووتی «ئومێدەوارم دژایەتیی ئەم پرسە لە هەرێمی کورستانەوە بەشێوەیەکی سیاسی تەبەننی نەکرێت»، لە وەڵامی ئەو بۆچوونەدا دەڵێم «بەڕێزم ئەم پرسە لەناو کۆبوونەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی بەشێوەیەکی سیاسیی تەبەننی کراوە، لەو کۆبوونەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی چوار پرس باسکراوە کە بریتین لە:

١. کێشەی سەرۆکی پەرلەمان.
٢. بابەتی چارەسەرکردنی گروپ ومیلیشیا چەکدارەکانی شیعە .
٣. رێککەوتننامەی ئەمنی ئەمریکا وعێراق.
٤. هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ و تێپەڕاندنی لە پەرلەمان .

**ئایا لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا، هاووڵاتیان هیچ کێشەیەکیان نییە تەنیا کێشەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی نەبێت**

**ئەم هەموارکردنە پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و دادگا لاواز دەکات، چونکە ڕێگا دەدات هاووڵاتیان لە دەرەوەی دادگا گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن**

**فەتوای مەرجەع یان مەزهەب دەبێتە بۆچوونی یاسایی و هێزی یاسا وەردەگرێت، ئەمەش متمانەی هاووڵاتی بە دادگا لاواز دەکات وشکۆی یاسا و دامەزراوەی دادگا ناهێڵێت**

**ئەم هەموارکردنە پێچەوانەی ماددەی ١٤ی دەستووری عێراقە کە دەڵێت « عێراقییەکان بەجیاوازی رەگەز و نەتەوە لەبەردەم یاسا یەکسانن»، بۆیە کاتێک ئەم هەموارە تێپەرێت مافی ئافرەت پێشێل دەکرێت و پیاو دەتوانێت ئەو مەزهەبەی بەسەردا بسەپێنێت کە هەڵیدەبژێرێت**

**یاسای باری کەسی بۆ هەر کۆمەڵگەیەک سەمامی ئەمانە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی، دەکرێت بڵێم ئەندازەی سیستمی کۆمەڵایەتیشە، بۆیە زۆر گرنگە، ئەگەر ئەم سیستمە کێشەی تێبکەوێت ئەوا هەموو کۆمەڵگە کێشەی تێدەکەوێت.**

**لە ئێستادا کێشە لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق هەیە، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کە هی عەرەبی سوننەیە ئێستا بەتاڵەو هەتا ئێستا پڕنەکراوەتەوە، بۆیە دەیانەوێت ئەو پرس و یاسایانەی کە پێشتر نەدەتوانرا تێپەڕێنرێت ئێستا لە غیابی سەرۆکی پەرلەماندا تێپەڕێنن**

**ئەگەر ئەم پرسە پەیوەندی بە باری کەسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عێراقەوە هەیە، با پسپۆرانی فیقهی و یاسایی و کۆمەڵناسی و دادوەری و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وکۆمەڵگەی مەدەنی گفتوگۆی لەسەر بکەن**

ئەگەر سەرنج لەو خاڵانە بدەین کە لە کۆبوونەوەکە وەك پرسی گرنگ و چارەنووسساز قسەیان لەسەر کراوە، دەبینین هەمواركردنەوەی یاسای باری کەسی بە هاوتای ئەو کێشە گرنگ و چارەنووسسازانەی عێراق دانراوە، بۆیە ئێمە دەڵێین مادام ئەم پرسە بە سیاسی کراوە هیچ ڕێگریش لەوە نییە کە بە شێوازی سیاسییش پێشی لێ بگیرێ وڕێگریی لێ بکرێ. ئەم بابەتە ئەگەر پرسێکە پەیوەندی بە باری کەسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عێراقەوە هەیە، با پسپۆرانی فیقهی و یاسایی و کۆمەڵناسی و دادوەری و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وکۆمەڵگەی مەدەنی گفتوگۆی لە سەر بکەن.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ئەم هەمواركردنەوەیە بدەین، ئەوا دەبینین:

- ئەم هەمواركردنەوەیە پێچەوانەی هەموو پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتی عێراقە، وەك ڕێککەوتننامەکانی مافەکانی منداڵ، ڕێککەوتنی ڕێگرتن لە جیاکاری بەرامبەر مافەکانی ئافرەت (سیداو)، پشتکردن لەم پابەندبوونانە لەوانەیە ببێتە کێشە بۆ حکومەتی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
- ئەم هەموار کردنە سیمای ململانێیەکی سیاسیی پیشاندەدات و ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە هەوڵێك بێت بۆ سەپاندن و فەرزکردنی ئیرادەی لایەنێك بەسەر لایەنەکانی دیکەدا. ئەمەش وەك پەیامێکە بۆ پێکهاتەکانی دیکە کە لایەنە سیاسییەکانی شیعە پێیان دەڵێن ئێوە ڕازی بن یان دژ بن، ئێمە هەر یاسا و بڕیارێك مەبەستمان بێت بە زۆرینە دەتوانین تێیپەڕێنین.
- ئەم هەموار کردنە پشت بە دوو مدەوەنەی وەقفی سوننی و شیعی دەبەستێت، کە ئێستا دیار نییە ودوای شەش مانگ ئامادە دەکرێت، ئەمە چ لۆژیکێکە دەنگ لەسەر یاسایەك بدەیت دوای شەش مانگی دیکە بزانی ناوەڕۆکەکەی چییە و لە ئێستادا هیچ دیارنییە و هیچیش لەبەر دەست نییە.
- ئەم هەمواركردنە پێچەوانەی ماددەی (١٤)ی دەستووری عێراقە کە دەڵێت « عێراقییەکان بەجیاوازی رەگەز و نەتەوە لەبەردەم یاسا یەکسانن»، بۆیە کاتێك ئەم هەموارە تێپەڕێت مافی ئافرەت پێشێل دەکرێت و پیاو دەتوانێت ئەو مەزهەبەی بەسەردا بسەپێنێت کە هەڵیدەبژێرێت.
- پێچەوانەی ماددەی (٨٨)ە کە دەڵێت «دادوەرەکان سەربەخۆن و جگە لە یاسا لەژێر ڕکێفی هیچ دەسەڵاتێکی تردا نین. نابێت هیچ دەسەڵاتێك دەست بخاتە دادگاو کاروباری دادوەرییەوە.»، بەڵام بەپێی ئەم هەموارە دەسەڵاتی مەرجەعی ئایینی بەسەر دادوەرەکاندا باڵا دەبێت، ك ئەمەش پشێوی وفەوزاییێکی گەورە دروست دەکات.
- مەرجەع یان مەزهەب دەبێتە بۆچوونی یاسایی و هێزی یاسا وەردەگرێت، ئەمەش متمانەی هاووڵاتی بە دادگا لاواز دەکات وشکۆی یاسا و دامەزراوەی دادگا ناهێڵێت.
- خێزانی عێراق دەکەوێتە ناو پاشاگەردانی مەزهەب و فەتوا، چونکە ئێمە دەزانین لە ناو مەزهەبی شیعە مەرجەعی زۆر هەیە، هەروەها لەناو مەزهەبی سوننە ئەقوالی زۆر و مەزهەبی زۆر هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی فەتوا و ڕاوبۆچوونی جیاواز زۆر بێت بەمەش پاشاگەردانی لە سیستمی خێزانی درووست دەبێت.
- هەمواركردنە پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و دادگا لاواز دەکات، چونکە ڕێگا دەدات هاووڵاتیان لە دەرەوەی دادگا گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن.
- هەموارە دەبێتە هۆکاری زیادبون وبە یاساییبونی بەشودانی منداڵ، وهاوسەرگیری کاتی «موتعە» وشتی تریش.

پرسیاری گرنگی ئێمە لێرەدا ئەوەیە لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا، هاووڵاتیان هیچ کێشەیەکیان نییە تەنیا کێشەی هەمواركردنی یاسای باری کەسی نەبێت ؟؟ باشە بۆ ناچن کار بۆ

ئەوە بکەن « یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی» و یاسای نەوت گاز، ئەنجومەنی فیدراڵی دەربکەن، بۆ ناچن بیر لەوە بکەنەوە کە ٥٥ ماددەی دەستوریمان هەیە کە هەر یەکەیان پێویستی بەوە هەیە بە یاسا ڕێکیان بخەین.

لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش گومان لەسەر ئەو دانیشتنەی پەرلەمان هەیە کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیاری هەمواركردنەوەی یاسای باری کەسی کراوە لە هۆڵەکەدا نیسابی یاسایی نەبووە و ژمارەکە کەمتر بووە لەو ژمارەیەی ڕاگەیەنرا کە گوایە ١٧٧ زۆر شتی خراپ بکرێت، یان دەڵێن بۆچی یاسایەکی وەك یاسای باری کەسی کە ٦٥ ساڵە دانراوە ئێستا ئەگەر هەموار بکرێت ئاسایی نەبێت؟ یا دەڵێن ئەو یاسایە لە بارودۆخێکی تایبەت و هەستیاردا دەرچووە.

ئەم بیانووانەی لایەنگیرانی هەموار کردنی ئەم یاسایە بۆ تێپەراندنی ئەم یاسایە دەیهێننەوە، بیانوو و پاساوی واقیعی نین، بەڵکو دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە وڵات بەرەو بارودۆخێك بەرن کە سەدان ساڵ بگەڕێتەوە بۆ دواوە، ئەمەش کارێکی ترسناکە.

**ئەم هەموار کردنە سیمای ململانێیەکی سیاسیی پیشاندەدات و ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە هەوڵێک بێت بۆ سەپاندن و فەرزکردنی ئیرادەی لایەنێک بەسەر لایەنەکانی دیکەدا**




ئەندام بووە. ئێمە پێمان وایە کە ئەم یاسایە ئەگەر تێشپەڕێنرێت، دواتر لەلایەن بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و خێزان وکۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەتوانرێت هەم تانە لەسەر هەموارەکە و هەم لەسەر ئەو دانیشتنەی پەرلەمانیش تۆمار بکرێ.

لایەنگرانی هەمواركردنەوەی ئەم یاسایە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم هەموارە هیچ شتێك لەسەر کەسێك فەرز ناکات، منیش دەڵێم ڕاستە هیچ شتێك فەرز ناکات، بەڵام دەرگایەك دەکاتەوە و بوار دەرخسێنی بۆ ئەوەی

لە کۆتاییشدا دەڵێین گرنگە بەدیلمان هەبێت بۆ ئەم هەموارە، بە دیدیی ئێمە ئەگەر تێبینی و گلەیی لەسەر چەند ماددەیەکی ئەم یاسایە هەبێت، با لە بەر ڕۆشنایی گفتوگۆیەکی زانستیی وئەکادیمی پسپۆرانی یاسایی و کۆمەڵناسی وئایینی وکۆمەڵگەی مەدەنی بەرەو باشتر هەموار بکرێتەوە. وە یا بە لانی کەم ئەم هەموارکردنەوەیە دوابخرێت تا ئەو کات هەردوو مدەوەنەکە ئامادە دەکرێت، ئەوکات پێکەوە لەگەڵ مدەوەنەکە دیراسەتێکی وورد و باشی بکرێت ئینجا بڕیاری لەسەر بدرێت.

**بیانووەکانی لایەنگیرانی هەموار کردنەکە واقیعی نین، بەڵکو دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە وڵات بەرەو بارودۆخێک بەرن کە سەدان ساڵ بگەڕێتەوە دواوە، ئەمەش کارێکی ترسناکە**



# ئەم پێشنیارە هەموارە خواستی گرووپێکە و هەست دەکرێ دەست و مەرامێکی سیاسی لە پشتەوە بێت


## د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:


د.عەبدوڵڵا شێرکاوەیی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانە و، ئەندامی بۆردی باڵای وتاری هەینییە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، پسپۆڕیی لە شەریعتناسی و یاسادا هەیە و خاوەنی چەندین بابەت و توێژینەوەی ئەکادیمی و بەرهەمی چاپ کراوە، یەکێکە لەو زانایانەی ئایینی ئیسلام کە بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم و لە ڕوانگەی شەریعەت و ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە سەیری کۆی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات و، هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە کە گیانی تەبایی و برایەتی و پێکەوەژیان لە نێوان سەرجەم ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان پتەوتر ببێت، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «هەمواركردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» زۆر بە وردی لە ڕوانگەی ئەحکامەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە باسی لە گرنگیی کۆمەڵگە و خێزان و مافی ئافرەت و منداڵ کرد و بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

یاسای باری کەسیی عێراق کە بە ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ پەسەند کراوە و لە ٩٤ مادده پێك دێت و ماوەی پتر لە ٦٠ ساڵە لە دادگاکان پەیڕەو دەکرێت، یەکێکە لە یاسا بەرکارە گرنگ و هەستیارەکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی تاك و خێزان لە هەموو عێراقدا، سەرچاوەی سەرەکیی ئەم یاسایەش شەریعەتی ئیسلامە (کە لە قورئاندا ٧٢ ئایەت باسی بەش و بابەتەکانی باری کەسی دەکات) کە جاری وا هەیە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی هەڵێنجان و بۆچوونی گەورەزانایان و مەزهەبی موعتەمەد و مودەوەنی ئیسلامییەوە بڕگە و حوکمەکانی ڕوون کراونەتەوە، وە شارەزایانی بواری شەریعەت و یاسا لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتی و گشتگیربوون و ڕەچاوکردنی ماف و کەرامەتی هاووڵاتی و پێگەی خێزاندا دارشتیان بۆ کردووە و کۆدەنگبوون لەسەری، ئیدی سەباری کەم و کورتییەکان یاسای باری کەسی بە شاهێدیی پسپۆڕانی شەریعە و یاساناسان بە باشترین و پێشکەوتووترین یاساکانی عێراق دادەندرێت، چونکە توانیویەتی کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە خێزان ڕێك بخات و کێشە و ئاڵۆزییەکانیش چارەسەر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەنگی و یەکڕیزیی نێوان پێکهاتەکان بە جیاوازیی مەزهەبی و فکری و سیاسی و نەتەوەیی و کلتوورییەوە ئیحیتیوا بکات و وەك یاسایەکی مەدەنی مامەڵە لەگەڵدا هاووڵاتیاندا بکات، کە دەکرێت لەسەر هەموو ئەوانەشەوە ئەم یاسایە تایبەتمەندی لە دوو ڕووەوە دەر بکەوێت:

یەکەم: یاسایەکە ڕۆحی ئیسلام و مەقاسیدی شەرعی و بۆچوونە گەوهەرییەکانی ناو هەر چوار مەزهەبی هەڵگرتووە.

دووەم: لە ڕێی هێزی مەنتیقەوە بەهاو چوارچێوەی ئەخلاقی و عەدالەتی ڕاگرتووە.

لێکەوتە و لایەنە خراپەکانی ئەم پرۆژە پێشنیاری هەمواری یاساکە:

ئەگەر بە وردی لەم هەموارە بڕوانین، هەست دەکەین کۆمەڵێك ئاماژە و لێکەوتەی هەیە، کە پێویستە هەموو لایەك لێی بە ئاگا بین، چونکە ئەم یاسایە پەیوەندیی بە تاك بە تاکی کۆمەڵگە و بیر و باڕوەری تاك و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە هەیە، وەك یاساکانی دیکە نییە، بە گشتی ئەم پێشنیارە هەموارە بە خراپ و مەترسی دەزانین بۆ سەر کۆمەڵگەی عێراقی لە چەند لایەکەوە:

یەکەم: بانگەشە و هۆکار و دەستبردن بۆ هەمواری ئەم یاسایە زۆر لاواز و ناپێویستن، بە واتایەکی دی هەست بە بۆشاییەکی ئەوتۆی یاسایی لە بواری کەسیدا ناکرێت، کە گرفتێکی گەورەی لە بەردەم هاووڵاتیاندا دروست کردبێت، تا پێشنیار بۆ هەمواری یاساکە بکرێتەوە. هیچ پێویستی و زەروورەتێکی شەرعی و خواستێکی جەماوەری نەهاتووەتە پێش، تا هەموارێکی وا بێنێتە کایەوە، چونکە ئەگەر یاسا هەموار بکرێتەوە دەبێ هۆکارێکی واقعی و پێویستییەکی ڕۆژگار لە ئارادا بێت، وە دەبێ هەموارەکە یاسا بەرەو پێشەوە ببات و بۆشاییەك پڕ بکاتەوە و بەدیلێکی جوانتری هەبێت نەك بیگەڕێنێتەوە بۆ دواوە.

**هەست بە بۆشاییەکی ئەوتۆی یاسایی لە بواری کەسیدا ناکرێت، کە گرفتێکی گەورەی لە بەردەم هاووڵاتیاندا دروست کردبێت، تا پێشنیار بۆ هەمواری یاساکە بکرێتەوە**

ئەگەر یاسایەکە کەموکورتییەکی جەوهەریی هەبووایە، بە دڵنیاییەوە مەرجەعە ئایینییەکان نارەزایەتییان دەردەبڕی و داوای هەموار کردنەوەیان دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ هۆکار و زەرورەتێك نییە، داوایەکی فەرمی نەبووە.

دووەم: یاسای باری کەسی کە تێیدا «هاووڵاتی» پێوەر و سەنتەرە، دەتوانین بڵێین سەدا سەد لە شەریعەتی ئیسلامەوە وەرگیراوە، لە ڕووی گشتگیری و پەسندەوە زۆرینە لە ئاستی مەزهەب زیاترە، بەو واتایە یاساکە لە شەریعە و کۆی مەزهەبی موعتەمەد وەرگیراوە نەك تەنیا مەزهەبێك یان دوو مەزهەب یان مەرجەعێك و موفتییەك، بۆ هەموو هاووڵاتیانی عێراق نوسراوەتەوە نەك پەیڕەوانی مەزهەبێك.

**ئەگەر بە وردی لەم هەموارە بڕوانین، هەست دەکەین کۆمەڵێک ئاماژە و لێکەوتەی هەیە، کە پێویستە هەموو لایەک لێی بە ئاگا بین**

سێیەم: ئەم پێشنیارە هەموارە خواستی گرووپێکە نەك زۆرینە یان مەراجیعی دینی و نوخبەی ئەکادیمی و شارەزایانی یاسا و شەریعەت، بۆیە هەست دەکرێ دەست و مەرامێکی سیاسی لە پشتەوە بێت، ئەگەرنا وەك ڕێڕەوی یاسایی، پێویستە حکومەت یان سەرۆکایەتیی کۆمار یان لێژنەی تایبەتمەند کە لە ١٠ ئەندام پەرلەمان بەسەرەوە بێت، مافی پێشکەشکردنی پرۆژە پێشنیاری هەموارکردنەوەیان هەیە، نەك کەس و گرووپ!

چونکە ئەمە کاری یاساناس و شەرعزان و پسپۆڕانی فیقهی ئیسلامییە و ناکرێ یاسایەکی وا هەستیاری پەیوەست بە خێزانی عێراقی ڕادەستی ئەم جۆرە گرووپانە بکرێت.

لە لایەکی دیکەوە شیعەکان بە تەواوەتی لەگەڵ ئەم هەموارە نین، بەڵکو بەشێکیان دژی وەستاونەتەوە، هەروەك سوننەکانیش ڕازی نین و ڕەتی دەکەنەوە، ئەوەش باس دەکرێ ڕێککەوتنێك لە نێوان هەردوو لا هەبێت بەوەی سوننە پاڵپشتی تێپەڕاندنی هەموارەکە بۆ شیعە بکات و لە بەرامبەریشدا ئەوان یاسای لێبوردنی گشتی بۆ سوننەکان دەنگ پێ بدەن.

چوارەم: هەموارەکە خزمەت بە کۆمەڵگە ناکات و دەمارگیریی مەزهەبی و تائیفی زیاد دەکات، چونکە داوا دەکات هاوسەران پێش گرێبەستی هاوسەرگیری، مەزهەبی خۆیان دیاری بکەن، بۆ ئەوەی کارەکانیان بە پێی مەزهەب ڕاپی بکرێت، ئەمەش دەرهاویشتەی تائیفیی لێ دەکەوێتەوە، مەترسی دەمارگیریی مەزهەبی، چونکە گەڕانەوە بۆ مەزهەبێك یان مەرجەعێکی ئایینی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، دابەشکردنی دادگاکانە بەسەر دووبەرەدا (شیعە و سوننە) ئەمەش دەرەنجامی خراپی لێ پەیدا دەبێت، لە کاتێکدا بە پێی دەستوور دینی ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە، وە لە بڕگەی ٢ی ماددەی یەکەمی یاسای باری کەسیدا هاتووە: "إذا لم يوجد نص تشريعي يمكن تطبيقه، فيحكم بمقتضي مبادئ الشريعة الاسلامية الأكثر ملاءَمة لنصوص هذا القانون". واتە: ئەگەر دەقێکی یاسایی نەبێت بۆ جێبەجێکردن، ئەوا کار بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام دەکرێت کە زیاتر گونجاو بێت لەگەڵ دەقە قانوونییەکەدا.

پێنجەم: ئەوەی جێی مەترسییە ڕاسپاردنی هەردوو وەقفی شیعە و سوننەیە بە نوسینەوەی پەڕاوێك دوای شەش مانگ لە پەسندکردنی هەموارەکە، بۆ ئەوەی بە درێژی هەموو یاسا و ڕێنماییە پەیوەستەکان لە مودەوەنەیەکدا بنووسنەوە، کە ئەمە بە لایەك تەخویلکردن و کردنەوەی ئۆفیسی باری کەسییە لە دەرەوەی دادگاکان، لەلایەکی تریشەوە کەس نازانێ چی تێدا دەنووسرێت، یان کێ دڵێ هەر دەنوسرێت! ئیدی ئەم پەرتەوازەییە دەبێتە هۆکاری ئەوەی مافەکان لەو بەینەدا بفەوتێن و بەپێی ڕێککەوتن و بەهێزی و لاوازیی کەسەکان نادادپەروەری لە دیاریکردن و وەرگرتنەوەی مافەکاندا ڕوو بدات.

شەشەم: گرفتێکی دیکەی ئەو پێشنیارە هەموارە ئەوەیە کە بۆچوونە فیقهی و ئیجتیهادییەکانی ئێستای ناو مەرجەعە دینییەکان، بەتایبەت شیعە دەکاتە حاکم بەسەر دادگاکانەوە، نەك سەرچاوە سەرەکییەکان (دەق و ئیجماع) ئەمەش ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ بەشوودانی کچ لە تەمەنی خوار ١٥ ساڵی، دوا جار ئەمە ستەمێکە بە ناوی ئیسلامەوە لە مافی مرۆڤ، بەتایبەت لە ئافرەت دەکرێت.

حەوتەم: ئەم هەموارە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر کاروباری خێزانی و کۆمەڵگەی عێراقی لە چەند لایەکەوە، وەك:

- قووڵکردنەوەی ئاراستەی مەزهەبی و بەهێزکردنی مەرجەعییاتی مەزهەبی، هەڕەشەیە بۆ یەکڕیزیی نێو گەلانی عێراق و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و، ڕۆیشتنە بەرەو تائیفیەت و دابەشبوون، باڵادەستکردنی مەزهەبی شیعەیە بەسەر یاساکانی باری کەسییەوە.
- پێشێلکارییە لە جوانییەکانی خێزان و مافی مرۆڤ، بەتایبەت مافی ئافرەت، زیادبوونی کێشەی خێزانی و ڕێژەی تەڵاق بەرەو هەڵکشان دەبات و بەرپرسیارێتیی خێزان دەخاتە چارەنووسێکی نادیارەوە، لە کاتێکدا ڕێژەی تەڵاق لە عێراق لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا لە کۆی ٢٣ هەزار پرۆسەی زەواج نزیکەی حەوت هەزار حاڵەتی تەڵاق هەبووە، واتە بە ڕێژەیی، لە چوار حاڵەتی هاوسەرگیری یەکێکیان تەڵاق دەدرێت، هەورەها لە کوردستان ساڵی ٢٠٢٣ بە پێی ئاماری فەرمیی ئەنجومەنی دادوەری ١٤٣١٢ حاڵەتی جیابوونەوە (تەڵاق) هەبووە، هەر بەپێی ئامارەکان یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم ڕێژە زۆرەی تەڵاق بریتییە لە هاوسەرگیریی پێشوەختە! دەی ئەگەر ئەم هەموارە سەر بگرێت؛ بەپێی قسەی یاساناسان بە شوودانی کچ لە تەمەنی نۆ ساڵ بەلای سەرەوە ئاسایی بێت، ڕێژەی تەڵاق بۆ چ ئاستێك بەرز دەبێتەوە؟
- ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆکاری ناکۆکی و توندوتیژی، سەرەکێشێت بۆ زۆربوونی زەواجی

**باس لەوە دەکرێت کە ڕێککەوتنێک لە نێوان هەردوو لا هەبێت بەوەی سوننە پاڵپشتیی تێپەڕاندنی هەموارەکە بۆ شیعە بکات و لە بەرامبەریشدا ئەوان یاسای لێبوردنی گشتی بۆ سوننەکان دەنگ پێ بدەن**

**گرفتێکی دیکەی ئەو پێشنیارە هەموارە ئەوەیە کە بۆچوونە فیقهی و ئیجتیهادییەکانی ئێستای ناو مەرجەعە دینییەکان، بەتایبەت شیعە دەکاتە حاکم بەسەر دادگاکانەوە**

موتعە و میسیار دیاردەی فرەژنی نا ئاسایی و نا یاسایی و مارەکردنی ئافرەت بە نهێنی زۆر دەبێت، چونکە فیقهی شیعە مەرجەکانی یاسایی بۆ فرەژنی دەدان پێدا نانێت، لەمەشدا زەرەمەندی یەکەم ئافرەت دەبێت، بەمەش بازاڕی بازرگانیکردن بەم جۆرە هاوسەرگیرییانە گەرم دەکا و دواجار کۆمەڵگەش بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار دەبات.

- لە ماددەی دووەمی هەموارەکەدا بڕگەی پێنجەمی ماددەی دەیەمی گۆڕیوە و سزای هاوسەرگیریی دەرەوەی دادگای لا داوە، ئەمەش مارەبڕین لە دەرەوەی دادگاکان زیاد دەکات، مەرجە پێشوەختەکان بەهایان نامێنێ وەك پشکنینی پزیشکی، جیابوونەوەی دادوەری (التفريق القجائي) جێبەجێ ناکرێت، ماف زایەع دەبێت، دەرەنجام ئافرەت دەبێتە قوربانی.

- کردنەوەی دەرگای فەوزا و ئاڵۆزییە لەبەر هەموو ئەوانەی تووشی گرفتی خێزانی دەبن، چونکە ئەگەر مەزهەب سەرچاوەی وەرگرتنەوەی ماف بێت، ئەو کات خەڵك لە کام مەزهەب مافی پارێزراو بێت، ئەو ئەو مەزهەبە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، چونکە هەموارەکە ئاماژەی بەوە نەکردووە کام مەزهەب هەڵدەبژێردرێت، بەڵکو بەکراوەیی ئەمەی جێ هێشتووە، ئەمەش دەرفەتی تەفسیراتی زۆر و جیا دروست دەکات، لە کاتێکدا یاسا وەك مەرجەع و پارێزەری ماف دەبێ حەسمی گرفتەکان بێ هیچ جیاکارییەك بکات.

بەکورتی:

- ئاساییە لە ڕووی سیاسی و فکری و مەزهەبییەوە جیاوازیمان هەبێت، بەڵام لە ڕووی یاساوە بەتایبەت یاسای باری کەسیدا جیاواز بین کارەساتە، چونکە ئەمە کۆمەڵگە دابەش دەکات بەسەر گرووپ و مەزهەبدا، وە مەترسییە بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق.
- ئەم هەموارە بۆ زیاتر باڵادەستبوون و فەرزکردنی هەژموونی شیعەگەراییە لە عێراقدا بۆ ملکەچکردنی سوننە لە بەرامبەر هەنگاوە سیاسی و پەیوەستەکانی حوکمڕانیدا، هەروەها سیاسەتی ئیزدیواجییەتە، ئەگەرنا لە لایەك دەڵێن لەگەڵ بابەتی (زواج القاصرات) نین، لەلایەکی دیکەیش شەرعییەت دەدەنە ئەوەی کچی نابالغ شوو بکات!
- لاوازکردنی ڕۆڵی دادگاکانە، ڕاستە لە ڕواڵەتدا دوو ماددە پێشنیاری هەمواری بۆ کراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا مەترسی لەسەر تەواوی یاساکە هەیە و بۆنی هەڵوەشانەوەی کۆی یاساکەی لێ دەکرێت، چونکە ئەوەی تەحەکوم دەکات (مودەوەنەکەیە) نەك یاسای بەرکار، بەوەش هیچ ڕۆڵێك بۆ دادگا و دادوەرەکان نامێنێت، وە بۆی هەیە ئەو مودەوەنە کە پاشی شەش مانگ دەنوسرێت، پاشی شەش مانگی دیکە گۆڕانکاریی دیکەی بەسەر دابێت.
- هەڕەشەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئاسایشی خێزان، لە کاتێکدا دۆخەکە پێویستی بە ئاشتی و پێکەوەژیان و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی هەیە، پرسیارێك دێتە پێشەوە بەوەی عەجەب ڕێگە بە نەتەوەیەك نەدەی «سەربەخۆیی» خۆی هەبێت! بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، کەچی دەست بۆ گرنگترین یاسا ببەیت کە مەترسیی دابەشبوونی عێراقی لێ دەکرێت و پەرتەوازەیی دروست دەکات!!
- ئەم پێشنیارە ڕەفتارێکی نامۆیە بۆ عێراقییەکان و سەرقاڵکردنی شەقام و ڕای گشتییە، ئەگەرنا دەیان کێشەی دیکەی گرنگ و گەورە هەن قسەی لەسەر ناکرێت، ئەم هەنگاوە دێننە پێشەوە..
- ئەگەر ئەم هەموارە سەر بگرێت مەترسی و کاردانەوەی لەسەر کوردستانیش دەبێت، چونکە لەوانەیە بەیانی بەپێی مودەوەنەکە بڕیار بدرێت قازییەکان «قازیی شیعی و قازیی سوننی» لێك جیا بکرێنەوە، یان داوا بکرێ لە کوردستانیش بە بیانووی هەبوونی شیعە «قازیی شیع» لە ناو دادگاکانی هەرێمدا جێ بکەنەوە!

**ئەگەر مەزهەب سەرچاوەی وەرگرتنەوەی ماف بێت، ئەو کات خەڵك لە کام مەزهەب مافی پارێزراو بێت، ئەو ئەو مەزهەبە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت**

**ئەم هەموارە بۆ زیاتر باڵادەستبوون و فەرزکردنی هەژموونی شیعەگەراییە لە عێراقدا بۆ ملکەچکردنی سوننە لە بەرامبەر هەنگاوە سیاسی و پەیوەستەکانی حوکمڕانیدا**



**ڕێزان شێخ دلێر**

ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:

# پێش هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی عێراق پێویستی بە یاسای «بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانە»

ڕێزان شێخ دلێر ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە و یەکێکە لەو پارێزەرە و چالاکوانە دیارانەی کە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بەرگری لەمافی ئافرەت و مەدەنیەت و دیموکراتی دەکات، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» زۆر راشکاوانە لەسەر ئەو پێشنیارە قسەی کرد کە پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق و بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.

سەرەتا دەستخۆشیتان لێدەکەم بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆ راشکاوە لەسەر پرسی هەموار کردنی « یاسای باری کەسیی عێراق».

لەدەستپێکدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم بەوەی زۆر دڵخۆشم ئەمڕۆ کە دەبینم ڕەوشی ژنانی کوردستان بە بەراورد بە ڕەوشی ژنانی عێراق زۆر پێشکەوتووترە، ئەو ڕۆژانەی ئێمە وەك چالاکوانانی بەرگریکاری مافی ئافرەت کارمان دەکرد، ئومێدمان ئەوە بوو مامۆستایەکی ئایینی لەسەر مینبەرەکەیەوە بە باشی باسی خێزان و گرنگی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستان بکات، بۆیە دەستخۆشی لە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەکەم کە توانیان لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەك دروست بکەن ئەمە ئاکامەکەی بێت، هەر لەم گفتوگۆیەدا مامۆستای ئایینی لەگەڵمان دانیشتووە بەو ئاستە بەرز و مەدەنییە باس لە گرنگی خێزان و مافەکانی ئافرەت و منداڵ دەکات، بەراستی ژینگەی ئێستای کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە مافی ئافرەت و خێزان و منداڵ، بە بەراورد بەبەشەکانی عێراق جیاوازییەکی هێجگار گەورەی هەیە مافی خۆمانە شانازی پێوە بکەین.

من وەك ئەزموونی کاری خۆم چ وەك پارێزەر کە لەدادگاکاندا کارم کردووە، چ وەك چالاکوانێکیش لە هەرێمی کوردستان و سەرتاسەری عێراق بۆ بەرگریکردن لەمافی ژنان خەباتم کردووە، هەر بۆیە کە بووم بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق کارەکەی من ئاسان نەبوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو من دۆسییەکەم پێ بوو کە ئەویش «دۆسێی ژن» بوو.

ئەو ئاکامەی پێی گەیشتووم سەبارەت بەوەی داواکارییەکانی ژنانی ئێمە چین، ئەوەیە کە دەمەوێت راشکاوانە بڵێم، ژن لە کۆمەڵگەی ئێمە دەیەوێت ڕێزی لێبگیرێت و خێزانێکی بەختەوەری هەبێت، لەناو کۆمەڵگەدا وەك مرۆڤ بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە ئەم ژینگەیە لەناو کۆمەڵگە فەراهەم بوو، بەراستی دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی مەدەنییە، ئەگەر جیابوونەوەیەکیش لە نێوان دوو هاوسەردا روویدا، جیابوونەوەکە بەڕێزەوە بەڕێوە دەچێت، ئەگەر ئەو دوو هاوسەرە منداڵیان هەبوو بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ چارەنووس و پەروەردەی ئەو منداڵە دەکەن، ئەگەر بەشێك لەم داواکارییانە بۆ ژنان لە هەرێمی کوردستان فەراهەم کرابێت، بڕوا بکەن ژنانی عێراقیش لەمە زیاتریان ناوێت.

ئێستا ئێمە باسی ژنانی عێراق و ئەو ژینگەیە دەکەین کە لایەنە سیاسییەکانی عێراقن، بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکانی شیعە دەیانەوێت یاسای باری کەسیی عێراق هەموار بکەنەوە، زۆر بە سادەیی باس لە بە شوودانی کچ لە تەمەنی منداڵیدا دەکرێت، من دەڵێم ئایا کچێکی تەمەن خوار ١٥ ساڵ کاتێك دەدرێت بەشوو دەزانێت ماف و ئەرکەکانی چین، باس لەوە دەکەن باوکی کچەکە کە دەبێتە «وەلی ئەمر» لە کاتی مارەکردنی کچەکەدا، ئایا باوکەکەشی دەزانێت چی لەناو ئەو یاسایەدا هەیە کە لەم پێشنیاری هەموارکردنەدا بە تەواوی یاساکە دەگۆڕێت.

ئەوەی ئەم ژینگەیەی درووستکردووە، ژن نییە، یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نین، بەڵکو ئەو سیاسیانەن کە لە حوکمڕانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکانی خۆیان شکستیان هێناوە، بۆیە دەیانەوێت بە دروستکردنی ئەم کێشانە شکستی خۆیان لە حوکمڕانی پەردە پۆش بکەن.

کاتێك پارێزەر بووم لە هەموو پارێزگاکانی عێراق کارمکردووە، سەردانی بەندیخانەکانی بەسرە و کەربەلا و پارێزگاکانی دیکەی ژنانم کردووە، لێرەشدا بۆیە باس لە بەندیخانە و دادگا دەکەم، لەبەر ئەوەی کاتێك ژنێك دەخرێتە بەندیخانەوە ئیدی هەموو ئیرادەی زەوت دەکرێت و هەموو شتێکی بەسەردا فەرز دەکرێت و بە هەموو شێوەیەك دەچەوسێنرێتەوە و، **٢-٣** ساڵی پێدەچێت هەتا دۆسییەکەی رەوانەی دادگا دەکرێت و پرسەکەی یەکلایی دەکرێتەوە.

لەسەر دەمی حکومەتەکەی نوری مالیکیدا، سەردانی بەندیخانەیەکی ژنانم کە ٤٠٠ ژنی تێدا بەندکرابوو بە تۆمەتی لەشفرۆشی، زۆربەیان منداڵ بوون بازرگانیان پێوە کرابوو، کە ژینگەی ئەو بەندیخانەیەم بینی بەراستی هیچ بنەمایەکی مافەکانی مرۆڤ، خزمەتگوزاریی تێدا رەچاو نەکرابوو، دوای

**ژن لە کۆمەڵگەی ئێمە دەیەوێت ڕێزی لێبگیرێت و خێزانێکی بەختەوەری هەبێت، لەناو کۆمەڵگەدا وەک مرۆڤ بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

**ئەوەی ئەم ژینگەیەی درووستکردووە، ژن نییە، یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نین، بەڵکو ئەو سیاسیانەن کە لە حوکمڕانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکانی خۆیان شکستیان هێناوە**

**لەسەر دەمی حکومەتەکەی نوری مالیکیدا، سەردانی بەندیخانەیەکی ژنانم کە ٤٠٠ ژنی تێدا بەندکرابوو بە تۆمەتی لەشفرۆشی، زۆربەیان منداڵ بوون بازرگانیان پێوە کرابوو، کە ژینگەی ئەو بەندیخانەیەم بینی بەراستی هیچ بنەمایەکی مافەکانی مرۆڤ، خزمەتگوزاری تێدا رەچاو نەکرابوو**

**لە دادگاکاندا دادوەری ژن هەن و دەتوانن گرێبەستی هاوسەرگیری ئیمزا بکەن، بەڵام دوای ئەوەی ئەم هەموارە تێپەڕی ئەوا منی ژن ناتوانم باسی ئایین و ئەو مافەش بکەم کە دەبێت هەم بێت**

**پێشنیارێک هێنرایە پەرلەمان سەبارەت بە دایەنگەی منداڵ بینیمان ٦٠ پەرلەمانتاری ژن ئیمزایان لەسەر کردبوو، دواتر کە قسەمان لەگەڵ ئەو ژنانە کرد پێیان گووتین کە هەموو ئیمزاکان لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنێکەوە کراوە و ژنەکانیش نەیانوێرا بوو قسە بکەن**

**قسە کردنی ئێستام لەسەر مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ١٠ساڵ پێش ئێستا زۆر جیاوازە، ئێستا دەبینین مامۆستایان ئایینی ئیسلامی لە کوردستان بەو شێوەیە قسە دەکەن کە کۆمەڵگەیەکی سەردەمیانە پێویستی پێیەتی**

**کاتێک لایەنێکی سیاسی بۆ سەپاندنی مەزهەبێک دەیەوێت یاسایەک فەرز بکات کچ بە ٩ ساڵی بدرێت بەشوو، پرسیاری من ئەوەیە من کچەکەم بە ٩ ساڵی بدەم بەشوو باشترە، یان بە بەباشی پەروەردەی بکەم و خوێندنی پێ تەواو بکەم و پاشان خێزانێکی باش دروست بکات**

ئەوەی ئەم بارودۆخەی بەندیخانەکە گەیشتە میدیا، وەك هەموو بینیمان نوری مالیکی وەك سەرۆك وەزیران داوای لێبووردنی کرد لەسەر بارودۆخی بەندیخانەکە کە نەدەبوو وابێت.

هەر بۆیە هەر کاتێك بارودۆخی دەوڵەت خراپ بێت، بەردەوام لایەنە سیاسییەکانی شیعە هەوڵیاندا پرۆژەی هەموارکردنی ئەم یاسایە بێننە ناو پەرلەمانی عێراق، هەر بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٠ ململانێی مەزهەبگەرایی زۆر توندبوو و، کوشت و کوشتار لە نێوان هەردوولا بوونی هەبووە، خەڵك بەتایبەتی عەرەبی سوننە خۆپیشاندانیان دەکرد، لەناو ئەم ژینگەیەدا پرۆژەی هەمواری فیقهی جەعفەریان هێنایە ناو پەرلەمان بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت قسە لەسەر ئەو بارودۆخە سیاسییە بکات، بە هەمان شێوە لە ٢٠١٥ دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش هاتن و بەشێکی زۆری خاکی عێراقیان داگیرکرد و سوپای عێراق پاشەکشەی کرد دیسان هەموار ئەو یاسایەیان هێنایەوە بۆ ئەوەی پەرلەمان بە کێشەیەکەوە سەرقاڵ بن نە پرژێتە سەر ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەت بکات، یان لێپرسینەوە لەسەر ئەوە بکات چۆن سوپای عێراق بەو شێوەیە پاشەکشەی کرد و ئەو هەموو شوێنەی بۆ تیرۆریستانی داعش بەجێهێشت.

لە خولی چوارەمدا بە بیانووی هەموارکردنی ئەو ماددەی یاسای باری کەسی کە پەیوەندیی بە منداڵ لە خۆگرتن «حضانة» ی منداڵەوە هەیە دوای جیابوونەوەی هاوسەران، ویستیان ئەوەی کە ڕەفتاری ژن بەرامبەر پیاو بۆ بینی منداڵەکەی خراپە ئەو یاسایە هەموار بکەنەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تەنیا لەبەر ئەوەی کەموکورتی لە حەزانەدا هەیە دەبێت هەموو یاساکە هەموار بکرێتەوە؟

کە ئەم پێشنیارە هێنرایە پەرلەمان بینیمان ٦٠ پەرلەمانتاری ژن ئیمزایان لەسەر کردبوو، دواتر کە قسەمان لەگەڵ ئەو ژنانە کرد پێیان گووتین کە هەموو ئیمزاکان لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنێکەوە کراوە و ژنەکانیش نەیانوێرا بوو قسە بکەن، سەرنج بدەن لە بری پەرلەمانتاری ژن لەناو پەرلەمانی عێراق ئیمزا دەکرێت، ژن ناوێرێت بڵێت ئیمزای من نییە.

پێش هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی ئێمە پێویستمان بە یاسای «بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانە»، بۆ ئەوەی فێربین چۆن خێزان دەتوانێت دوور لە توندوتیژی بژی، چۆن دەتوانێت دوور لە توندوتیژی کێشەکانی چارەسەر بکات.

پرسێکی دیکەی گرنگ کە مەبەستمە هەڵوەستەی لەسەر بکەم، یەکێك لەو خاڵانەی لە پێشنیاری کردووە ڕێگە دەدات کە گرێبەستی ئایینی لای مامۆستایانی ئایینی لە دەرەوەی دادگا ئەنجامبدرێت، دەپرسم ئایا لە ناو مامۆستایانی ئایینی کە مارە بڕین ئەنجام دەدەن مامۆستای ژنی تێدایە، بێگومان تێیدا نییە، بەڵام لە دادگاکاندا دادوەری ژن هەن و دەتوانن گرێبەستی هاوسەرگیری ئیمزا بکەن، بەڵام دوای ئەوەی ئەم هەموارە تێپەڕی ئەوا منی ژن ناتوانم باسی ئایین و ئەو مافەش بکەم کە دەبێت هەم بێت.

کاتێك باس لە مامۆستایانی ئایینی دەکەم، لەوانەیە قسە کردنی ئێستام لەسەر مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ١٠ساڵ پێش ئێستا زۆر جیاواز بێت و، لەوانەیە لە زۆر کاتیشدا هەڵە بوو بم کە زۆر بە توندی لەبەرامبەر مامۆستایان ئایینی کوردستان قسەم کردبێت، بەڵام ئێستا کە دەبینین مامۆستایان ئایینی ئیسلامی لە کوردستان بەو شێوەیە قسە دەکەن کە کۆمەڵگەیەکی سەردەمیانە پێویستی پێیەتی، ئەوە دیدوتێروانینی ژنانیش هێور دەبێتەوە و، وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە ڕێز لە دابونەریتی کۆمەڵگەکەی خۆی دەگرێت کە بواری ئەوەی داوە وەك مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیە بژی.

ژن ڕازی نابێت کۆلکە مەلایەك لە دەرەوەی دامەزراوە ئایینە فەرمیەکان، بێت و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە فەتوا لەسەر مافەکانی ژن بدات وخۆی بکاتە نوێنەری ئایینی ئیسلام، بۆیە دەبێت دامەزراوە ئایینییە فەرمییەکانیش ڕێگە نەدەن کە ئەو ژینگەیە دروست بێت ئەو خەڵکانە فەتوا لەسەر مافەکانی ژن بدەن و بێڕێزی بە مافەکانی ژن بکەن.

کۆمەڵگە بە ڕێزگرتن لەمافەکانی ژن پێش دەکەوێت، ژنی ئازاد و ڕێزگیراو کۆمەڵگەیەکی

تەندروست بونیات دەنێت، لەو کۆمەڵگەیەدا نەوەیەك پەروەردە دەكات كە خزمەتی ئەم نیشتمانە بكات و پێش بكەوێت، بەڵام كاتێك لایەنێكی سیاسی بۆ سەپاندنی مەزهەبێك دەیەوێت یاسایەك فەرز بكات كچ بە ٩ساڵی بدرێت بەشوو، پرسیاری من ئەوەیە من كچەكەم بە ٩ ساڵی بدەم بەشوو باشترە، یان بە بەباشی پەروەردەی بكەم و خوێندنی پێ تەواو بكەم و پاشان خێزانێكی باش دروست بكات.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە رێژەی تەڵاق یان جیابوونەوەی هاوسەرەكان بدەین، كە بە رێژەیەكی زۆر بەرچاو هەڵكشاوە، بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستی منن تەنیا ٢٥٪ جیابوونەوە لەناو دادگاكان بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوی دیكەی لەفزی تەڵاقە كە پیاوەكان لە دەرەوەی دادگا بەكارهێناوە، هەر بۆیە بەشی زۆری ئەو كچانەی بەمنداڵی یان بڵێین خوار تەمەنی هەژدە ساڵی بە شوو دەدرێن لە دەرەوەی دادگا مارە دەكرێن و لە دەرەوەی دادگاش تەڵاق دەدرێن، هەر لە دەرەوەی دادگا شوویەكی دیكەش دەكاتەوە.

خاڵێكی دیكە كە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بكەین، پرسی هاوسەرگیری كاتییە ئەوەی پێدەگوترێت « موتعە» كە ئێستا لە هەندێك پارێزگای عێراق رێگەی پێدراوە بكرێت، ئەم هاوسەرگیرییە جاری وا هەیە بۆ ماوەی رۆژێك یان دوو رۆژە، لە بەرامبەر برێك پارە پاشان جیادەبنەوە و تەڵاقیشی تێدا نییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەمە لە كۆمەڵگە ببێتە دیاردە ئایا ئەو كۆمەڵگەیە چی بەسەر دێت؟ ئایا ئەمە شیرازەی خێزان لە عێراقدا لەبەریەك هەڵناوەشێنێت.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بكەمەوە، ئێمە دەبێت زۆر بە زیرەكانە واقیعی وڵاتی خۆمان بخوێنینەوە، ئەو گۆڕانكاری و پێشكەوتنانە لەبەر چاوبگرین كە لە كۆمەڵگە هاتوونە ئاراوە، دەبێت هەردوو مەرجەعیەتی وەقفی سونني و شیعی ئەو راستیە باش بزانن، گەنجی عێراقی ناتوانێت فیقهی مەزهەبی جێبەجێ بكات، بۆیە دەبێت یاساكانی ئێمەش لە ئاستی پێشكەوتن و گۆڕانكارییەكانی كۆمەڵگە بێت.

كە ئەمەمان نەكرد، ئێستا دەبینین كۆمەڵگەی عێراقی دابەش بووە بەسەر دووبەرەدا، بەرەیەك پێداگیری لەسەر هەمواركردنی یاساكە دەكات، لەبەرامبەریشدا هاوپەیمانییەكی گەورە بە ناوی هاوپەیمانی (١٨٨) دروست بووە ئەو هەمواركردنە رەتدەكاتەوە، لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا هیچ مەرجەعێكی شیعی قسەیەكی یەكلا كەرەوەی لەسەر ئەم پرسە گرنگە نەكردووە، بەڵام ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوە دەچێت كۆمەڵگەی عێراقی دابەش بكات.






**پ.د.غالب ئەلدەعمی**

توێژەری کاروباری سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی:


# ناکرێت پەلە لە دەرچوونی یاسایەک بکرێت کە کێشەی زیاتر بەدوای خۆیدا بهێنێت

**پ.د. غالب ئەلدەعمی سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی (أهل البيت) لە کەربەلا و توێژەرە لە کاروباری سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقە و، لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسیدا سەرنووسەری چەندین ڕۆژنامە بووە، وەك: ڕۆژنامەی «كربلاء اليوم، الطليعة الإسلامية»، لە بواری کارکردنیدا لە دژایەتیکردنی گەندەڵی لە دەستەی دەستپاکیی فیدراڵیی عێراقدا بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکاری سەرۆکی دەستەکە بووە، وەك شرۆڤەوانێکی سیاسییش بەردەوام لەسەر شاشەی کەناڵە عێراقییەکان ئامادەیی هەیە و بە شێوەیەکی زانستی و دوور لە هەڵچوونی مەزهەبی و نەتەوەیی، بیروبۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو، لە گفتوگۆی ئەم جارە «هەمواركردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بەم جۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

زۆر سوپاستان دەکەم کە بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە «هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بانگهێشتتان کردین، کە ئەم پرسە لە ئێستادا جێگەی مشتومڕی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقە.

پێش ئەوەی بێمە سەر ئەم پرسە دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لەم سەردانەماندا بۆ هەولێر، بە ڕاستی شارێکی زۆر جوان و هێمنمان بینی، لە شەقامەکاندا قەرەباڵغی و قفڵبوونی ترافیکمان نەبینی وەك ئەوەی ئێمە لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئەم قسانەی من ستایشە و ئاراستەی ئەوانەی دەکەم کە توانیوویانە هەولێر بگەیيننە ئەم جوانی و ئارامییە.

لیرەوە ئەگەر بێمە سەر ئەو پێشنیارەی بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە پێشکەش کراوە، من هاوڕام لەگەڵ هەندێك خاڵ و لەسەر

هەندێك خاڵیشی تێبینیم هەیە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی قسە لەسەر ڕەهەندە ناخۆیی و دەرەکییەکانی پەسەندکردنی ئەم یاسایە بکەم.

من زۆر باش ئەوە دەزانم، کە عێراق بە گۆشەگیری لە دەرەوەی ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی ناژی، بۆیە تێپەڕاندنی یاسایەك لەم بارودۆخەدا لەگەڵ ئەوەی ئەوانەی لایەنگیری ئەم هەموارە دەکەن بە پێویستی دەزانن و، بیانوویان ئەوەیە کە دەبێت شەرعی خودا جێبەجێ بکرێت، ئەوا ئێمە نەمانتوانیوە لە هەموو بوارێکدا شەرعی خودا جێبەجێ بکەین لەم بارودۆخە هەرێمی و نێودەوڵەتییەدا، من لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە زانیاریم وەرگرتووە کە لەم قۆناخەدا حکومەتی عێراق نایەوێت هەمواری ئەم یاسایە لە پەرلەمان تێپەڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەسەر ئاستی ڕەهەندی دەرەکی، عێراق وەك دەوڵەت بەو شێوەیە سەیر دەکرێت کە ڕێز لە مافی «ئافرەت و منداڵ» ناگرێت، بۆیە دەبێت زۆر باش لەمە تێبگەین و عێراق نەخەینە ژێر گوشاری ڕەهەندە دەرەکییەکەوە.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی، ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت لە عێراقدا پێکهاتەی جیاواز هەیە و عێراق وڵاتی پێکهاتە جیاوازەکانە، لەوانە «هەرێمی کوردستان، ناوچەی ڕۆژئاوا، باشوور و ناوڕاست، بەغدا» هەروەها هەندێك لە برایانی نوێنەر لە فراکسیۆنێکی دیاریکراو نوێنەرایەتیی هەموو عێراق ناکەن، تەنانەت مەرجەعییەتی ڕەشیدیش کە بریتییە لە «باوکی گەورە» کە ئەویش مەرجەعییەتی ئایەتوڵڵا سیستانییە، هەتا ئێستا هیچ ڕایەکی ڕوون و ئاشکرای لەسەر ئەم یاسا دەرنەبڕیوە، تەنانەت کاتێك چەند ساڵێك پێش ئێستا پەرلەمانتار حەسەن ئەلشەمری هەموارەکەی پێشکەش کرد، ڕەت کرایەوە.

شتێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەم پێشنیارەی بۆ ئەم هەمواركردنەوەیە پێشکەش کراوە تەنیا بۆ هەمواری دوو ماددەی ئەو یاسایە پێشکەش کراوە، بۆ ئەمەش چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە هەردوو وەقفی سوننە و شیعە مدەوەنەیەك ئامادە بکەن، مەدەوەنەکانیش لەیەکتری جیاواز دەبن. ئەوجا لەبەر ئەوەی مەزهەبەکانی ئیسلامی جیاوازن ئەوە ئەوەی لەسەری ڕێك دەکەون لەوانەیە ڕاست بێت و لەوانەشە ڕاست نەبێت، هەموو ئەوانەی ئیجتیهاد دەکەن مرۆڤن لەوانەیە هەڵە بکەن، خۆ ئەمە دەقێکی ئاسمانی نییە و هاتبێتە خوارەوە، بۆیە باشترە ئێستا چاوەڕێی ئەوە بکەین بزانین مدەوەنەکە چۆن دەنووسرێت.

سەبارەت بەو خاڵانەشی لەم هەموارکردنەوەدا لەگەڵی کۆکم، یەکێکیان پرسی «بەخێوکردنی منداڵە دوای جیابوونەوەی دایك و باوك» بە ڕاستی لەم پرسەدا زۆر جار خۆم بینیوومە ئافرەت لە پرسی «بینین و مانەوەی منداڵ لای باوك» زوڵمی لە مافی پیاو کردووە و باوکی لە ڕۆڵەکەی خۆی بێبەش کردووە، بۆیە دەبێت ئەم حاڵەتە سنووری بۆ دابنرێت، چونکە زۆر جار دایکەکە، باوکی منداڵەکەی لە بینین و مانەوەی منداڵەکەی بێ بەش کردووە و هیچ یاسایەك نەبووە ئەم پرسە چارەسەر بکات.

ئەگەر بیر لە جێبەجێکردنی شەرع بکەینەوە، پێویستە خەرجی بەخێوکردن و خزمەتی منداڵ لەلایەن پیاوەوە بدرێت بە ئافرەت، من زۆر جار لەسەر ئەم پرسە بە دوور و درێژی لەگەڵ د.رائید ئەلمالیکی گفتوگۆم کردووە، ئایا پێویستە ئەو بڕە پارەیە چەند بێت، ئایا «ملیۆنێك یان ٥٠٠ هەزار دینار» بێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر کارەکەرێکی بەنگلادیشی بگرین بۆ ئەو منداڵە دەبێت لانی کەم «٣٠٠ دۆلاری» پێ بدرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتێکی عێراقی وەك کارەکەرێکی بیانی دەکرێت، یان دەبێت وەك فاتیمە زەهرا (سڵاوی خوای لێ بێت) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

بە بۆچوونی من ئەم یاسایە پێویستی بە کاتی زیاترە، پێویستە کەمێك ئارام بگرین، نابێت پەلە بکەین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین دەتوانین ئیرادەی بەرامبەر بشکێنین، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەم پرسە بەجێ بهێڵرێت بۆ کاتێکی تر و بخرێتە خولی داهاتووی پەرلەمان و زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت و، ناکرێت پەلە لە دەرچوونی یاسایەك بکرێت کە کێشەی زیاتر بەدوای خۆیدا بهێنێت.

**هەموو ئەوانەی ئیجتیهاد دەکەن مرۆڤن لەوانەیە هەڵە بکەن، خۆ ئەمە دەقێکی ئاسمانی نییە و هاتبێتە خوارەوە**

**عێراق وەک دەوڵەت بەو شێوەیە سەیر دەکرێت کە ڕێز لە مافی «ئافرەت و منداڵ» ناگرێت، بۆیە دەبێت زۆر باش لەمە تێبگەین و عێراق نەخەینە ژێر گوشاری ڕەهەندە دەرەکییەکەوە**

**من لەگەڵ ئەوەم ئەم پرسە بەجێ بهێڵرێت بۆ کاتێکی تر و بخرێتە خولی داهاتووی پەرلەمان و زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت**



بەهار عەلی

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی « ئێمە» بۆ پەرەپێدانی مرۆیی:

# دەستبردن بۆ یاسای باری کەسی، تەنیا مەترسی بۆ ژیانی تاک و خێزان نییە، بەڵکو دەستبردنە بۆ ماف و کەرامەتی مرۆڤ

بەهار عەلی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی «ئێمە» بۆ پەرەپێدانی مرۆییە و، یەکێکە لە چالاکوانە دیارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، لە ئێستاشدا بۆ ڕەتکردنەوەی پێشنیاری هەموارکردنی یاسای باری کەسی، ڕێکخراوی «ئێمە» لەگەڵ هاپەیمانی ئافرەتانی کوردستان ئەندامی هاوپەیمانی (١٨٨)ن بۆ ڕێگرتن لەو هەموارە، لەگفتوگۆی ئەمجارە «هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە، لەگەڵ ئەوەی ئەم پرسە بابەتی گفتوگۆی کۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، بەڵام کۆکردنەوەی ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان هەنگاوێکی گرنگە، لای ئێمە لە کوردستان، خەباتی ڕاستەقینە بریتییە لە شەڕ کردنە لەسەر «مافی مرۆڤ، مافە مەدەنییەکان، کەرامەتی مرۆڤ، کەرامەتی ئافرەت».

کاك فەرهاد محەمەد لە وەڵامی د.هاشم کەندی کە گووتی باش نییە « پارتی دیموکراتی کوردستان تەبەننی سیاسیی ئەم پرسە بکات» گووتی « ئەوەی لەم هۆڵەدا قسە لەسەر ئەو پرسە دەکات هەموویان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان نین و نوێنەری هەموو عێراقییەکان بوون و تۆش قسەی خۆتت بە ئازادانە کرد»، بۆیە من ڕاشکاوانە بە کاك فەرهاد دەڵێم، پێویست ناکات بڵێت ئەمە هەر ئێمە نین، بەڵکو ئەمە شانازییەکە بۆ ئێوە کە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم دەستپێشخەرییەتان کردووە، ئێمە لەناو ماڵی خۆمانین د.هاشم کەندی هەڕەشەمان لێدەکات و پێمان دەڵێت ئەم کارەتان بۆ هاوپەیمانی سیاسیی باش نابێت.

بۆیە جێگەی خۆیەتی ڕاشکاوانە بڵێم ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە کوێین و قسە لەسەر چی دەکەین و لە بەرامبەردا چۆن وەڵاممان دەدەنەوە، بەڕاستی ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر جار ڕەخنەی توند لە حزبە سیاسییەکان دەگرین کە نایانەوێت خۆیان بکەنە خاوەنی پاراستنی مافەکانی ئافرەتان، مافەکانی مرۆڤ، بۆیە دووبارە دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم.

من کەسێکی نەتەوەییم، کەسێکی سەربەخۆم، زۆر بڕوام بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە، بەڵام ئەوەی لەم گفتوگۆیە گوێم لێ بوو و ئەوەشی ئێستا لە عێراق دەیبینین، وامان لێدەکات کە دەبێت پەلە لە سەربەخۆیی بکەین، گوناهی من یان گوناهی کچەکەی من چییە لە عێراقدا بژی و چارەنووسی ببێتە قوربانی ئەو ئەقڵییەتەی کە لە کوردستاندا پەسەند نییە و ڕەتدەکرێتەوە.

با زۆر بەڕاشکاوی قسە بکەین، کاتێك بەراوردی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەین، وەك ئەوەیە قسە لەسەر جیاوازیی مەریخ و زەوی بکەین، بەڕاستی دوو جیهانی جیاوازن.

باس لەوە کرا کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە ئافرەتانی عێراق دەکەن و ئافرەتانی عێراقیش پێشوازی لەو پشتگیرییە دەکەن، گوایە ئەمە خراپە و کێشە دروست دەکات، باشە لە عێراقێکدا دەستتێوەردانی دەرەکی هەبێت، ئەقڵییەتێك هەبێت خاوەنی دەسەڵات بێت و بیەوێت بەزۆر یاسایەك فەرز بکات کە هیچ ماف و کەرامەت بۆ ئافرەت ناهێڵێتەوە، ئافرەتانی عێراق چی بکەن پێشوازی لەو پشتگیریانەش نەکەن، لەمەش زیاتر بۆ چاو لەوە دەپۆشن، عێراقیش بەشێکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، خۆ ئێمە لە هەسارەیەکی دیکەی دەرەوەی ئەم جیهانە ناژین، بۆیە کاتێك دەوڵەت نەتوانێت ماف و کەرامەتی هاووڵاتیانی خۆی بپارێزێت، ئەوا مافی هەر هاووڵاتییەکە پێشوازی لە پشتگیری نێودەوڵەتی بکات.

ئەوەی پەیوەندی بەهەمواركردنەوەی «یاسای باری کەسیی عێراق» ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩وە هەیە، پرۆژەیەکی تەبەننی کراوی لایەنە سیاسییەکانی عێراقە بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکانی شیعە و، ئامانجیان ئەوەیە بەم هەمواركردنەوەیە بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە و کردنی عێراقە بە دەوڵەتێکی ئیسلامی.

ئەم ئامانجەی لایەنەکانی شیعە هەر لەسەرەتاوە بەو جۆرە بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی پێشوو ڕووخاو گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسیی عێراق هاتە ئاراوە و ئەو گۆڕانکارییە بەدەستی دەرەکی ڕوویدا، بۆیە نەیانتوانی دەستوورێکی ئایینی بۆ عێراق دابنێن، بەڵام ئەو دەستوورەشی لە ساڵی ٢٠٠٥ پەسەند کرا پڕ کرا لە شتی سەیر و سەمەرە کە ئێستا بە دەستییەوە دەناڵێنین و، هەموو هەوڵیشیان بۆ بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی عێراقییە.

**لە کوردستان باروودۆخەکە هێندە بەرەو پێش چووە کەس ناتوانێت باس لەوە بکات مافەکانی ئافرەتان بگەڕێننەوە دواوە**

**داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم بەو حکومەی ئەو دەسەڵاتەی هەیە بڕیارێك دەربکات بەوەی هەرێمی کوردستان بەهیچ جۆرێك ناچێتە ژێر باری ئەو یاسایەو پەیوەندیمان پێوەی نابێت**

**بە تێپەڕاندنی هەموار کردنی ئەم یاسایە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی پیاوانی میللەتانی تریش کچەکانیان بچەوسێننەوە**

**پیاوانی ئێمەش کە لە کوردستان پەروەردە دەبن کە دەچنە بەغدا دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی لەوێ بوونی هەیە و زەمینە سازی بۆ کراوە**

**یەکەمجار نییە کار بۆ ئەم هەموارکردنەوەیە دەکەن و دوایین جاریشیان نابێت، ئەگەریش زۆرە ئەمجارە هەوڵبدەن بە زۆرینە ئەم پێشنیاری هەموارکردنە تێپەرێنن ئەگەر بزووتنەوەیەکی بەهێز و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێگریی لێ نەکات**

چۆن دەیانەوێت ئەم ئامانجە جێبەجێ بکەن؟ بێگومان ئاسانترین ڕێگە بۆ ئەوەی دەست بۆ ئەم پرۆسەیە بەرن، دەستبردنە بۆ مەسەلەی ئافرەتان و مەسەلەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان لەعێراقدا، لەبەر ئەوەی ئەم دوو پرسە دوو ئەڵقەی لاوازن.

ئەگەر سەرنج بدەین ئایا لە پارێزگاکانی عێراق پێکهاتەکان بوونیان ماوە، ئێستا لە بەغدا چەند هەزار کریستیان ماون، ١٠ ساڵ پێش ئێستا سەردانی بەسرام کرد لەوێ ئافرەتێکی کریستیانم بینی و پێی گووتم «ناتوانم بچمە بازاڕ ئەگەر سەرپۆش (حیجاب)م لەسەر نەبێت لەبەر ئەوەی دەترسم پەلامارم بدەن و بمکوژن»، پرسیاری دیکە ئەوەیە کوا پێکهاتەکانی «سابیئە، بەهائی، هەزاران خێزانی جوو . هتد»، بینیمان ئیزدییەکان بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە جینۆساید کران و ئافرەتانیان ڕفێندران و کران کەنیزەك و سەبایە و، دەوڵەتی عێراقیش بە شێوەیەکی زۆر لاوەکی مامەڵە لەگەڵ ئەم تاوانە گەورەیە دەکات، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت دەستبردن بۆ پێکهاتەکان لەبەر ئەوەی ئەڵقەیەکی لاوازن، بەهەمان شێوە دەست بۆ پرس و مافەکانی ژنیش دەبەن لەبەر ئەوەی پێیان وایە ئەمەش ئەڵقەیەکی لاوازە، بۆیە ئەمە شتێکی تازە نییە یەکەمجار نییە کار بۆ ئەم هەموارکردنەوەیە دەکەن و دوایین جاریشیان نابێت، ئەگەریش زۆرە ئەمجارە هەوڵبدەن بە زۆرینە ئەم پێشنیاری هەموارکردنە تێپەرێنن ئەگەر بزووتنەوەیەکی بەهێز و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێگریی لێ نەکات.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەم هەموارە تێپەرێنن تاچەند بۆیان دەچێتە سەر؟ بێگومان ئیرادەی هاووڵاتیان لەسەرووی هەموو پرسیارێکەوەیە.

لە عێراقدا زەمینەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم پرسە خۆشکراوە، لە ساڵی ٢٠٠٣وە لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەدەنگی بەرز و بە هەوڵی ئاشکرا بەردەوام هەوڵیانداوە ئەم هەموارە بکەن، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لە کوردستان بارودۆخەکە هێندە بەرەو پێش چووە کەس ناتوانێت باس لەوە بکات مافەکانی ئافرەتان بگەڕێننەوە دواوە.

**لە عێراقێکدا دەستتێوەردانی دەرەکی هەبێت، ئەقلییەتێک هەبێت خاوەنی دەسەڵات بێت و بیەوێت بەزۆر یاسایەک فەرز بکات کە هیچ ماف و کەرامەت بۆ ئافرەت ناهێڵێتەوە، ئافرەتانی عێراق چی بکەن**

لەسەر ئەو ژینگەیەی کە لە عێراقدا زەمینەی بۆ خۆشکراوە و تاچەند ئەو زەمینەیە کاریگەرییان هەیە لەسەر پیاوانی ئێمەش، بەسەرهاتێك دەگێرمەوە، پیاوێك هەبوو یەکێك بوو لە چالاکوانانی بەگریکردن لە مافی ئافرەت، بوو بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، من لەگەڵ هاوڕێکەم توێژینەوەیەکم هەبوو، بۆ وەرگرتنی هەندێك ئامار سەردانی ئەو پیاوەمان کرد لە پەرلەمانی عێراق، دواتر پێی گووتین من داواکارییەکم لە ئێوەیە، پێمان گووت فەرموو، وتی پیاوانی عێراق کامەرانن هەر یەکەیان چوار ژنی هەیە، دەتوانن هاوسەرگیری مسیار و کاتی ئەنجامبدەن، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان ناتوانین ژنی دووەم بێنین، بۆ ئێوە ناچن هاوسەرگیری کاتی « موتعە» بکەن بە یاسا.

سەرنج بدەن ژینگەی کۆمەڵایەتی عێراق نەك بۆ خۆیان بەڵکو چەند کاریگەری لەسەر پیاوانی ئێمەش هەیە، ئەمەیە وادەکات کە من دەڵێم دەبێت پەلە لە سەربەخۆیی بکەین، چونکە پیاوانی ئێمەش کە لە کوردستان پەروەردە دەبن کە دەچنە بەغدا دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی لەوێ بوونی هەیە و زەمینە سازی بۆ کراوە.

لەوێ شانازی دەکەن پیاوێك چوار ژنی هەیە کە جیاوازییەکی گەورەی تەمەن لە نێوانیاندا هەیە، لەوێ نوسینگەی جێگری هاوسەرگیری کاتی « موتعە» هەیە، بۆیە کاتێك تۆ هاوسەرگیری کاتی دەکەیتە شتێکی ئاسایی لەناو کۆمەڵگە، ئەوا زۆر ئاسایی دەبێت سبەی یاساشی بۆ دابنێت.

سەیری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە جیاوازە بکە کە ئێستا لە کوردستان بوونی هەیە، بەشی هەرە زۆری ئافرەتانی کوردستان قبوڵ ناکەن پیاوەکانیان ژنی دووەمیان بەسەردا بێنێت، هەندێك پیاو کە لە کوردستان ژنی دووەم و سێیەمیان هێناوە هەموویان چوون لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق کچی منداڵی عەرەبیان هێناوە، هەر بۆیە بە تێپەڕاندنی هەموار کردنی ئەم یاسایە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی پیاوانی میللەتانی تریش کچەکانیان بچەوسێننەوە.




مەترسی دەستبردن بۆ یاسای باری کەسی، تەنیا مەترسی بۆ ژیانی تاك و خێزان نییە، بەڵکو دەستبردنە بۆ ماف و کەرامەتی مرۆڤ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەو یاسایە کەرامەتی مرۆڤ دیاریکراوە کاتێك دەستی بۆ دەبرێت کەرامەتی مرۆڤ پێشێل دەکرێت. دەستبردن بۆ ئەم یاسای بێ بەهاکردنی مانای هاوڵاتیبوونی عێراقیەکانە.

قسەکانم بەم پرسیارە کۆتایی پێدەهێنم «ئێمە لە کوردستان چی بکەین؟»

بەراستی من خەمی هەرێمی کوردستانیشمە، هەر بۆیە وەك ڕێکخراوی (ئێمە) و هاوپەیمانی ژنانی کوردستان بووینە بەشێك لە هاوپەیمانی ١٨٨ و هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێگری لە تێپەڕاندنی ئەم هەموارە بگرین، لە خەمی ئەوەدام ئەو دەستکەوتانەی لەماوەی ٣٣ ساڵی رابردوو بۆ مافی ئافرەتان بەدەستمان هێناوە کۆمەڵگەمان گەیاندۆتە قەناعەت کە ئەو مافانە قبوڵ بکەن، بەهۆی ئەم یاسایەوە زیانی بەربکەوێت.

بۆیە پێشنیارەکەم بۆ ئێستا ئەوەیە، لەبەر ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ئێستا کارا نییە، داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم بەو حکومەی ئەو دەسەڵاتەی هەیە بڕیارێك دەربکات بەوەی هەرێمی کوردستان بەهیچ جۆرێك ناچێتە ژێر باری ئەو یاسایەو پەیوەندیمان پێوەی نابێت.



**خەیری بۆزانی**

ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

# پێشنیاری هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراقی هەنگاوهەڵگرتنە بۆ بە یاساییکردنی هاوسەرگیری منداڵانی کچ ئەمەش تێکدانی شیرازەی خێزانە

**خەیری بۆزانی ڕاویژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان بووە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی. ئێستا لێکۆڵەری دکتۆرایە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، و هەروەها چالاکوانێکی مەدەنییە و کاری بۆ ئەوە کردووە کە پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان پتەو بێت و ئەو سیما جوانەی کوردستان پارێزراو بێت. لە گفتوگۆی ئەمجارە « هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.**

زۆر سوپاس بۆ بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە «هەموارکردنی یاسای باری کەسیی لە عێراق» کە نوێنەرانی سەرجەم پێکهاتە و لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق و کوردستانی پێکەوە کۆکردۆتەوە.

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم من وەك چالاکوانێك کە بەشداریم لە زۆربەی کۆڕو کۆڕبەندەکاندا کردووە و ماوەی ١٥ ساڵیش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بووم، بیروبۆچوونی کەسی خۆم دەخەمە ڕوو.

کێشەی سەرەکی ئێمە لە عێراقدا، ئەو دەستورەیە کە خۆمان لەساڵی ٢٠٠٥ دەنگمان پێیداوە، ئەم دەستورە دەستورێکی شەرمنە

لـە ماددەیەکـدا باسـی مەدەنیـەت دەکات، لـە ماددەیەکی دیکـەدا باسی ئایین دەکات، ئەمـەش واتـە دارەکـەی لـە نیوەدا گرتـووە و خۆی بەهیچ لایەکـدا سـاخنەکردۆتەوە، بـەوەی ئایـا ئێمـە بڕیارمانداوە عێراق دەوڵەتێکی مەدەنی بێت، یان دەوڵەتێکی ئایینی بێت!. بۆیـە پرسـەکە تەنیا لـە هەموارکردنـەوەی یاسـایەك تـەواو نابێـت، بەڵکـو دەبێت ئـەو ترسەشمان هەبێت سبەی دەست بـەرن بـۆ ئـەوەی دەسـتورەکەش بەدڵـی خۆیـان هەمـوار بکەنـەوە.

کاتێـك باسـی پێشـنیاری «هەموارکردنـی بـاری کەسـیی عێـراق» دەکەیـن، راسـتە مـن ئێزدیـم و موسـڵمان نیـم، بـەڵام دووجـار قورئانـم خەتـم کـردووە، شارەزایەکی زۆر باشم لـە ئاییـن و مێـژوو و کۆمەڵگـەی ئیسـلامی هەیـە و مـاوەی ١٥ سـاڵیش بـە حکومـی کارەکـەم لـە وەزارەتـی ئەوقـاف بەشی هـەرە زۆری گفتوگـۆکان بەشدار بـووم، بۆیـە ئـەو مافـە بەخـۆم دەدەم لەسـەر ئـەم پێشـنیاری هەموارکردنـەوەی یاسـاکە قسـە بکـەم.

بەراسـتی گەلێـك جـار کـە گرفتێـك یـان هەڵوێسـتێك دێتـە پێشـەوە، مـن وەك کەسـێکی ئێزدی و عەلمانی بەزەییم بە ئیسـلامدا دێتـەوە، بۆچـی؟ لەبـەر ئـەوەی ئـەو پرسـەی ئەمـڕۆ بەنـاوی ئیسـلامەوە باسـی لەسـەر دەکرێـت، لەوانەیە یەکێك لـە مەزهەبەکانی ئیسـلام - نـەك هەمـوو ئیسـلام - باسـی کردبێـت کـە ئەویـش مەزهەبـی فیقهـی جەعفەرییـە کـە لـە کتێبـی «منهـج الصالحیـن» ئایەتوڵـڵا سیسـتانی، لـە بەشـی سـێیەم لـە لاپـەرەی ١٠، (مسـألة) ژمـارە ٨ دا هاتـووە و دەڵێـت «لا یجـوز وطـئ الزوجـة قبـل إکمـال تسـع سـنین، دوامـا کان النـکاح أو منقطعا، وإما سائر الاستمتاعات کاللمس بشهوة والتقبیـل والضـم والتفخیـذ فـلا بـأس بهـا، ولـو وطئهـا قبـل إکمال التسـع ولـم یفضهـا لـم یترتـب علیـە شـئ غیـر الإثـم علـی الأقـوی»، ئەمـەش واتـە دروسـت نییـە پێـش تەواوکردنـی تەمەنـی ٩سـاڵ سـەرجێیی لەگـەڵ ژنەکـە بکرێـت، ئەوجا هاوسـەرگیرییەکە بـەردەوام بێـت یـان پچـڕاو بێـت، بـەڵام لـە هەمـوو چێژەکانـی تـردا شـتێکی خـراپ نییـە و ڕێ لێگـراو نییـە.

ئەمـە یەکێکـە لـەو خاڵانـەی کـە تەنیـا رای یـەك مەزهەبـە و دەقـی قورئـان نییـە و پرسـەکە ئاوا گـەورە کراوە، بۆیە دەڵێم من وەك ئیزدییەکی عەلمانی بەزەییم بە ئیسـلامدا دێتـەوە و غـەدری لێدەکرێت.

ئەمـەی لـە فقهیـی جەعفەریـدا هاتـووە هـی سـەرەتاکانی ئایینـی ئیسـلامە ئـەوکات ئیسـلام هـەر لـە نیمچـە دورگـەی عەرەبـی بـووە، بـەڵام ئێسـتا ئێمـە لـە سـەدەی بیسـت و یەکـەم دەژیـن بـاس لـە مافەکانـی مـرۆڤ و چەندیـن مافـی دیکـەش دەکرێت، لـە بەرامبـەردا ژمـارەی ئیسـلام نزیـك بۆتـەوەوە لـە ٢ ملیـار لـە هـەر هەمـوو کیشـوەرەکانی جیهـان «ئاسیا، ئەفریقیا، ئەوروپا، ئەمریکا، ئەمریکای لاتینی، ئوسترالیا» ئیسـلام بـە رێـژەی بەرچـاو بوونیـان هەیـە، پرسـیاری مـن ئەوەیـە لەنـاو ئـەو ژینگـە کۆمەڵایەتییـە زۆر جیاوازانـەدا، ئایـا موسـوڵمانێك لـە ئەوروپـا و ئوسـترالیا و ئەمریـکا دەتوانێـت ژیانـی خـۆی لەسـەر فیقهێـك یـان یاسـایەك رێکبخـات کـە پێـش ١٤٠٠ سـاڵ لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبـی کاری پێکـراوە؟.

هـەر بۆیـە ئەگـەر ئـەو پێشـنیارەی بـۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق کراوە لـە پەرلەمانـی عێـراق دەنگـی لەسـەر بدرێـت و تێپەڕێنرێـت، ئـەوا ئێمـە بـەرەو بـە ئیسـلامیکردنی کۆمەڵگـە، زاڵبوونـی شـیعەگەریی لـە سیسـتمی کۆمەڵایەتـی هەنـگاو هەڵدەگریـن کـە هاوسـەرگیری منداڵانـی کچ «زواج القاصرات» بکەینـە یاسـا کـە ئەمـەش بەراسـتی پێشـێلکردنی مافەکانـی مـرۆڤ و مافەکانـی ژن و مافەکانـی منـداڵ و تێکدانـی شـیرازەی خێزانـە لـە عێراقـدا. سـەرئەنجامیش ئەمـە کوشـتن و بـێ بەهاکردنـی مانـای هاوڵاتیبوونـە لەوڵاتـدا.

لـەم گفتوگۆیـە، وەك هەڕەشـەیەکی پێچـراوە، برادەرێـك باسـی ئـەوەی کـرد، ئـەم شـەڕە شـەڕی هەرێمـی کوردسـتان نییـە و هـەق نییـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان شـەڕ لەسـەر ئـەم پرسـە بـکات!!

راشـکاوانە دەڵێـم ئەرکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و تـەواوی هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتانە، کـە شـەڕ لەسـەر مـاف و کەرامەتـی مـرۆڤ بکـەن، ئەگـەر ئـەم شـەڕە نەکـەن، چـۆن لـە هەڵبژاردنـەکان دەنگیـان پێدەدەیـن و دەیانکەیـن بـە نوێنـەری خۆمـان؟.

**کێشەی سەرەکی ئێمە لە عێراقدا، ئەو دەستورەیە کە خۆمان لەساڵی ٢٠٠٥ دەنگمان پێیداوە، کە و خۆی بەهیچ لایەکدا ساخنەکردۆتەوە، بەوەی ئایا ئێمە بڕیارمانداوە عێراق دەوڵەتێکی مەدەنی، یان دەوڵەتێکی ئایینی بێت**

**ئەگەر ئەو پێشنیارەی بۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسی عێراق کراوە لە پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر بدرێت و تێپەڕێنرێت، ئەوا هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵدەگرین کە هاوسەرگیری منداڵانی کچ «زواج القاصرات» بکەینە یاسا کە ئەمەش بەراستی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ**



**د.نەهلە قادر محەمەد ئەفەندی**

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:

# ئەگەر ئەم یاسایە هەموار بکرێت ڕێژەی تەڵاق ١٠ بەرامبەر و زیاتریش بەرز دەبێتەوە

**د.نەهلە قادر محەمەد ئەفەندی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە و ئەندامی لیژنەکانی « ئافرەت و خێزان و منداڵ، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لیژنەی ڕۆشنبیری، لیژنەی گەشتوگوزار و ڕاگەیاندن»ـە لە پەرلەمانی عێراق و، پێشتر پرۆفیسۆری یاریدەدەر و مامۆستای زانکۆی سەڵاحەدین بووە و یەکێك بووە لەو چالاکوانانەی ڕێکخراوەکانی مەدەنی، کە بەردەوام کاری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ئافرەت و بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەت و منداڵ و بەدیهێنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی کردووە، لە گفتوگۆ ئەم جارەدا «هەمواركردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بەم جۆرە دیدو بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم بۆ ئەم ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆ ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی هەستیار کە ئەویش «هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراقە».

من ماوەی سێ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامی لیژنەی ئافرەت و خێزان و منداڵم، بۆیە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری ئەوەم کە ئامانجی پشتەوەی ئەم پێشنیار و هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسییە چییە، مەبەست لەم هەموار کردنەوەیە تەنیا تێکدانی شیرازەی خێزانی عێراقییە، ئەوجا ئەو خێزانە کورد بێت یان عەرەبی شیعە و سوننە، یان پێکهاتە نەتەوەیی ئایینە جیاوازەکانی دیکە کە ئێستا لە عێراق بەوجۆرە بوونیان نییە و زیاتر لە هەرێمی کوردستان هەن.

ئەو ژینگەیەی ئێستا لە ناو پەرمانی عێراقا دەبینیم هەژموونی «نێرسالاری، باوك

سالاری»ی تێدا باڵادەستە و بەو ئەقڵییەتە کاروبارەکان بەڕێوە دەچن و هەر بەو ئەقڵییەتەش سەیری مافەکانی ئافرەت دەکرێت و، تەنانەت ئەو ئافرەتانەشی کە هاتوونە پەرلەمان و ژمارەیان ٩٣ ئافرەتە و تییاندایە کە بە دەنگی خۆی هاتووە و لە بازنەی خۆی یەکەم دەنگی هێناوە، کەوتوونە ژێر هەژموونی بیرکردنەوەی پیاوسالاری و هیچ ئیرادەیەکیان نییە، لە دانانی لیژنەکانیشدا بۆ کاری پەرلەمانی ١٠ پیاو دادەنرێت لەبەرامبەردا یەك ئافرەت، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە لیژنەکانیشدا ڕۆڵی ئافرەت پەك بخرێت و نەتوانێت هیچ ڕۆڵێك بگێڕێت.

ئەمە وای کردووە پەرلەمانی عێراق بەو ئاراستەیە کاربکات و بەو ئاراستەیە هەوڵ بۆ دارشتنی یاساکان بدات کە عێراق بەرەو کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی مەزهەبگەرایی بگێڕێتەوە، نەك هەنگاو هەڵبگرێت بۆ پێشکەوتن و بونیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنی.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە «ئایا پاساو و بیانوو بۆ هەموارکردنەوەی باری کەسیی عێراقی چییە؟» من ئەم پرسیارەم ڕووبەڕووی د.ڕائد مالیکی کردەوە کە خۆی یەکێکە لەوانەی پێشنیارەکەی پێشکەش کردووە و لێم پرسی بۆچی دەتانەوێت ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە؟ هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، لێم پرسی تۆ ئامادەیت کچی خۆت بە ٩ساڵی بەشوو بدەیت؟ ووتی نا، لێم پرسی دەتەوێت کچێك بێنێت تەمەنی ٩ ساڵ بێت؟ دیسان گوتی نا هیچ وانییە و ئێمە دژی بە شوودانی کچی منداڵ «زواج القاصرات»ین، کەواتە تەنیا پاساو بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە تێکدانی شیرازەی خێزانە لە عێراقدا.

کاری پەرلەمان ئەوەیە یاسایەك دەربکات کە خێزان بپارێزیت، مافی ژن و منداڵ بپارێزێت، نەك یاسایەك دەربکات دەرگا بکاتەوە بۆ ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ کچی منداڵ لە دەرەوەی دادگا ئەنجام بدرێت.

لە ئێستادا کە ئەو یاسا هەموار نەکراوە و بە یاسا گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام دەرێت، ڕێژەی تەلاق لە عێراقدا تەنیا لەیەك مانگدا زیاتر لە ٦٢٠٠ حاڵەتە، من دڵنیام ئەگەر ئەم یاسایە هەموار بکرێت و جێبەجی بکرێت، ڕێژەی تەلاق ١٠ بەرامبەر و زیاتریش بەرز دەبێتەوە.

پەرلەمانتارانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و لێرەش د.هاشم کەندی دووبارەی کردەوە بەوەی ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هۆکاریی ئەو تویتانەین کە لە هەندێك باڵیۆز و کونسوڵخانە دژی هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە بڵاوی دەکەنەوە، من لێرە بە بەروار وەڵامی دەدەمەوە.

ئەو دانیشتنەی پەرلەمان کە پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاساکەی تێدا خوێنرایەوە لە ڕۆژی ٢٤ی تەموزی ٢٠٢٤ کە بە سەرۆکایەتی د.شاخەوان عەبدوڵا بەڕێوە چوو، لە هەمان دانیشتن ئێمە ئیمزامان کۆ کردەوە بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارە لە بەرنامەی کاری پەرلەمانی دەربهێنرێت، بەمەش لەبەرنامەی کار دەرهێنرا، بەڵام ئەو تویتانەی ئاماژەیان پێ دەکرێت لە ڕۆژی ٢١ی ئابی ٢٠٢٤ بڵاو کراونەتەوە کە ٢٨ ڕۆژی فەرقە و ئەوەی ئێوە دەیڵێن تۆمەتە و ڕاستیی تێدا نییە.

هەر بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم، دوای کۆکردنەوەی ئیمزای پەرلەمانتارانی عەرەبی شیعە و سوننە، کورد، ئەگەر گوشارتان بە تێنەپەڕاندنی یاسای لێبوردنی گشتی نەکردایە، ئەوا نەتاندەتوانی خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاساکە بکەن.

ئێمە پشتگیری لە مافەکانی ئافرەت، مافی خێزان و منداڵ، مافەکانی مرۆڤ بەگشتی، پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەکەین، نامانەوێت ڕەوتی پێشکەوتنی عێراق بگەڕێتەوە بۆ خێڵەکی و مەزهەبگەرایی.

بە حوکمی کارەکەم وەك مامۆستایەکی ئەکادیمی، لە ناو ڕێکخراەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کارم کردووە، بە دەیان کۆڕ و سیمنارمان ئامادە کردووە و لە گوندەکانی کورستان ئافرەتانمان کۆ کردووەتەوە بۆ ئەوەی هۆشیار ببنەوە، بزانن مافەکانی ئافرەت چین و بەرگریان لێ بکەین، کچێکی تەمەن نۆ ساڵ لە کوێ دەزانێت مافەکانی چین هەتا بەرگرییان لێ بکات، بۆیە ئەم هەموارە بە هەموو شێوەیەك ڕەت دەکەینەوە و بە هیچ جۆرێك دەنگ بە تێپەراندنی نادەین.

**کاری پەرلەمان ئەوەیە یاسایەک دەربکات کە خێزان بپارێزیت، مافی ژن و منداڵ بپارێزێت، نەک یاسایەک دەربکات دەرگا بکاتەوە بۆ ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ کچی منداڵ لە دەرەوەی دادگا ئەنجام بدرێت**

**کچێکی تەمەن نۆ ساڵ لە کوێ دەزانێت مافەکانی چین هەتا بەرگرییان لێ بکات، بۆیە ئەم هەموارە بە هەموو شێوەیەک ڕەت دەکەینەوە و بە هیچ جۆرێک دەنگ بە تێپەراندنی نادەین**




پەیمان عزەدین

ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان:


# گرنگە بێ هەژموونی شیعەگەرایی و سوننەگەرایی کار بۆ هێنانە کایەی یاسایەکی تازەی باری کەسی بۆ عێراق بکەین

پەیمان عزەدین ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانە و یەکێکە لەو چالاکوانانەی ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی، کە هەر لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ـەوە خەباتی کردووە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەت و خێزان و منداڵ و ئەندامی لیژنەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی هەرێمی کوردستان بووە لە ساڵی ٢٠٠٨، ئێستا وەك چالاکوان و پارێزەرێك بەردەوامە لە خەباتی مەدەنی، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەموار کردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی) زۆر ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە ڕای خۆی دەبڕی و بەم جۆرە دیدو بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی دەربڕی:

سەرەتا دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە لەسەر ئەم پرسە گرنگە.

لەم گفتوگۆیەدا بەشداربووانی بەڕێز زۆر ڕەخنەیان لە د.هاشم کەندی گرت، بەڵام من دەستخۆشی لێ دەکەم و پشتگیریی دەکەم کە گوتی: «یاسای باری کەسیی ئێستای عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، یاسایەکی خراپە»، بە ڕاستی یاسایەکی زۆر خراپە و منیش پشتگیری لێ دەکەم.

من لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ هەتا ئێستا، کار لەسەر پرسی ژنان دەکەم، لە ساڵی ١٩٩٢ دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە کارمان بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە (یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩) کردووە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەم یاسای ئێستای باری کەسیی عێراق، یاسایەکی زۆر خراپە و هی ئەوە نییە دەستی پێوە بگرین، خراپییەکەشی ئەوەیە لەم یاسایەدا دەتوانی داوای ملکەچی (مطاوعة)ی ژن بکەی بۆ پیاوەکەی.

قسەکردن لەسەر یاسا بە گشتی و یاسایەك بۆ ڕێکخستنی خێزان و مافەکانی ئافرەت و منداڵ، پرسێکی دنیاییە، ئەو خەڵکانەی لەو سەردەمە پێکەوە لە جوگرافیایەکدا دەژین، دەزانن چۆن ڕێکی دەخەن، بۆیە ناکرێت ئێمە پشت بە فەتوا یان فقهێك ببەستین کە تەنیا بۆچوونی مەزهەبێکە تا بمانەوێت ژیانی ئێستامانی پێ ڕێك بخەین، ئەمە پێغەمبەری ئیسلامیش (د.خ) ئاماژەی پێ کردووە، کە ڕێگریی کردووە لەوەی جووتیارەکانی مەدینە بەردەوام بن لە پیتدانی داخورماکان، ئەمە لە فەرموودەکاندا پیێ دەگوترێت (نهي النبي – ص- عن لقاح النخل ).

دەڵێن: کاتێك پێغەمبەر (د.خ) کۆمەڵێك جووتیاری لە مەدینە بینی خەریکی پیتاندنی دارخورماکان بوون، پرسی ئەو جووتیارانە چی دەکەن؟ لە وەڵامدا پێیان گوت دارخورماکان دەبێ بپیتێنرێن ئەگیان بەر ناگرن، پێی گوتبوون مەیکەن، خوا بەریان پێ دەگرێت، بەڵام دارخورماکان بۆ ساڵی داهاتوو بەریان نەگرت، بۆیە پێغەمبەر پێی گوتن (أنتم أعلم بأمر دنياكم)، واتە ئێوە خۆتان باشتر لە کاروباری دنیایی خۆتان دەزانن.

لە سەردەمێکدا کەمتر لە ٦٠-٧٠ ساڵ پێش ئێستا، مامۆستای ئایینی لە کوردستان هەبووە کە کچی لەسەر بێشکە مارە بڕیوە، ڕێگەی بە گەورە بە بچووك و ژن بە ژن دابێت، ئێ خۆ ئەو مامۆستایەش ئەو کارەی کردووە هەر پشتی بە بۆچوون و فەتوای هەندێك مەزهەب بەستووە، بەڵام ئەمڕۆ د.عەبدوڵا شێرکاوەیی فەتوای ئەنجوومەنی باڵای فەتوای یەکێتیی زانایانی بۆ خوێندینەوە، کە نابێت کچ لە خوار ١٨ ساڵ بەشوو بدرێت، نابێت لە دەرەوەی دادگا مارەبڕ بکرێت، بەڕاستی من وەك ژنێك شانازی بەو فەتوایەوە دەکەم، ئەمە خوێندنەوەیەکی تازەیە بۆ ئایین و خۆگونجاندنە لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنەکانی سەردەم، بۆیە جێگەی دەستخۆشییە.

بۆ سەلماندنی ڕوویەکی دیکەی خراپیی ئەم یاسای ئێستا « ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩»، کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٨ حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە، خۆشبەختانە من و بەڕێز د.بەشیر حەدادیش کە لێرە ئەندامی ئەو لیژنە ١٠ کەسییە بووین، ئەو یاسایەمان هەموارکردەوە، لە کاتی پرۆسەی هەموارکردنەوەدا ئێمە وەك ژنان زۆر ناڕازی بووین لە هەڵوێستی ئەو دەستەیە، پێمان وابوو مافەکانی ژنان زۆر سنووردار دەکەن، بەڵام وەك ئەو پەندەی هەیە کە دەڵێت «ئەگەر دڵتان توندبوو و بێ تاقەت بوون بچن سەردانی گۆڕستان بکەن، بۆ ئەوەی بزانن قەبر هەیە و مەرگ هەقە»، بە ڕاستی کە پێشنیاری یاسا هەموارکراوەکەی عێراق دەخوێنینەوە، دەبێت دیسان سەردانی سەرقەبران بکەین، چونکە ئەم هەموارە مەرگمان پیشان دەدات لەبەر ئەوەی هێندە مافی خێزان و ئافرەت و منداڵ پێشێل دەکات.

لەگەڵ ئەو تێبینییانەی لەسەر خراپیی یاسای ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ هەمە، بەڵام لایەنێکی زۆر باشە کە سوودی لە هەموو مەزهەبەکان وەرگرتووە بۆ ئاسانکردنی ژیانی خەڵك، د.هاشم کەندی لە یەکێك لە خاڵە ئەرێنییەکانی مەزهەبی جەعفەری کە ئاماژەی پێکرد، گوتی: «باشیی ئەم مەزهەبە ئەوەیە

**ناکرێت ئێمە پشت بە فەتوا یان فقهێک ببەستین کە تەنیا بۆچوونی مەزهەبێکە تا بمانەوێت ژیانی ئێستامانی پێ ڕێک بخەین**

**بە پێی مەزهەبی جەعفەری کچی تەمەن ٩ ساڵی هیلالی کە دەکاتە ٨ ساڵ و چەند مانگێکی زایینی بە منداڵ «قاصر» حساب ناکرێت و تەمەنی بۆ شووکردن گونجاوە**

**ئەم یاسایەی ئێستای باری کەسیی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ و هەروەها ئەو پێشنیارەشی بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە کراوە، هیچیان لە خزمەتی کۆمەڵگە و خێزانی عێراقیدا نین**




تەلاقدانی قورس کردووە» ئەمە خاڵێکی باشە با سوود لەو خاڵە باشەش وەربگیرێت.

خاڵێکی دیکە کە وەك تەنیا ڕایەڵە لایەنگرانی ئەم هەموارە دەستیان پێوە گرتووە ماددەی ٤١ی دەستوورە کە دەڵێت «عێراقییەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسێتیان بە پێی ئایین و ئاینزا و بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی خۆیان، ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێت»، سەرنج بدەن ئەم ماددە دەستوورییە بەس باسی مەزهەب ناکات، بەڵکو باسی بیروباوەڕیش دەکات، باسی هەڵبژاردنی کەسەکان دەکات، با پرسیار ئەوە بێت ئەگەر بژارەی کەسێك هیچ کام لە مەزهەبەکان نەبێت، ئەگەر بژارەکە هیچ ئایینێك نەبێت، کەواتە ئەسڵ وایە ماددەی ٤١ لە خزمەتی بەرژەوەندیی بێ باوەڕەکانیشدا بێت، پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا ئەم هەموارکردنەوەیە ڕێگە دەدات لە دەرەوەی مەدەوەنەی وەقفی سوننی و شیعی، مەدەوەنەیەکی دیکەش هەبێت کاروباری کەسیی ئەو خەڵکانە ڕێك بخات کە هیچ مەزهەب و ئایینێك هەڵنابژێرن؟

ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ بیروباوەڕ «المعتقدات» لە ماددەی ٤١ی دەستوور، لە ناو کلتووری ئێمەدا کۆمەڵێك بیروباوەڕی جیاواز هەیە لە کۆمەڵێك شوێنی کوردستان، نازانم ئەگەر لە عێراقیشدا هەبێت «ڕەدوو کەوتن» دیاردەیەکی زۆر ئاساییە، باشە دەکرێت ئەم دیاردەیە یاسای بۆ دابنرێت، بێگومان ناکرێت لەبەر ئەوەی ئامانج لە دانانی یاسا بۆ ڕێکخستن و سەقامگیرییە نە دروستکردنی پاشاگەردانی و تێکدانی شیرازەی خێزان، لەمەش زیاتر مەرج نییە کاتێك یاسا بەسەر کۆمەڵگەیەکدا جێبەجێ دەکرێت، هەموو کۆمەڵگەکە بڕوایان بەو یاسایە هەبێت، یان ١٠٠٪ ی ئەوانەی ئەو یاسایە جێبەجێ دەکەن لە پەیڕەوانی ئەو مەزهەبە بن کە ئەو یاسایەی لەسەر داڕێژراوە.

بابەتێکی دیکە کە دەمەوێت لەسەری ڕابوەستم تەمەنی هاوسەرگیری «سن الزواج»، مەزهەبی شیعە ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە ئەوان لەگەڵ بەشوودانی کچی منداڵدا «زواج القاصرات» بن، بەڵام کە دەچینە وردەکارییەوە لە مەزهەبی جەعفەریدا تەمەنی باڵقبوون بە تەمەنی منداڵ «قاصر» نازانن، نەك تەمەنی خوار ١٨ ساڵی، ئەمەش واتە ئەسڵی پرسەکە لێرەدا ئەوفێڵە یاساییە کە وەك

**ئەم فۆرمەی ئێستای هاوسەرگیری شکستی هێناوە، تەلاق ڕێژەکەی بە جۆرێك زیادی کردووە خەریکە لە ڕێژەی هاوسەرگیری نزیك دەبێتەوە**




لایەنی شەرعی دەڵێن ئێمە لەگەڵ بەشوودانی کچی منداڵ نین، بەڵام بەپێی مەزهەبی جەعفەری کچی تەمەن ٩ ساڵی هیلالی کە دەگاتە ٨ ساڵ و چەند مانگێکی زایینی بە منداڵ «قاصر» حساب ناکرێت و تەمەنی بۆ شووکردن گونجاوە.

لەمەش زیاتر لە مەزهەبەکانی دیکەدا تەمەنی بەشوودان تەمەنی ڕوشد نییە، بەڵکو تەمەنی باڵقبوون ڕێگەی پێ دەدرێت بە ڕەزامەندیی باوکی «وەلی ئەمر» کەی هاوسەرگیری بکات، ئەمەش بە دەق بەشوودانی کچی منداڵە و «زواج القاصرات»ـە

لە دوماهیدا دەمەوێت بڵێم:

- ئەم یاسایەی ئێستای باری کەسیی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ هەروەها ئەو پێشنیارەشی بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە کراوە، هیچیان لە خزمەتی کۆمەڵگە و خێزانی عێراقیدا نین، بۆیە گرنگە بێ لە دەستیوەردانی دەرەکی، هەژموونی شیعەگەرایی و سوننەگەرایی کار بۆ هێنانە کایەی یاسایەکی تازەی باری کەسی بۆ عێراق بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایەی ئێستا لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێت، من لە دادگاکان کاردەکەم ئەم فۆرمەی ئێستای هاوسەرگیری شکستی هێناوە، تەڵاق ڕێژەکەی بە جۆرێك زیادی کردووە خەریکە لە ڕێژەی هاوسەرگیری نزیك دەبێتەوە.

- ئێستا زۆر گرنگە زانایانی ئایینی و یاساناسان و کۆمەڵناسان بە پشتگیریی لایەنە سیاسییەکان کاربکەن بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی بە ئاراستەیەکی باشتر، بەو ئاراستەیەی کە لە هەرێمی کوردستان لە مارەبڕینی سەربێشکەوە گەیشتووینەتە مارەبڕینی سەرووی ١٩ساڵ.

- ڕەخنەیەکی توند لە هاشم کەندی دەگرم کە گوتی هیوادارم پارتی دیموکراتی کوردستان تەبەنیی سیاسیی ئەم پرسە نەکات، ئەوجا نەك تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو دەبێت هەموو هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان شانازی بەوە بکەن کە ڕێگری لە گەڕانەوە دواوەی کۆمەڵگەی عێراقی دەکەن، یاسای باری کەسیی عێراقی بایەخی لە یاساکانی دیکە کەمتر نییە بە یاسای نەوت و گاز و جێبەجێکردنی مادده ١٤٠ی دەستووریشەوە.

**یاسای باری کەسیی عێراقی بایەخی لە یاساکانی دیکە کەمتر نییە بە یاسای نەوت و گاز و جێبەجێکردنی مادده ١٤٠ی دەستووریشەوە**



## د. هاڵە جەودەت

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون:

# ئامانج لە هەمواری یاسای باری کەسیی عێراق ئەوەیە ڕۆڵی دادگاکان لاواز بکرێت و مارەکردن لە دەرەوەی دادگا ببێتە شتێکی ئاسایی

**د.هاڵە جەودەت پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوونە و لەم بوارەدا خاوەنی ئەزموونێکی بەرچاوە، باس لەوە دەکات کە یەکێك لە دەرهاویشتە خراپەکانی بەشوودانی کچ بە منداڵی یان خوار تەمەنی ١٨ساڵی، ئەوەیە کۆمەڵێك دەرهاویشتەی خراپی بایۆلۆژی و جەستەیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لە گفتوگۆ ئەم جارەدا «هەمواركردنەوەی یاسای باری كەسیی عێراق و هۆكارەكانی» وەك پزیشکێکی پسپۆڕ لەسەر دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، بەم جۆرە بۆچوونی خۆی خستە ڕوو.**

من وەك پزیشکێکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون لەسەر ئەم پرسە قسە دەکەم و بێگومان بە شوودانی کچ بە منداڵی خوار ١٨ ساڵ، ناڵێم ٩ ساڵ کە لەم گفتوگۆیەدا زۆر قسەی لەسەر کرا، دەرهاویشتەی خراپ بە دوای خۆیدا دەهێنیت.

لە هەرێمی کوردستان دیاردەی بەراورد بە پارێزگاکانی عێراق بە شوودانی کچانی خوار هەژدە ساڵ کەمترە، بەڵام لێرەش هەیە کە لە دەرەوەی دادگا مارە دەکرێن، بۆیە کچ هەیە لە تەمەنی ١٤ و ١٥ ساڵدا بەشوو دراوە و هێشتا نەبووەتە ١٨ساڵ تەڵاقدراوە و شووی دووەمی کردووەتەوە.

لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی باشی باری کەسی هەیە و دادگاکانیش زۆر باش کار بەو یاسایانە دەکەن، هەر بۆ نموونە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ناتوانرێت هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیری ئەنجام بدرێت هەتا پشکنینی پزیشکی بۆ چەندین نەخۆشی بۆماوەیی نەکرێت، ئەم پشکنینە هەم بایەخدانە بە تەندروستی کچەکە کە پاشان دەبێتە دایك، هەمیش بایەخدانە بەو کۆرپەی لە ئایندە لە دایك دەبێت.

بەپێی توێژینەوەیەك دەرکەوتووە بەشێکی زۆری ئەو کچانەی لە خوار ١٨ ساڵییەوە بەشوو دەدرێن، تووشی کۆمەڵێك کێشەی



دەروونیی گەورە دەبنەوە، هەر بۆ نموونە خێزان هەیە دێنە لامان ئەو کچەی بۆ کوڕەکەیان هێناوە تەمەنی ١٥ ساڵە و منداڵی نابێت، هاتوون پێمان دەڵێن دکتۆر ئەو ژنە نەزۆکە و منداڵی نابێت و دەبێت تەڵاقی بدەین، کاتێك پشکنینی بۆ دەکەین دەبینین ئەو ژنە هیچ کەموکورتییەکی نییە، بەڵکو هی ئەوەیە ئەو ژنە جاریێ منداڵە و جەستەی بە تەواوەتی گەشەی نەکردووە کە توانای منداڵبوونی هەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر بە نەزانی ئەم ژنە منداڵە تەڵاق بدرێت ئایا چارەنووسی ئەم ژنە گەنجە چی بەسەر دێت.

ئەو حاڵەتەی ئاماژەم پێ کرد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هاوسەرگیرییە لە دەرەوەی دادگاکان کراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە یاساکانی کوردستان ڕێگە نادەن کچ لەخوار تەمەنی ١٨ساڵ لەدادگاکان مارە بکرێت، بۆیە وەك ئێستا لەم گفتوگۆیە زۆر بە چڕی باسی لێوە کرا، ئامانج لەو هەموارەی یاسای باری کەسیی عێراق ئەوەیە کە ڕۆڵی دادگاکان لاواز بکرێت و مارەکردن لە دەرەوەی دادگا ببێتە شتێکی ئاسایی، بە ڕاستی ئەمە حاڵەتێکی زۆر خراپ لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات، جیا لەوەی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە زیاد دەکات، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئافرەت چەند جارێك منداڵی لەبار بچێت لەبەر ئەوەی جەستەی بە تەواوەتی گەشەی نەکردووە تا بتوانێت منداڵەکە هەڵبگرێت.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە، هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا هەنگاوی زۆر باشی هەڵگرتووە، یاسای باشی بۆ ڕێکخستنی باری کەسی دەر کردووە، بۆیە نابێت ڕێگە بدرێت کۆمەڵگەی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ دواوە، بە پێچەوانەوە دەبێت هەموو هەوڵەکان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی توندوتیژیی خێزانی نەهێڵین و مافەکانی ئافرەت باشتر بسەلمێندرێت، مافی منداڵ بپارێزرێت و کۆمەڵگەیەکی تەندروست بونیاد بنێین.

**بەشێکی زۆری ئەو کچانەی لە خوار ١٨ ساڵییەوە بەشوو دەدرێن، تووشی کۆمەڵێک کێشەی دەروونیی گەورە دەبنەوە**



**شڤان حەمدی**

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# پرۆسەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان و عێراق شکستی هێناوە و ڕێژەی جیابوونەوە لە بەرزبوونەوەیەدا

**شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە، لە گفتوگۆی ئەم جارە «هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بەم جۆر دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

وەك بازنەی گفتوگۆ کە ناونیشانی «هەموارکردنەوەی یاسایی باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بۆ ئەم گفتوگۆیە هەڵبژارد، ئامانجمان ئەوە بوو قسە لەسەر ئەو مەزندە و دەرهاویشتانە بکەین کە لە ئاکامی ئەو هەموارکردنەوەیە پێشبینی دەکرێت، کە لە کۆمەڵگەی عێراقدا بە شێوەیەکی گشتی بێتە ئاراوە، بەڵام ئەو ئامارەی خاتوو ئینتیسار ئەلجبوری سەبارەت بە حاڵەتی جیابوونەوە و تەڵاق خستیە ڕوو، بەوەی لە یەك مانگدا لە ٦٢٠٠ حاڵەت زیاترە و لە ساڵێکدا دەچێتە سەرووی ٧٥ هەزار حاڵەتی جیابوونەوە، هەروەها خاتوو پەیمان عیزەدنیش ئاماژەی بەوە کرد کە خەریکە ڕیژەی جیابوونەوە و تەڵاق لە ڕێژەی پرۆسەی هاوسەرگیری زیاتر دەبێت، بە ڕاستی ئەم دوو ئامارە ئەوەمان پێ دەڵێن «پرۆسەی هاوسەرگیری و بونیادنان لە چوارچێوەی یاسای باری کەسیی هەرێمی کوردستان هەموارکراوی ٢٠٠٨، هەروەها لە چوارچێوەی یاسای باری کەسیی عێراق ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩»، پرۆسەیەکی شکستخواردووە و پێویستی بەوەیە هەردوو یاسای باری کەسی «هەرێمی کوردستان و عێراق» بە ئاراستەی بەرەوپێشەوەبردن و مەدەنییەت و پاراستنی تەواوی مافەکانی «مرۆڤ، ئافرەت، منداڵ، خێزان» هەموار بکرێنەوە و پسپۆڕانی یاسا و ئەکادیمیستەکان پرۆژە یاسایەك بۆ باری کەسی ئامادەبکەن، کە ڕێگە لە پچرانی شیرازەی خێزان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بگرێت.

ساڵی پار ئەڵقەیەکی گفتوگۆمان تەرخان کرد بۆ «مادده هۆشبەرەکان و مەترسییەکان»، ئەوەی لەو گفتوگۆیەدا وەك مەترسییەکی ترسناك دەستنیشان کرا، ئەوەبوو کە «ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر لاوەکانن «نێر و مێ»ی کوردستان و بەشی زۆریان

ئەو لاوە کوڕ و کچانەن کە لە قۆناغی ئامادەییدان، ئەمەش ڕاشکاوانەتر واتە مەترسییەکە لەسەر کچان و کوڕانی خوار ١٨ ساڵە.

لەم گفتوگۆیەشدا خاتوو بەهار عەلی ئاماژەی بەوە کرد کە بە ڕێژەی تەنیا ٢٥٪ حاڵەتەکانی جیابوونەوە لە ناو دادگاکاندا یەکلایی دەکرێنەوە، ئەوی دیکەی کە دەکاتە ٧٥٪ هەم پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە و هەمیش تەڵاقەکە، لە دەرەوەی دادگا ئەنجام دراون، ئەم ئامارە مەترسیدارانە ئەوەمان پێدەڵێن کە دەرهاویشتە خراپەکانی شکستی پرۆسەی هاوسەرگیری هیچی لە دەرهاویشتە خراپەکانی هێزی توندهاژۆی تیرۆریستانی داعش و دەرهاویشتە خراپەکانی ماددەی هۆشبەر کەمتر نییە، بە لێکدانەوەیەکی ماتماتیکی زۆر سادە ئەو ئامارە فەرمییەی کە دەڵێت «ساڵانە زیاتر لە ٧٥ هەزار حاڵەتی جیابوونەوە لە عێراقدا هەیە» ئەمە بە سادەیی واتە «پچڕانی شیرازەی ٧٥ هەزار خێزان، سەر گەردانبوونی ١٥٠ هەزار لاوی کچ و کوڕ، ئەگەر تەنیا یەك منداڵیش بۆ هەر یەك لەو خێزانانە حیساب بکەین، واتە سەرگەردانبوونی زیاتر لە ٧٥ هەزار منداڵ».

لە ماددەی ٢٩ی دەستووری عێراقدا هاتووە «خێزان بنەمای کۆمەڵگەیە و دەوڵەت پارێزگاری لە قەوارە و بەها ئایینی و ڕەوشتی و نیشتمانییەکەی دەکات»، ئەگەر بە دیدێکی یاسایی هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم ماددە دەستوورییە بکەین، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «خێزان بنەمای کۆمەڵگەیە» و، لە ئێستاشدا ئامارەکان پێمان دەڵێن بنەمای کۆمەڵگە لە بەردەم مەترسی و هەڕەشەیەکی ترسناکدایەو، ڕەواندنەوە و نەهێشتنی ئەم مەترسییەی خستووەتە سەرشانی دەوڵەت، ئەمە واتە ئەو دامەزراوانەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا نوێنەرایەتیی ئەو دەوڵەتە دەکەن و، لە چوارچێوەی یاساشدا کاری پەرلەمان دەرکردنی یاسا و چاودێریکردنی دامەزراوەکانی جێبەکاری دەوڵەتە، هەربۆیە ئەگەر پەرلەمان بە ڕێگەی زۆرینە و بۆ مەرامی چەند لایەنێکی سیاسیی یاسایەکی خراپ و دژ بە کۆمەڵگە دەربکات، ئەوا کێشەی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە دروست دەکات و کۆمەڵگە بە گشتی زەرەری لێ دەکات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی دامەزراوەکانی جێبەجێکردن لە عێراقدا کە بە پلەی یەکەم سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانن، کە دەبێت نەك هەر ڕێگری لەو پێشنیارە خراپەی هەمووارکردنەوەی یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ی بکەن، بەڵکو دەبێت زەمینە سازی بکەن کە یاسای باری کەسیی ئێستای عێراق بە جۆرێك هەموار بکرێتەوە کە ئاستێك بۆ پچڕانی شیرازەی عێراق دابنێت و، لە ئاستی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم و لە ئاستی ئەو عێراقە نوێیەدا بێت کە هەموو پێکهاتەکان لە پێناویدا قوربانییان داوە.

ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا دەکرێت بە جۆرێك لە گەشبینەوە بۆ کشانەوەی پێشنیاری هەمووارکردنەوەی باری کەسی سەیری بکەین، ئەو خاڵە بوو کە پ.د.غالب ئەلدەعمی ئاماژەی پێ کرد کە قسەی لەگەڵ «پەرلەمانتار د.ڕائید ئەلمالیکی کردووە کە یەکێکە لەوانەی پێشنیاری هەمووارکردنی یاساکەی پێشکەشی پەرلەمان کردووە»، لە قسەکانیدا ئەوەی پێگوتین کە جۆرێك لە ساردبوونەوە لەلایەن فراکسیۆنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەوە هەیە کە زۆر پێداگیر نەبن لە ڕێگەی زۆرینە بۆ تێپەڕاندنی هەمووارکردنی یاساکە، لەمەش زیاتر د.محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق داوای کردووە لەگەڵ ئەنجوومەنی کاروباری ئافرەتانی عێراق کۆ ببێتەوە، لەمەش زیاتر پێی گوتین «لەسەرچاوەی نزیك و دروستەوە زانیاریی پێ گەیشتووە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق دەستوەردان دەکات و ڕێگە نادات ئەم هەمووارکردنەوەیە بەو جۆرە تێپەڕێت و دەچێتە خولی داهاتووی پەرلەمانەوە».

لە دوماهیدا دەمەوێت بڵێم، وەك د.عەبدوڵڵا شێرکاوەیی گوتی: «ئامانجی سەرەکی لە پرۆسەی هاوسەرگیری، دروستکردنی خێزان و پەروەردەکردنێکی باشی نەوەکانی داهاتووە»، هەر بۆیە ئەگەر پرۆسەی هاوسەرگیری لە حاڵەتی شکستدا بێت، ئەوا کاریگەریی سەرەکیی لەسەر کۆی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە و ئایندەی نەوەکانی داهاتوومان هەیە، کە بە بەشێکی هەرە گرنگی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان و عێراق دادەنرێت، بۆیە پێویستە و گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم پرۆسەیە بڕیاری جدی و یەکلاکەرەوەیان هەبێت.

**دەرهاویشتە خراپەکانی شکستی پرۆسەی هاوسەرگیری هیچی لە دەرهاویشتە خراپەکانی هێزی توندهاژۆیی و دەرهاویشتە خراپەکانی ماددەی هۆشبەر کەمتر نییە**

**لە ئێستاشدا ئامارەکان پێمان دەڵێن بنەمای کۆمەڵگە لە بەردەم مەترسی و هەڕەشەیەکی ترسناکدایەو، ڕەواندنەوە و نەهێشتنی ئەم مەترسییەی خستووەتە سەرشانی دەوڵەت**

**ئەگەر پرۆسەی هاوسەرگیری لە حاڵەتی شکستدا بێت، ئەوا کاریگەریی سەرەکیی لەسەر کۆی ئاشتیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە و ئایندەی نەوەکانی داهاتوومان هەیە**




**پ.د.نەزاکەت حوسێن**

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:


# عێراق وڵاتی فرەییە و دەبێت بڕیار و یاساکان بە فرەیی بەرهەم بێن

پ.د. نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری «کوردیش گلۆب»ـە و مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی، لە گفتوگۆی ئەم جارە «هەموار کردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

ولاَتی فرەیی، فرە نەتەوە و فرە ڕەگەز و فرە ئایین و فرە مەزهەب بەڕێوەبردنی گەلێك ئاڵۆزە، دەیەوێت تا یاسایەك و دەستوور و فۆرمێكی حوكمڕانی بەرهەم دێت، بتوانێت سەقامگیریی سیاسی و كۆمەلاَیەتی فەراهەم بكات. گەرچی ئێستا زۆربەی كۆمەڵگەكان لە جیهاندا بەرەو فرەیی و تێكچڕژانی كلتوریی جیاواز دەچن، بەلاَم كۆمەڵگە پێشكەوتووەكان هەرچی زوترە «فرەیی» یان كردوەتە بناغەی پەروەردە و ڕاگەیاندن و سیستمی حوكمڕانی، تا ئەو ڕادەیەی بووەتە كلتور لای تاك و هاوولاَتیان و سیاسییەكانیان، كە یەكتر قبووڵ بكەن و بیری فرەیی و پاراستنی مافی فرەیی تیایدا بچێندرێت. بە داخەوە عێراق لە مێژوودا سەركەوتو نەبووە لەم بیر و كلتور و حوكمڕانییە فرەییەدا، گەرچی دوای ئازادكردنی عێراق هاوپەیمانان بەرنامەیان هەبوو چ لە دروستكردنی بۆردی حوكمڕانی و سیستمی حوكمڕانی و بناغەدانانەدا بۆ هەبوونی ڕاگەیاندنێكی نیشتمانی، كە باوەڕبوون بەو فرەییە دروست بكات، چەندین ڕێكخراوی نێودەوڵەتی هاتن بەرنامەكانیان دروستكردنی پێكەوەژیان و فرەیی و دیموكراسییەت و ماف بۆ هەمووان بوو، بەلاَم ئەمە زۆری نەخایاند و ڕەگی دانەكوتی و جارێكی دیكە بەرەو دەسەلاَتی تاكڕەوی و زاڵبوونی مەزهەبی و تاكلایەنانە ڕۆیشتەوە، تا ئەو ڕادەی كار بۆ سڕینەوەی ئەوی دی بكرێت و جەنگی داعشیش زیاتر ئەم دابڕان و ڕق و تۆڵەكردنەوەی زەق كردەوە. كورد بە شاهدیی ولاَتانی ئاگادار لە بارودۆخی عێراق و چاودێرانی سیاسی لە سەرەتاوە تا هەنووكە موبادەرە و ئامادەیی هەبووە بۆ هەر بەرنامە وكار و یاسایەك كە پێكەوەژیان و سەقامگیری و ڕۆڵی فرەیی لە عێراقدا دروست بكات، لەو پێناوەشدا زۆرجار لە ماف و ئیستیحقاقی خۆی خۆش بووە و دەستبەرداری بووە، بەلاَم وردە وردە و بە هێواشی لە ساڵانی دوای ئازادبوونیدا ئەم ولاَتە چ بە دەستی دەرەكی هەندێك ولاَت و چ بە دەستی ناوخۆیی، كار بۆسڕینەوەی بنەماكانی پێكەوەژیان و فرەیی كراوە، تاگەشتە ئەوەی نەك تەنیا لە بەڕێوەبردن و حوكمڕانیدا ئاسان نییە لەسەر بنەمای تەوافوقی هەمەلایەن دروست بكرێت، بەڵكو ئەوەی دەستوور بڕیاری بۆ داوە كە بە تەوافوقی ئەو پێكهاتانە بێت كە لە ولاَتەكەدا دەژین، ئەمرۆ پەیڕەو ناكرێت.

لە هەمان كاتدا دەست برا بۆ گۆڕانكاری لە یاسا و جێبەجێ نەكردن و پابەند نەبوون بە دەستوور و تاكڕەویی ئیدارە و بڕیاردان و زاڵكردنەوەی مەزهەبی و سڕینەوە و نەهێشتنی پێگەی ئەوانی دی. لە یاساكانی هەڵبژاردن و بوارەكانی دیكەوە بیگرە دەستی بۆ برا، كە بە تاكلایەنانە دەستكاری بكرێت، تا ئەمڕۆ گەشتوونەتە هەنگاوێكی زۆر مەترسیدار، كە دەستكاری و هەمواركردنەوەی «یاساكانی ئەحوال شەخسی» لەسەر بنەمای مەزهەبێك كە سەرلەبەری نامۆیە بە زۆرینەی كۆمەڵگە و پێكهاتەكانی كۆمەڵگەی عێراقی و، دژیەكە لەگەڵ یاساكانی مافی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییە ئیمزاكارەوەكاندا بۆ مافی تاك و ئافرەت و منداڵ. ئەمە مەترسییەكی یەكجار گەورەیە كە ڕوو لەم ولاَتە دەكات و بەرەو بەیەكدادان و جەنگێكی قورسی ناوخۆیی و تاریكستانی و یەكتر ڕەتكردنەوەی دەبات. جگەلەوەی ولاَت دادەماڵێت لە هەموو بنەماكانی كۆمەڵگەی پێشكەوتوو و مۆدێرن و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەكانی ناوەڕاست. ئەمەش تەنیا لە پێناو زاڵكردنی فەرعی مەزهەبێك نەك مەزهەبێكیش بە تەواوەتی و گەڕانەوەی دیكتاتۆرییەت و بكوژ و ببڕ و خوێن ڕژان. بەمەش سەقامگیری تەواوی ئایینی، سیاسی كۆمەلاَیەتی دەكەوێتە مەترسییەوە، مەترسییەكەش تەنیا قەتیس نابێت لەم سنوورەدا، بەڵكو گرفتێكی قووڵ و گەورەیتر ڕوو لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست دەكات، بۆیە لە هەموو كات زیاتر پێویستمان بە پشتیوانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانی مافی مرۆڤ هەیە كە نەهێڵن ئەم دەستكارییە بە تاكڕەوی لە یاساكاندا بكرێت، و هیچ جۆرە تاكڕەوییەكی یاسایی و ئیداری و حوكمڕانی لەم ولاَتەدا ڕوو نەدات و هەرچی زووترە بەربەست دابنرێت. ئەم ولاَتە ولاَتی فرەییە تەنیا بە فرەیی بڕیاردان و بەڕێوەبردن و كاركردن بە بنەماكانی تەوافوق ئارام دەبێت، ئەگینا پەرتەوازەیەیی و بێ سەروبەرییەك دروست دەبێت كە پریشكی هەموو جیهان و ولاَتانی دەوروبەر و ناوچەكەش دەگرێتە. ماوەتەوە بڵێین دەبێت كار بۆ كاڵبونەوە و بەربەستدانان بۆ ئەو ئەجێندا و عەقڵییەت و ستراتیژە بكرێت كە دەیەوێت پێكەوەژیان و فرەیی لەم ولاَتەدا لەناوبەرێت.

**لە هەموو كات زیاتر پێویستمان بە پشتیوانیی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانی مافی مرۆڤ هەیە كە نەهێڵن ئەم دەستكارییە بە تاكڕەوی لە یاساكاندا بكرێت**

**ئەم ولاَتە ولاَتی فرەییە تەنیا بە فرەیی بڕیاردان و بەڕێوەبردن و كاركردن بە بنەماكانی تەوافوق ئارام دەبێت، ئەگینا پەرتەوازەیەیی و بێ سەروبەرییەك دروست دەبێت كە پریشكی هەموو جیهان و ولاَتانی دەوروبەر و ناوچەكەش دەگرێتەوە**

**دەبێت كار بۆ كاڵبونەوە و بەربەستدانان بۆ ئەو ئەجێندا و عەقڵییەت و ستراتیژە بكرێت كە دەیەوێت پێكەوەژیان و فرەیی لەم ولاَتەدا لەناوبەرێت**



**د.جەلال ئەحمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# پێشنیازی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی هێندەی دیوێکی سیاسیی هەیە، هێندە کۆمەڵایەتی و یاسایی نییە

**د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بەشی توێژینەوە و ڕاپرسییە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵناسە و مامۆستایە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

یاسای باری کەسی سەرەڕای گرنگیی ڕەهەندە یاساییەکەی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوورییەکانیشی نابێت نادیدە بکرێت، هەر خۆی ڕەهەندە یاساییەکەی هیچ بایەخێکی نییە ئەگەر ڕەچاوی ئەو ڕەهەندانەی تریش نەکات کە ناوم هێنان. بۆیە لە هەر هەموارکردنێکدا لە یاساکاندا لە ڕووی یاساییەوە، دەبێ پێشتر بیر لەوە بکەینەوە کە چەندە ڕەچاوی ڕەهەندەکانی دیکەیمان کردووە، ئەو ئاکامانەش چین کە ڕەنگە هەموارکردنی یاساکە بەدوای خۆیدا بیانهێنێت، خزمەت بە کوێی کۆمەڵگە دەکات و ئایا هەموارکردنەکە پێویستە و کێشەکانی پەیوەست بە یاساکە چارەسەر دەکات؟ ئایا یاساکە بەو تێکستەی ئێستای کێشەی بۆ خێزان و خەڵك دروستکردووە؟

ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەوەی کە پەیوەستە بە دیوە یاساییەکەی کاری من نەبێت، بەڵام پێش خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانە، سەرەتا لە ڕوانگەیەکی سیاسی و گشتییەوە دەمەوێ سەرنجتان بۆ چەند خاڵێك ڕا بکێشم:

١. بەسیاسیکردنی پرسە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان، پێشهاتێکی خراپە و ئەم پێشنیازی هەموارکردنە هێندەی دیوێکی سیاسیی هەیە، هێندە کۆمەڵایەتی و یاسایی نییە، سەفقەیەکی سیاسییە لە نێوان بەشێك لە هێزە سوننی و شیعییەکان و درێژبووەوەی ململانێیەکی تایفی و مەزهەبیی دێرینە، بەڵام لەسەر حیسابی ماف و هەست و دنیابینیی گەلانی دیکەی عێراقە. زۆرینەی ڕەهای هێزە شیعییەکان خەریکی بنکۆڵکردنی فدراڵییەت و سازانی نیشتیمانین بە ئامانجی دروستکردنی ولایەتێکی فەقیە.. بۆیە ئەم هەموارکردنە پێشنیازکراوە زیاتر پەیامێکی سیاسیی خۆسەپێنی زۆرینەیەکی مەزهەبییە، دەیانەوێت سوود لە فەراغی بوونی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرن و بە دروستکردنی ئەم کێشمەکێشمە بەردەوامی بەو

باردۆخەی ناو پەرلەمان بدەن و هێز و پەرلەمانتارەکان بەو باسە ناکاتییەوە سەرقاڵ بکەن.

٢. ئەم پێشنیازە باش ڕوونی کردەوە، کە شتێك نییە بەناوی کۆمەڵگەی عێراقی، بەڵکو چەند کۆوەبوون (تجمع - Aggregation)ێکی تایفی و مەزهەبی بە ناوی شیعە و سوننە، ئێتنۆگرووپێکی نەتەوەیی و ئایینی دیکە هەن و ئەمانە نەیانتوانیوە بە یەکەوە وەك پێویست هەڵ بکەن و بارودۆخێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەوانی بە ناچاری بەیەکەوە کۆ کردووەتەوە.

٣. باشە دەپرسم چۆن دەکرێت بابەت و پێشنیازی هەموارکردنێکی وەها گرنگ و هەستیار لە دەرەوەی لیژنەی ئافرەت و منداڵ و خێزان پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت و بخرێتە تاوتوێکردنەوە، ئەم کارەی فراکسیۆنی زۆرینەی پەرلەمان پێی گوتین کە بەشێکی زۆر لە لیژنەکانی پەرلەمان هیچ بەها و ڕۆڵێکیان نییە، خۆی دەبوو ئەم پێشنیازە بە فلتەری لیژنەکە و ژمارەیەك تاوتوێکردن و تەنانەت ڕاپرسی و زانینی ڕای خەڵك لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا تێبپەڕێت.. ئەگەر کارەکان بەو جۆرە بن پەرلەمان لە جیاتی خزمەتکردن بە پرس و کێشە و پێداویستییەکانی خەڵك و دیموکراسی، دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ پتەوکردنی پایەکانی دەسەڵاتخوازی و مەزهەبگەرایی.

لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە پێتان دەڵێم، کە هەموارکردنە دەبێتە هۆی:

١. زیادبوونی ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختە و لە تەمەنی زوودا، کە لە ئێستادا بەپێی داتاکانی دادگاکان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی زۆری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

٢. وازهێنان و دابڕانی کچان و ڕەنگە کوڕانیش لە خوێندن زیاد بکات.

٣. ڕەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی منداڵی ناکام، بەتایبەت ئەگەر کچەکە لە تەمەنی زوودا شوو بە پیاوێکی بەتەمەن بکات.

٤. زیادبوونی فرەژنی، کە ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆکارێك بۆ زیادبوونی ناپاکی لە نێوان هاوسەراندا و بەشێك لە ژنان وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لە پیاوان دژیان بەکاری بهێننەوە.

٥. ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونیی خێزان تێك دەدات بەهۆی زیادبوونی مەیلی تاکگەرایی.. زۆرجار دایك و باوك ڕازی نابن بە بەشوودانی کچەکەیان و نیگەرانن و پێشبینی داهاتوویەکی باش ناکەن، ئیدی ئەم هەموارکردنە دەرچەیەك بۆ کچەکە دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە قسەی دایك و باوکی دەربچێت و کێشە دروست ببێت، ئیدی دایك و باوکی پاساوێکی یاساییان بەدەستەوە نامێنێ بۆ ئەوەی ڕێگری لە بڕیارێکی ناوەخت و ناعەقڵانی و هەڵپەی کچەیان بکەن.

٦. دیاردەی ڕۆشتنی کچان و بەدووکەوتن ڕەنگە زیاد بکات و ئەم یاسایە بکەنە پاساو و پاڵپشت بۆ داکۆکیکردن لە قەزییەکەیان.

٧. دەرگاکردنەوەیە بە ڕووی شەرعییەتدان بە جۆرەکانی دیکەی هاوسەرگیریدا، کە نامۆن بە دابونەریت و کلتووری ئێمە.

٨. جیاوازی لە نێوان تەمەنی هاوسەراندا زۆر دەبێت، جیاوازیی تەمەنیش جیاوازیی بیرکردنەوەشی لەگەڵدایە، بۆیە ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی سەقامگیریی خێزان پارێزراو نەبێت و کێشە خێزانییەکان زیاد بکەن و منداڵان و پەروەردەیان لە دۆخێکی خراپدا بن.

٩. ڕۆیشتن بە پێچەوانەی ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی سەردەم و ڕۆژگارەوە، ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین پسپۆڕان باس لەوە دەکەن کە دەبێت بە پۆلێنبەندییەکانی تەمەندا بچێنەوە، ئەوەی پێشتر تا تەمەنی خوار ١٨ ساڵی هەرزەکار بوو، ئێستا زانکۆش تەواو دەکات و تەمەنی چووەتە سەرووی ٢٢ ساڵ، کەچی بیرکردنەوەی هەرزەکارانەیە.. کەواتە ئێمە لە جیاتی ئەوەی تەمەنی هاوسەرگیری زیاد بکەین، دێین کەمی دەکەینەوە و دەیکەینە سەرچاوە بۆ کێشە و ئالنگاریی گەورە.. لە جیاتی ئەمە بۆچی سستمێکی پەروەردەکردنی باش بنیاد نەنێین و کێشەکانی پەیوەست بە لادان و مەیلە سێکسییەکان ڕێك نەخەین!

١٠. ڕەهەندێکی نێرسالار و پیاوسالارانەی تەواو لەسەر حیسابی ژنان و منداڵان بە هەموارکردنەوەکەوە دیارە.

لەو ڕووەکە چی بکرێت باشە بۆ ڕێگریکردن لە هەموارکردنی یاساکە، بەو پێیەی هەر وەك لە سەرەتادا باسم کردووە، ئەجێندایەکی سیاسی لەپشت ئەم پرۆژەیەوە هەیە و ڕەنگە تەڵەیەکیش بۆ بێت سەرقاڵکردنی هەندێك لە حزبە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانیان لە پەرلەمان بە بابەتی لاوەکییەوە، لە پێناو ئامانجی سیاسی دیکەدا، بۆیە بە باشی نازانم حزبە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەوانەی تەمسیلی دەسەڵاتێکی فیعلی دەکەن لە هەرێمدا، ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی فەرمی بەهۆی هەستیاریی بارودۆخی سیاسییەوە، توخنی ئەم بابەتە نەکەون. دەبێ لە ڕێی ڕێکخراوە مەدەنی و کەسایەتییە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان و ئەکادیمی و چالاکوانانی مەدەنییەوە، ئەوانیش لە ڕێی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و مافی مرۆڤی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە، فشار بکەن و دەنگی ناڕەزاییان بگەیەنن.

**لە هەر هەموارکردنێک لە یاساکاندا لە ڕووی یاساییەوە، دەبێ پێشتر بیر لەوە بکەینەوە کە چەندە ڕەچاوی ڕەهەندەکانی دیکەیمان کردووە**

**چۆن دەکرێت بابەت و پێشنیازی هەموارکردنێکی وەها گرنگ و هەستیار لە دەرەوەی لیژنەی ئافرەت و منداڵ و خێزان پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت و بخرێتە تاوتوێکردنەوە**

**ئەجێندای سیاسی لەپشت ئەم پرۆژەیەوە هەیە و ڕەنگە تەڵەیەکیش بێت بۆ سەرقاڵکردنی هەندێک حزب و فراکسیۆنەکانیان لە پەرلەمان بە بابەتی لاوەکییەوە، لە پێناو ئامانجی سیاسی دیکەدا**

فەرهاد محەمەد

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# ئەحکامی فیقهی ئیجتیهادی زانایانی ئیسلامە بۆ سەردەمی خۆی و ناکرێت بە ئاستی دەقی قورئان پیرۆز بکرێن



فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «هەموار کردنی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی» بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

یاسای باری کەسیی عێراق ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، دوای پێشنیاری فراکسیۆنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بۆ هەموارکردنەوەی، کۆمەڵگەی عێراقی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کردووە، بەرەیەك دەیەوێت هەموار بکرێتەوە بەو شێوازەی کە خۆیان دەیانەوێت یاساکە ببێتە چوارچێوەیەك بۆ جێبەجێکردنی ئەو دوو مەدوەنەیەی وەقفی شیعی و سوننی کە شەش مانگ دوای تێپەڕاندنی هەموارکردنی یاساکە تێدەپەڕێت، بەرەیەکیش هاوپەیمانییەکیان پێك هێناوە بە ناوی هاوپەیمانی ١٨٨ دەیانەوێت یاسای باری کەسیی عێراق وەك خۆی بمێنێتەوە و دەستکاری نەکرێت.

کە ئەم دیمەنە سیاسییەی ناو ڕای گشتیی عێراقی دەبینیت، بیرکردنەوەت بۆ ئەوە دەچێت کە یاسای ١٨٨ یاسایەکی مۆدێرنی هاوچەرخە، بۆیە چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادیخوازان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەو جۆرە داکۆکیی لێ دەکەن و، نایانەوێت ئەو یاسایە دەستکاری بکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە یاسای ١٨٨ ماوەی ١٦ لە کوردستان کاری پێ ناکرێت و دوای هەموارکردنەوەی بووەتە یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ و ژمارەی ماددەکانیشی لە ٩٤ ماددەوە کەم کراوەتەوە بۆ ٢٨ ماددە.

ئەم هەڵوەستەکردنە ئەوەمان پێ دەڵێت، یاسای ١٨٨ خۆی یاسایەکی کۆنە و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت و ماوەی ٦٥ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام ترسی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەوەوە سەرچاوە گرتووە کە ئەم هەموارکردنە، مامەڵەکردن لە پرسەکانی باری کەسیی هاووڵاتی عێراق دەباتەوە بەردەم ئەحکامەکانی فیقهی جەعفەری و فیقهی مەزهەبەکانی دیکەی سوننە، کە مێژووی ئەم فیقهانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی کە دەکاتە سەدەی حەوتەمی

زایین، کە دەکاتە نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا.

چەمکی فیقهی ئیسلامی کە لە ناو فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا بۆ ماناکەی دەگەڕێیت بەم جۆرە تەفسیر کراو «الْفَهْمُ للشيء والعلم به، وفهم الأحكام الدقيقة والمسائل الغامضة» ئەمەش واتە تێگەیشتن لە شتێك، تێگەیشتن لە ئەحكامە وردەکان و پرسە نا ڕوونەکان»، کە دەیکەیت بە زمانی ئینگلیزی دەبێتە «Islamic Jurisprudence» کە دەکاتە «فەلسەی ئیسلام بۆ یاسا»، ئەم ئاراستەیە بە بۆچوونی سەردەمییانەی یاسا ئەو مانایە دەگەیەنێت، مادام ئیسلام «قورئان و سوننە» چوارچێوەیەکن بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە ئەحكامە وردەکان و پرسە نا ڕوونەکان، ئەوا وەك محەمەد شەحرور بیرمەندی ئیسلامی دەڵێت: «دەبێت لە هەموو سەردەمێکدا وا بیر بکەینەوە کە پێغەمبەر «د.خ» ماوەی هەفتەیەکە کۆچی دوایی کردووە و، هیچ ئەحكام و مەزهەبێك نییە، دەبێت لە چوارچێوەی (قورئان و سوننەت) جارێکی دیکە بیر بکرێتەوە و لە وردەکارییەکانی سەردەم تێبگەین و لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوانەدا یاسا بۆ سەردەمی خۆمان دابنێین».

لەسەر ئەم پرسە عەبدولعەزیز بەلقزیز بیرمەندی دیاری مەغریبی دەڵێت: «کێشەی ئێمە لە جیهانی ئیسلامیدا ئەوەیە کە ئەحكامی فیقهی مەزهەبە جیاوازەکانمان لە سەرووی ئاستی دەق (دەقی قورئان) پیرۆز کردووە، وەك ئەوەی ئەو ئەحكامانە دەقی ئاسمانی بن و قابیلی گۆڕانکاری نەبن، ئەمە لە کاتێکدا ئەو ئەحكامانە ئیجتیهادی مرۆڤێکە بۆ تێگەیشتنی لە دەقێکی پیرۆزی قورئان، وەك پێغەمبەریش (د.خ) پێمان دەڵێت ئەوەی ئیجتیهاد دەکات مەرج نییە ئیجتیهادەکەی ڕاست بێت، بەڵکو جاری وا هەیە هەڵەش دەکات، وەك دەفەموێت «إذا حكم الحاكم فاجتهد ثم أصاب فله أجران، وإذا حكم فاجتهد ثم أخطأ فله أجر»، ئەمەش مانای وایە مەرج نییە هەموو کاتێك دادەر یان زانای فیقهی لە ئیجتیهادەکەیدا سەرکەوتوو بێت، بۆیە مرۆڤە و دەکرێت هەڵە بکات» .

یاسای ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ ش، پێش هەموو شت ئیجتیهادی کۆمەڵێك قازی و یاساناس و شەرع ناسە لە کۆی مەزهەبەکانی ئیسلام بە مەزهەبی جەعفەرییشەوە، هەموو ئەو ٩٤ ماددەیەی ئەو یاسایەی پێك هێناوە سەرچاوەکەی یەکێکە لە مەزهەبەکانی ئیسلام، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ٦٥ ساڵ پێش ئێستا یاساناس و زانایانی ئیسلامی «شیعە و سوننە» لە عێراقدا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی لە کۆی ئەحكامی مەزهەبەکانی ئیسلامدا یاسایەك دابڕێژن بۆ ئەوەی پرسەکانی باری کەسیی پێ ڕێك بخەن، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی لە عێراقدا بە شیعە و سوننەوە لە چوارچێوەی یاسایەکدا باری کەسیی خۆیان ڕێك بخەن و کۆمەڵگەکە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، یان وەك ئێستا وەك ئەوەی لەم پێشنیاری هەموارکردنەدا بە ئاشکرا کۆمەڵگەی عێراقی بەسەر ئەحكامی وەقفی سوننی و شیعەدا دابەش دەکات، لەمەش خراپتر ئەوەیە دادگاکان دەخاتە ژێر ئەحكامی مدەوەنەی هەردوو وەقفی سوننە و شیعە و دەبێت ئەحكامەکانی ئەوان پەسەند بکات، بە ڕاستی کارەساتێکی گەورە بۆ یاسا و دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقدا دروست دەکات.

دیاردەیەکی دیکە کە هەڵوەستەی لەسەر دەکەین و تووشی سەرسامی دەبین، ئەوەیە لە ناو کۆمەڵگەی شیعە و سوننەدا هاوسەرگیریی تێکەڵاو هەیە، ئەمەش بەو مانایەی ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا هەیە، جاری وا هەیە کچەکە سوننەیە و کوڕەکە شیعە و بە پێچەوانەشەوە و، پێکەوە بە هاوبەشی خێزانێك دروست دەکەن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئەحكامی مەزهەبەکان بە چوار مەزهەبەکەی سوننە و مەزهەبی ئیمام جەعفەری شیعەشەوە، بە شەرع ڕێگەی ئەوەی دابێت کە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە بە هاوبەشی بناغەی خێزانێك دروست بکەن و پێکەوە منداڵێکی هاوبەش «النسب المشترك» لە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە بێتە دنیاوە، ئیدی بۆچی دەبێت یاسایەك دژی ئەحكامی ئیسلامی هەبێت کە پێکەوە کاروباری باری کەسی هەردوو مەزهەبەکە ڕێك بخات.

کەواتە ئەم پێشنیارەی فراکسیۆنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ١٨٨ هیچ پەیوەندیی بە یاسا و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەڵکو هاندەرێکی سیاسی لە پشتەوەیە، کە ئامانجی بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە و سەپاندنی هەژموونی شیعە گەرایی و پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەی موسڵمانە، کە پەروەردگار پەرتەوازەیی ڕەت دەکاتەوە و فەرمانمان پێ دەکات «وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا».

**ترسی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەوەوە سەرچاوە گرتووە کە ئەم هەموارکردنە، مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی باری کەسیی هاووڵاتی عێراق دەباتەوە بەردەم ئەحكامەکانی فیقهی جەعفەری و فیقهی مەزهەبەکانی دیکەی سوننە**

**ئەم پێشنیارەی فراکسیۆنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ١٨٨ هیچ پەیوەندیی بە یاسا و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەڵکو هاندەرێکی سیاسی لە پشتەوەیە**

**ئەم هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسییە دادگاکان دەخاتە ژێر ئەحكامی مدەوەنەی هەردوو وەقفی سوننە و شیعە و دەبێت ئەحكامەکانی ئەوان پەسەند بکات**

Gulan Weekly
November 2, 2024 Issue,No.1428



# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت



- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی ـــ٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.

**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com


**Contact with us :**


07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media